# دووايين ههستی ترسناک

سةرهةنط جةمال

رِؤمان

ناوی کتێب : دووایین هەستی ترسناک
نوسینی : سەرهەنگ جەمال
بابەت : رۆمان
بەرگ: هیوا محمد
چاپ : دووەم
ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی 2175 ساڵی (2013)ی پێدراوە
تیراژ : 500
نرخ : 2000 دینارە
چاپخانە : کاروخ

## بەشی یەکەم

دەنگێك هەمیشە گازم دەکات، لێی حاڵی نیم. لە هەر شوێنێك بم، لەنێوو خەڵکی، لەکۆڵان و لە نێوو کۆمەڵدا، هەستی بیستنم لە تاویدا خەریکە دەتەقێ. نازانم لێی دەترسێم یاخود نا!. ڕامدەکێشێت و پەلکێشی نێوو تەنیایم دەکات. لێم ناگەڕێت و شۆرم دەکاتەوە نێوو خەیاڵ و بیرەکانم. پێم دەڵێت "تۆ هێشتا

زیندوویت تـڕحێوو! دەترسێی وانیە، ئەگەر وێنجەت لێ پڕاوە شیری ماکەر هێشتا زۆرە، کەواتە شیاوی بوون و ژیانیت، تڕحێوو......!"

چەندین ڕستەی سوك و ڕسواکەر کە هەمیشە خەریکن سەرکۆنەم دەکەن. چەند ڕستەی دیکەش کەمن لێیان حاڵی نیم.....

پێم وایێت ئەم ڕستانە بەشێکن لە من، یاخود هاتو ونەتە نێوو بازنەی داخراوی بو ونی منەوەو دەیانەوێت لە نێوو ئەم بازنەیەدا، ئازادم بکەن. لە وەتەی ژیانم کردوە ئەم ڕستانە وەکو سێبەرێك بەدووی بەدەنی عەقڵ و بیرمدا هاتو ون و لە هەست و نەستمدا خۆیان دەرخستو وە. ئەو دەنگەی گازم دەکات ، دەیەوێت بە دوای کەوم و لەناخی مندا خەفەبو وە. هەرچی هاوار دەکات، پەلی بو ونم ڕادەکێشێت. وەلێ من سەرسام بوومەو لێی حاڵی نیم، لێی تێناگەم. ئەم دەنگانە لەمن تێدەگەن و دەیانەوێت لە هات و هاوارو بو ون و ژیان و مردن، و لەنەبو ون ئازادم کەن. دەیانەوێت لە بێ مانایی دەرەوەو وجود کەمن تێیدا ئەبلەق بو ومە حاڵیم بکەن. من ئیتر دەبێت لەو دەنگانە حاڵی بم و لێیان تێ بگەم...

ئێستا دەمەوێت چ بکەم نازانم! لەوانەیە دەمەوێت خۆم فڕێ بدەمە خوارەوە نا.... جارێ دەمەوێت لانیکەم لەو دەنگانە حاڵی بم. وێدەچێت خەریکی نوسینەوەی بێ دەنگی بم ، کە خەریکە بە هێواشی قوتم دەدات. دەنگی دووری ترۆمبیلەکان لە دەرەوە هەست پێ دەکەم. دەنگی خەڵکی، قریوە قریوی جۆراو جۆری باڵندەکان، گیاندارەکان هەست پێ دەکەم. هەموو سێبەرەکان دەبینم، ئەوانەی کە جەستەو تەنە جیاوازەکان بە دووای خۆیانەوە ڕادەکێشن و تارمایەکانیش بە دووایان کەوتوون. لەهەندێ شوێندا تیژو نامۆن، لەسێبەری مەرگ و شەیتان دەچن. دەڵێی ئەو سێبەرانە تەواوی بوونن و لە مرۆڤەکاندا کایە دەکەن.

ئەمێستا حەوتویەکە لە فەڕەنگم، تەواوی حەوت ڕۆژ لە پەنجەرەی ئەم وەتاغەمەوە کە قاتی بی ست و ئەوەندەهەمی ئەم باڵەخانەیە پێك دەهێنێت، تەماشایی هەموو شوێنێکی ئەم جەهەنەمە دەکەم.

جەنجاڵی خەڵك، ماتۆر سوارەکان و ترومبێلەکان ، هەموو ئەو کەسانەی کەبە پیادە دێن و دەچن دەبینم. حەوت ڕۆژو هەشت شەوە من ساردو سڕی ئەو باڵەخانانە هەست پێدەکەم، کە دەیان بینم. هەموو ئەو بنمیچ و کەلێنانە هەست پێدەکەم کە هیچ جۆرە هەست و ژیانێکیان تێدا بەدی ناکرێت.

من خۆ نازانم بۆچی گەیشتومەتە فەرەنگستان، هەرکە بیر دەکەمەوە ئەژنۆکانم لەترسان دێنە لەرزین. سست و بێ هێز دەبم. ئایا لەترسان هەڵاتووم و دەمەوێت بچمە کوێ؟ لەچ شوێنێك خۆ حەشاردەم و بە کەڵکی من دێت !؟ نا...ئیتر دەربازم نابێت. ئەو شتەی کە هەستم پێکردو لە ئاکام پەیم پێ برد، سەراسەری ژیانی منی نامۆو هیوا بڕاو کرد...!

گرێیەك کەلە ئاڵقەی ژیانی من درابوو، هەر لەخۆوە پچڕاو نهێنی گەلێکی ئاشکرا کرد، کەتامی ژیانی، لە زاری تەمەنی من تفت و تاڵ کرد. دروست حەتو ویەکە سەرگەردان لە فەڕەنگ کەوتو وم و خۆم شاردەوەتەوە. من ویستومە لە خۆم ڕابکەم و لە خودایەك کە دەمندا بەدبەخت خۆی حەشارداوەو چەندین جاریش سەرکوت و سوکایەتیم پێ کردووە! ئەمەش لە ئەنجامی عەقڵی ئاگایی و شو ومی من بووە، کەلە هەر زەمەنێکدا بوبێت هێزی هۆشداری نەفرینی من توانیوویەتی بەئاگا بێت و داخی دڵی تەواو کات.

ململانێی هۆشی من لەگەڵ ڕۆحمدا هەمیشە تیژو تەرت بو وەو من ماندو وبوومە لێیان، من لە ئاکام نەگونجان و پێك نەهاتنی ئەواندا، فەوتاو و تەفرو تونا بووم.

ئیستا کەهاتومەتە فەڕەنگستان، نا...ئێستا کەڕام کردوەو هەڵهاتو وم، دەمەوێت ئەو هەستە تاریك و ترسناکەی کەلە ئاکام پەیم پێ برد ، بنووسمەوە. بۆ ئەوەکە داخی سەر لێشێواو و زەمەنی پچڕ پچڕی خۆم ، کە لەمندا وەك خودا بو وە فڕێ بدەم. لە ئاکام دەمەوێت دواین هەستی ترسناکی ڕاستەقەینەی خۆم بنووسمەوەو ئەوەی کە بەسەرمدا هات و دواینجار هەستم پێی کرد، بە وشە دەربڕم . بۆ ئەوەی لانیکەم نیووەی مەراقی خەفەبو وی ئەم هەستەم بۆ ڕاحەتی ویژدانی تەمەنم ڕو ون بکەمەوە، تاوەکو نیوەکەی تری هەمدیسان تەواو و سوکایەتی پێ دەکەم. هەر بە هەمات هەوەس و دەس تۆری زەمەنی پێشوو. گرنگ نیە کەس بڕوا نەکات، یا تەنیا کەسێك بڕوا بکات، یا هەر هیچ کەس. من خۆ بۆ ڕاحەتی تەمەنی خۆم دەستم بە نوسین کردووەو دەمەوێت بنووسم.

ئەو نهێـنـیەی کە هەسـتم پێ کرد، ئەوەی کە لەپشـت بیرو ئاگایی چا لاکمدا چنگڵی دەداو خۆی دەردەهاویشتە وجـودمەوە، بـەوردی بنو وسـمەوە، ئەوەی کەئێسـتا بە تەواوەتی لەیادم بێت بۆ خۆمی دەنووسـمەوە، گرنگ نیە کەسێك باوەڕ نەکات!.

من کاتێك لە خاك و ئاو و شـوێنی باو و باپیرانمدا دەژیام ، چەند ڕوداوگەلێکی گرینگم لە ژیانی خۆم دا دیت، کە کاریگەری لەسـەر بیرو فکرو ئاکاری مندا بەجـێ هێشـت. لەنێوو یەکێك لەو ڕوداوانەدا کە منی تێیدا تەفرو توناو پەرت بوو، بە باشـی لەیاد دێت. ئەمێسـتا کەبیری لێ دەکەمەوە تەواوی گەردیلەکانی بو ونم نەفرەت و توکی لێ دەکەن.

هەسـتی ئەوین و عاشـق، کەمنی تێدا زیندانی ببوو، بو وە هۆی ڕزین و پوانی ڕۆحی هەسـت و عاشـق بوونی من، و بەرەو جێگاو شـونێکی دیکە ڕەوانەی کردم، بەرەو عالەمی فکرو بیرکردنەوە لــە سروشـت و وجــــود، ڕووەو وجود، لە هاتنە بوون و لە نەبـوون. بـەشـتی پرو پـووچی ڕاسـتـەقـینە ئاشـــــنا کرد.

عیشـق،عیشـق، چ عیشـقـێ...! تەلیسـمی ئاگرینی سـوتاندنی ڕۆح و خـوڵـەمێشـی زەمـەن، و چـك چك ڕاکێــشـانی کات و قو وتدانی لەلایەن قورگی دێو وەزمەی ڕابـردوو، و چك چك کێشـانی گیانی چرکەکانی داهاتوو و سپاردنیان بە گۆڕی مێژوو ، هەرواو لە خۆرا. لێدانی ترپەی دڵ بەبێ بایەخ ، هەناسـەدان بەبێ ئاگاو تروو‌کاندنی چاو بەبێ هەسـت. جوڵاندنی بەدەن بێ ئاڕاسـتەو لە خۆوەو لەناکاو. هەڵلوشـینی ژیان بەبێ تام، بە تاڵی لە زاری بو ونمدا ڕۆدەچوو. عیشـق دەبزواو بەدەنی هەموویـانی لە خۆیدا کورت دەکردەوە. بـەدەنی چێژ، بەدەنی بو ون، بەدەنمی لە خۆیدا هەڵدەواسـی و لە چەقیدا لە خاچی دەدام. من لە کانیاوی ئەوینی عیشـقدا ئاوی هەسـتم دەخواردەوەو بەدوولەکانی ڕۆحمدا عیشـقاو دەچۆڕا.

ئەوم خۆش دەوویسـت. دەمبینی، هەموو چرکە سـاتێك، هەموو زەمەنێك و هەموو خەوێك. لە تروو‌کاندنی چاوێکدا چەندینجار دەمبینی. لە ڕاسـتیدا ئەو هەموو چرکەیەك بوو لە داهاتوو،لەو کاتەمێری بوونی مندا لێی دەدا. لە دەوورو بەری فەزای مندا هەموو شـتـێك هەر ئەو بوو، مرۆڤ و بەردو هەواو سێبەرو هەموو شـتێکیش وێــنەی ئەویان نیـشـانی من دەدا. هەموو ژیانی ڕەهای من، هیواو ئامانج و ئاوووکانم لەودا تەواوببوون. یـاخوود هەموو ژیانی من زەڕەیەك بوو ولە یەکێك لە شـوێنە بەرینەکانی ناخی ئەودا ون ببوو. من جگە لەو و جگەلە چــاوەکانی و لێوەکانی، هیچ شـتێکی تــرم لـە ژیاندا هەسـت پێ نەدەکرد. ئایا ئەویش منی خۆش دەویسـت!!؟

وتـم:

_خۆشـم دەوێت.

وتم:

_وەرە بـا بـۆ هـەمـیشـە پـێکەوە بین...

وتـم:

_وەرە با مـن سێبەرێــك بم وەکو ئــاسـمان لە هەمـوو جێگەو شـوێنێکدا لەگەڵــت بم، بە دو واتەوە بم. لە ئاوێنەی ئاوێکدالە ژێر پێتدا بم. درەختێك، باڵندەیەك، گیاندارێك شـتـێك بم کە دێتە پێشـچاوت. من دەتوانم وەکو ئاو بە هەموو بنمیچێکی خۆشـی و خۆش بەختی و هیوایەك بتگەیەنم.

وتم:

_دەتوانین وەکو باڵندەیەك بە هەموو ئاسـمانێکی شـادیدا بفڕین، ئەگەر منت هەبم .

دەمووت:

_ئەگەر هی من بیت، دەتوانین پێکەوە چەندین دەشـتی سـەختی کاکی بەکاکی ئازارو حەسـرەت و بیابانی وشـکی غەمەکان ببڕین و تەم و سـارد و سـڕی ئەشکەوتەکانی غوربەتی دەروو بەریش لە یادبکەین و بەلوتکەی ئومێدی خۆمان بگەین بۆ هەمیشـە!

دەمووت:

_دونیام تایکە، تاریکی تاریك.تۆ خودی ڕوناکیت، دەهێڵی ڕوناکیم بێتەوە، یانی ژیانم لەو تاریکیەدا بهێنیتە دەر...؟

وتی:

_نــا...!

وتی:
_تۆ هێشتا ساویلکەیت و ناتوانیت لە پێستی ژیانی خۆتدا سەرت بهێنیتە دەر. تۆ وەکو چۆلەکەیەکی پەڕو باڵکراو لەچڵی ڕۆژێکەوە دەفریتە سەر چڵی ڕۆژێکی ترو ناتوانیت بە دارستانی هەمیشەیی داهاتوو بگەیت. نا تۆ هێشتا ساویلکەیت!.
دەیووت:
_عیشقی من دەریایەو مەلەکردنی تۆ هیچ سودێکی نیە. شەپۆلەکانی عیشقی من، تۆ بە کەنارەکانی مەرگ دەگەیەنن و دەتسپێرن بە خاك. دڵۆپێك لە دەریای ئەوینی من بەسە بۆکوشتنی تۆ.
دەیووت:
_قوڵایی عیشقی من هەناسەدانی تێدا نیەو لەوێدا دەخنکێیت، عیشقی من ژەهرەو لە نێو وت دەبات. عیشقی من شووشەیە، بەڵایەکت بە سەردا دێنێت. عیشقی من بەڵایەدەبێت پەرستشی بۆ بکەیت. دەنا تەفرو تونات دەکات، تۆ تێناگەیت......نا
دەیووت:
_تۆ تێناگەی
دەیووت:
_هەرچی و پەرچی..!
وتم:
_ با، بۆچی دەتوانم!؟
نا، ئەسڵەن هیچم نەووت و هیچی نەووت. هەموو ئەمانە لە چرکەیەکدا بوون و لە خەیاڵمدا ڕوویاندا. چەندین هەزار خەیاڵ لە پشت پەردەی نەست و مێشکمدا سیناریۆی خۆیان شانۆ دەداو منیان سەرقاڵ دەکرد. نا، لە پشت خەیاڵاتی مردا ژیانێکی دیکە هەبوو. ژیانێك سروشتی تر لە بوونی خۆم.
هەموو چرکەسات و وەختێك، لە هەموو شوێنێکدا ئەووم لە دونیایی خۆم، و خەیاڵمدا دەدی و چەندین ڕوداو و ماچ و موچ لە نێوانماندا ڕوی دەداو من تێر دەبووم. تێری تێر دەبووم لە ماچ و لێوەکانیم هەڵدەمژی و تفیم قوت دەدا. ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنمان چەندینجار تێکەڵ دەبوو. دواییش هەموو گەردێکی جەندەکی ماچێکی منی تێ دەسرەوا.
وەلێ ئەوی ڕاستەقینە هەر دەرنەدەکەوت، یاخود کەم دەردەکەوت و دڵی منی پێ شەق دەکرد، لەهەمانکاتدا زیندوی دەکردەوە. داخوا دەیزانی کاتێك کە دەردەکەوێت چەند هەزار تیرێك لە کەوانی نیگاکانی منەوە دەردەچن و چاو لێوو بەدەن و عیشق و ئەوینی وی دەپێکن. ئاخۆ دەیزانی کەمن لە تینویەتی بینینیدا مردووم....!؟
جارێك ئەوم دیبوو لە حەوشەکەیاندا، وەکو منداڵان یاری دەکرد. نێوو چاوانی ڕو و بەڕووی ئاسمان دەکردو پێدەکەنی. پێدەکەنی، من ئەوم دەبینی چاك پێدەکەنی. دواییە سەمایەکی فریشتانەی خەیاڵی دەکردو قژەکانی تێك دەدا، لە کاتێکدا من لەدووری حەفتا پێوەوە لەسەروو چی دیوارێکدا نیشانەیم لێ گرتبوو. ئەو سەمای دەکردو دیوارێك سنووری بە دەووری دا هێنا بوو، وەهاکە دەتووت ئەو شادیە، ئەو ئەوینە، ئەو مهرەبانیە لەو سنوورە تێپەڕ نابێت و تێکەڵ بە هەوای غەمناکی دەرەوە نابێت.
ئەو سەماکەرە دەستەکانی لەسەر کەمەری گیر دەکردو پاشان بەرزی دەکردنەوەو لە هەوادا بە حاڵەت و کەیفێکی تایبەتەوە دەیجووڵاندن و دوایش دەستی لە بەلەك و سنگی خۆی وەردەداو پێچی دەخواردەوە. ملی بەملاو لادا دەسووڕاندو خێرا هەردوو پێی بەرەو پێشەوەو بەرەو دواوە دەهێناو دەبرد. بە لەش و ڕەوتێك کە ئەو هەیبوو دەبزواو دیسانەوە پێدەکەنییەوە. هەوای غەمناکی دەرەوە کەڕۆحی عیشقی من پێکی دەهێنا، لە دەوروبەری ئەو سنوورەدا، ئەو دیوارە دا، بڵاو دەبووەوەو گەرد گەرد بە لاوازی بۆ پێشەوە دەبزوا. دەیەویست ئەو سنوورە....نا، ئەو شووورایە ببڕێ، بەڵام شادی نێووەوە سەدەفێکی پێك هێنابوو و کارکردن لێی مەحاڵ بوو. نەدەکرا ئەو سنوورە ببڕدرێ، نێووەوەی شادی وەکو ئاو ئاگر دەرەوەی خامۆش دەکردەوە. گەردیلەکانی هەوای تێك دەدا. من چاوەکانم نەدەترووکاند، لە خۆوە هەناسەدان درێژەی

بە بوونی من دەداو کـات لە دەوورو بەرمدا تێدەپەڕی. من هەسـتم نەدەکرد کە کات و تێپەڕ بوونی زەمەن جۆرە پەیووەندیەکی بە منەوە هەیەو دەسـت بەرداری کات و سـات ببووم.

دواجار کاتێك چاوم ترو وکاند، جوڵەم کردو هەناسـەم دا، ئەو لـەپێش چاومدا نەمابوو. من ئیتر گەڕامەوە نێوو عالەمی خەیاڵ، بەدەنم سـو وك بوو و لەمن جـیابۆوە. ڕەگ و ڕیشـەی من، وەکو تۆپـەڵێك ئەندێـشـە، یـاخود مەشخەڵێك لە هەسـت، دو وا بــەدووای ڕووناکی لاوازی ڕۆحم دەکەوت و تیژ تێپەڕ دەبوو، کە چو ون خەرمانە دەردەکەوت لە ئاسـمانی تاریکی خەیاڵمدا..

وتم:

_یا، بۆچی دەتوانم!؟

لەنێوو ئاپۆرای خەڵکیداو هات و هەرایاندا دەسـتیم گرت و ڕامکێشایە پەناو پێم وت:

_تکایە لێم حاڵی ببە، من خۆ ناتوانم لە گۆشـەی ئەم ژیانەدا، بە تەنیا کات و بو ون و ژیـان بگوزەرێنم بەبێ تـۆ، عیشـقی تۆ منی لە بیر خۆشـی و چێژەکانی دونیا دوور خستۆتەوە. ئەگەر من هیوایەك، ئومێدێکم هەبێت بۆ ئەوەیە کەلە پشـت دوورایی چاوەکانی تۆوە دونیای شـادی خۆمم بیربێتەوە. دەزانم کە لەگەڵ تۆدایە دەتوانم بە کەناری خاکی عیشـقم بگەم و لە دڵی مەحەبەتەکانی تۆدا ژیان بکەم.

تۆ هیوای منی، ژیانی منی، چیتر من ناتوانم دوور لە بینینی چاوەکانی تـۆوە خـۆم بە داهاتووەوە سـەرقـاڵ بکەم. تـۆ لـە سـەرتاپای تابلۆکانی ژیـانی مندا دەردەکەویـت و ئـەو وێنانەش کەمن نیشـان دەدەن، تۆ تێیاندا ڕەنگەکانیت و ڕەنگگەلێکی تۆخ پێك دەهێنیت، زیاتر لە تۆخی ڕەنگەکانی ڕۆحی بو ونی من. لەو سـاتەدا، لەو زەمەنەدا کە چرکەکانی بە نێوو مندا تێپەڕ دەبن، تۆ خودی زەمەنیت و من بەشێکم لە تۆ. تۆ ئەگەر خودی داهاتووش بیت، من چرکەکانی زەمەنم و بەخێرایی بە تـۆ دەگەم. یـانی جگەلە تۆ، مــن داهاتو ویەکی ترم نیە. تکایە لێم حاڵی ببە، خۆ ناتوانیت بە چەند وشـەیەك لێم دەرباز ببیت. مـن کەلە وشـەکانی تۆدا گەورەترین مافی پشـکی ژیانم هەیە. ئەمەیە مەحەبەتی من بۆ تۆ، ڕەنگە ئەمە کایەی سروشـت بێت بۆ ئەوە کە ژیان درێژە بەبوونی خۆی بدات، چ من و چ تۆو چ کەسێکی دیکە، ناتوانی‌ن لێی دەرباز ببین. ئێسـتاش بەو شـێوەیە تەماشـام مەکە، دەزانی خۆ هەر بە دوواتەوەم و لێ ناگەڕێم....ها!.

چاوی لە خەڵکەکە بڕی بوو. چەندەها کەس لەو دەو ورو بەرەدا یــارییان دەکرد، ڕایـان دەکردو ڕایـان دەبوارد. خەڵکێکی زۆر بـۆ بەسـەربـردنـی وەختی خۆیـان، بۆ ئەم نێوچەیە هاتبوون. وە کو مێرووەکان و گیاندارەکان لەم وەرزەدا سـەریان دەرهێنابوو. ترومبیلەکان بـە درێژایی ڕێگاکـەو سـەوزایی دەشـت و نشێوەکـان دەبینران و بەهار خەڵکی شپرزە کردبوو. هەر بەو شێوەیە کە سـەرنجی خەڵکی دەدا وتی:

_لێم گەڕێ تەماشـامان دەکەن، شێـت و وێـت!.

من دەمەویسـت مـاچێك لەسـەر سـپـیەتی ملی جێ بهێڵم ، وەلێ ئەو سـوری خواردەوەو خۆی لە دەسـتم دەرباز کردو گەڕایەوە نێوو خێزانەکەی. لە دە وورو بەریاندا کەمێك خولامەوە، پاشـان لە دو ورەوە چـاوم لێی کرد. بینیم لەگەڵ دەسـتە کچێکدا خۆی بە کەیف و سـەماوە مژۆڵ کرد. من نەمدەتوانی بڕۆم، بەڵام حەزم دەکرد بچمە پەنای و بەگوێیدا بچرپێنم و دیسـانەوە پێی بڵێم خۆ شم دەوێیت. پاشـان دەسـتی بگرم و بۆ جێگایەکی دوور لەگەڵ خۆمدا ببەم، وەلێ نەمدەتوانی...!

دڵم ئەوی دەویســت و ژیانم بەبێ ئەو لەق بوو، ئەو وەکو تیشـکی خۆر دو ورایترین بنمیچە تاریکەکانی سـەرزەمینی دڵی حەسرەت و غەمگینی منی ڕووناك دەکردەوە، و دەیتوانی من لە پریشـکێکی خۆیدا بباتە شـوێنە نهێـنـی و نادیارەکانی چەقی نوری خۆیە وەو بۆ هەمیشـە لەنێویدا لەگەڵیدا بم. لـە ڕو ونکایی خۆیدا بمپارێزێت و بمکاتەوە بـە سـەرەتـایترین گەردیلەکانی جوانی، تــاوەکو دەبم بە ئەو و من لە شـوێنی ویدا ئەو بم. نەیدەزانی دڵم لە نێـوو دڵـیدا لێ دەدات و بیرەکانم دەکوژێنێـتەوە. هەسـتـەکـانم بەد وای هەسـتـەکانی دەکەون و ڕۆحم پەلکێشـی جەسـتەی وی دەکەن. لە جەسـتەیدا تامی خۆمم هەسـت پێدەکرد، تـامی منداڵیم لەگەردەکانی زەمانمدا تێکەڵ ببوو و ئەو و زەمانی تامی منیان دەدا. هـەسـتەوەرەکـانی بـو ونی ئەوم لە نــاو بوونی خۆمـدا هەڵـدەمژی. چـو ون تریـاك دوکەڵی تارمایی بیرەکانی، فکرەکانی، هەسـتەکانیم هەڵدەمژی و

به دەزوولەکانی ڕۆحمدا ئەو دەچۆڕاو تك تك منی پڕێك دەهێنا. من دروستکراوی توانەوەی بەشەکانی بەدەنی وی بووم و لەو دیوو پەردەی زەمەنەوە لێك جودا دەکراینەوە.

دڵم دەیویست ڕوداوێك یاخود تێك چونێك دروست ببێت، و خەڵکەکە شپرزە بن و من ئەو بفرێنم. جاروبار نیگایەکی نێوو چاوانی منی دەپێکاو منیش خێرا نیگاکەیم تێ دەسرەواندەوە . یانی من وەکو ئاوێنەیەك بووم، هەر تیشکێك کە لەوەوە دەرچووبا، خێرا من بارگاوی دەبو وم و هەموو تیشکەکانیم دەدایەوە. بەڵام نیگاکانی کەمتر لە چرکەیەکیان دە خایاندو نەدەمان. دوایی خەندەیەك، پێکەنینێك لێوەکانی دەقڵیشاند، یانی مانای ئەوە بوو کەئەو هەستی بە بوونی من دەکرد. من لە مانای ئەو پێکەنینەدا واتای خۆم شیتەڵ و لێك دەدایەوە، و چەندین مانای من لەو پێکەنینەدا دەردەکەوت. یاری دەکردو کەسێك گازی دەکرد، هەردوو لەپی دەستی بە هیواشی لە دوولای ڕوومەتی هەڵدەسوو و دەیووت:

_ئۆه......ئەوە هاتم!

هیچ ڕووداوێك ڕوی نەداو هەموو کەسێك لە شەڕابی خۆشبەختی خۆیاندا تا دەهات مەست دەبو ون و بەهەوا، بە نسرمی خاك، بە سەوزایی گژوگیا، بە سروشت کەیفیان دەهات و من لە بەرابەریاندا بەگژ سروشتدا دەچووم و لە داخاندا خۆمم وە بیر دەکەوتەوە...!؟

ئەو دەرنەدەکەوت، چەند سەعاتگەل، چەند ڕۆژگەل لەپەنا دیوارو لەبن سێبەری درەخت دادەنیشتم و پەڕەکانی ژیانم هەڵدەوەراند، تەمەنم سەرف دەکردو یاریم بە چارەنوس دەکرد، بەڵام ئەو هەر دەر نەدەکەوت. ئەگەر جارێك دەرکەوتبا، لە ڕاستیدا وێدەچێت ئەو هەمیشە دەرکەوتبێت و من لە ژیانی خەیاڵدا بووبم. ئەگەر جار جارێك ئەو دەرکەوتبا من لە سوچی دیوارو لەبن سێبەری درەخت، لەژێر سایەی خەیاڵدا خەوتومەو ئەوم نەبینیبێوە. وێدەچێت تێر تەماشایی کردبم، بانگم کردبم و پێی وتبم ئەم بو ونەوەرە، ئەم بنیادەمە بۆچی ناجوڵێت!؟ وێدەچێت خۆشی ویستبم. بەو حاڵە من ئەوم بە یەکێك لە ئادەمیەکانی ژیانی خەیاڵم دادەنا. داخوا ئەو چی؟، لەوانەیە ئەو منی بە یەکێك لە تیشکەکانی خەیاڵ دانابێت کەلە ژیاندا گیرساوەتەوە. ئەو بوونەوەری خەیاڵی من بوو، یانی من لە خەیاڵدا ژیانم لەگەڵدا سازکردبوو، وێدەچێت من بە بیری ئەو، خەیاڵێك بم لە بووندا. ئایا کاممان ڕاستیمان دەپێکا!!؟.

من و ئەو هەر دووکمان دوو دیوی "بوون" یاخود ژیان بووین، ئەو و من یەکێکمان لە ژیاندا بووین..!.

بەیانیەك کەخۆر خۆی نیشانی ژیان دەدا. ڕوناکیەکی ساف و سروشتێکی ناکۆتای دەداوە. تیشکەکانی وەك تەلیسمێکی تیژ ڕووەو هەوای ژیان دەهاتن. شنە شنی هەواو و نەرم پێکدانەهاتنی وەك ئەوەکە خودا نەفرەتی لێ کردبێت بۆ ساتێك لە زەوی دو ور نەدەکەوتەوە. لە ڕۆحی هەوایەکەدا شادیەك هەبوو کە بە جەنەتی مرۆڤەکاندا دەچوو و د ووبارە تەڕو پری دەکردنەوە. سەرلەنوێ لە ئارەزووەکانیاندا گێژی دەکردنەوە.

من دانیشتبووم و تەماشایی ڕۆخی ئەو شۆستەیەم دەکرد، کە چەند گوڵێك سەریان دەرهێنابوو و هەوای سروشتیان هەڵدەمژی، لە دو ورەوە دوکەڵی کارگەکانی شار دەبینراو دەنگی ئافرەتێکیش دەبیسترا کە مندالەکەی خۆی بانگ دەکردو هەڕەشەی لێدانی لێدەکرد. م وحەمەدی زەردەشتی هەروا گوێی بۆ دەنگی ئەو ئافرەتەیە هەڵخستبوو و دەتکوت بەو دەنگەدا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ساتەکانی سەردەمی منالی خۆی، پاشان وتی:

_چی وت؟

_کێ؟

_میترا! وتم:

_هیچ، یانی وتی خەڵکی چاومان لێ دەکەن و پێی وتم هەرچی و پەرچی!؟.

_ئەی تۆ...؟ تۆ چیت وت؟

_نازانم!

محەمەدی زەردەشتی تەماشایەکی کردم و هیچی تری نەو وت. هەستی کردبوو کەمن ڕەنگی غەمم لێ نیشتووەو خەریکە وەکو ڕۆژێکی زەردو سست لە ئاسۆی ناخی مەراقمدا ئاوا دەبم. زانیبو وی بوومەتە ئەو

باڵندەیەی کە بێ پەنا هەر لە فڕیندایەو هیچ کونجێك، هیچ کەلەبەرێك شـك نابات تێیدا بنیشێتەوە، شەکـەت و مـانـدو بووەو لەئاکامدا ڕو وەو مەملەکەتێکی سەرابی و ڕو وەو نێوچەی مەنفابو ون، لە مەغریبێکی ڕەنگ بزرکاو و سـو وردا لەشەقەی باڵ دەدا، بێ ئومێد دەفڕێ!، هەسـتی کردبوو کە من لەو بڕیادەمەم بەدیار تـوانەوەی خـۆی ڕامـاوەو دەیەوێت هـەولێك بۆمانەوەی خۆی بدات و نـایەوێـت تەواو بێت. دڵۆپەکـان کـۆ دەکـاتەوە، وەلێ چیتر ئەو دڵۆپانە کەمتر لە دروسـتی خۆیان پێك دەهێنن و دەفەوتێن.

من وتم:

_موحەمەدی زەردەشتی ئەو دەبێت بزانێت کە من بەستراومەتەوە بە چارەنو وسیەوە، و نـاتوانم بێ ئەو خـۆیەتی بـوونی خۆم لە ژیاندا بسـەلمێنم. ئەو بۆ من ژیانەو لەو ژیانەی کەتێیدا هەم، خـودایەك هەیە بـە نێووی ویپەوە گازی دەکەن. ئەو ئیتر دەبێت هەموو شـتێك بزانێـت. دەبێت بزانێت کەلە نێوو ڕەگ و خوێنمدا ئەو هەیەو مێشکی ڕۆحی من پێك دەهێنێت. بۆ نابێ بزانیت، ئەو کەلە چارەنووسی مندا پشکێکی هەیەو هەموو یادەوەری و ئەندێشـەکانمی پێ سـپێردراوە؟، بۆ نابێت موحەمەدیا بۆ نابێت.

لەو کاتەدا پێم وابوو لە بەرابەر میترادا ڕاوەستاوم و هەموو دڵتەنگیەکانی خۆمی بۆ ڕو ون دەکەمەوە. پڕ بەدڵی ئەندێشـەکانی خۆم ، خەمگینیەکانی هەستم بۆ دەردەبڕی ، وەلێ ئەم هاوار کردنانەم بەسـەر مەحەمەدی زەردەشتی دا هیچ سـودێکیان نەبوو. ئەو هەروا بـێدەنگ و ئارام سـەری داخستبوو. مـن دەسـتم بە باخەڵمدا کردبوو و ڕاوەسـتابو وم. بەڵام نەمدەزانی لە چ وەختێکدا هەسـتاومەتەوە، نێوو چـاوانم داغ ببوو. هـەسـتم بە پەستیەتی بێ دەستەڵاتی خۆم دەکرد. دوایی موحەمەدی زەردشـتی وتی:

_ئەی باشە بۆچی هەموو ئەمانەت پێ نەوت؟

_کەی؟

_کەی!؟، هەر ئەو کاتەی کە وتت لەوێ بینیم!

پاشـان بیرم کەوتەوە کە من ڕۆژی ڕابردوو ئەوم ڕووبەڕو دیبوو و دڵم لە بەردەمیدا پان کردبۆوە. دەمویسـت لایەکەم هـیچ نـەبێت بمناسێت و کـەمـێك قسـەی خۆمم بۆکرد. ئینجـا بە محەمەدیم وت:

_بۆچی نا؟ وتم....

_ئەی ئاخیرەکەی؟

شـانێـکم بۆ هەڵتەکاند، نـازانم چ شـتێك حاڵی بوو. دوایی لـە ڕۆخی شـۆسـتەکەدا هەر لەخۆوە کەوتینـەڕێ. یـانی بە قینـێـك کـە زەینمـان لـە سـەری چڕ کردبوویەوە

وەهای لێ کردین وەڕێ کەوین. جوڵەیەکی ناباومان تێدا پێك هاتبوو، تاکە شـوێنێك ئامانجمان بوو. وەکو ڕەشـەبایەکی بێ ئارام دەبزواین. هەروەکو شـەپۆلەکانی دڵی دەریا،لە شـەوێکی بێ خەودا....

## بهشـی دووهم

ڕێگاکە زوو تـێپەڕ بـوو، باران دەبـاری و هـەورەکان بە خێرایی تێ دەپەڕین. لەژێر تەنکی هەورەکانەوە شینایی ئاسمان بەدی دەکرا. سێبەر هەندێجار زەوی دادەپۆ شی و هەندێجاریش تیشکی خۆر بەڕونی دەردەکەوت و لە زەوی دەدا. زەمین باوەشی بە تەڕ ایی سروشتدا کردبوو و بەقوڵی نەفەسی لە ڕەنگەکانی دەدا، ساردی نێو وەوەی جوانی سروشتی هەڵدەمژی. شاخەکان لەدو ورەوە بە ڕەنگێکی تێر دەردەکەوتن و

لاپاڵی هەندێکـیان بەهـۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆرەوە نمایشـی دیمەنی سـەرنج ڕاکێش و جوانی خۆیـان دەکرد. تەوژمی بـاران وەکو هەناسـەدانی هەوا لە چرکەیەکەوە بـۆ چرکەیەکی تر جیاواز دەبوو. دڵـۆپەکان بە ڕاکردن....نـا، بەتیژی لە ئاسمانەوە دەهاتن و ماچی زەمینیان دەکرد، هەندێجاریش پرژەکانی پەنجەیەك بەملاو لادا بڵاودەبونەوە. وەهاکە دەتـ ووت ئەو دڵۆپانە دەیانەوێت نێرایەتی ئاسمان بۆ سروشت و زەمین بسـەلمێنن. بەو حاڵـە ئا سمان وەکو بـو ونەوەرێکی نێرینەی تینوو خۆی هەڵدەسـوو بە هاورەگەزەکەیداو بەقوڵایی زەمیندا، دڵۆپەکـانی شـەهـووەتی ڕۆ دەچوون.

جادەکان تەڕببوون و بە لێواریانەوە جۆگە ئاوێك دروسـت ببوو و بەرەو خوارەوە درێژ دەبۆوە. دروسـت ئێمە بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوی جۆگەکەوە هەنگاومان هەڵدەهێناوە. لەو حەلەدا موحەمەدی زەردەشتی پرسـی:

_بڵێیت لەوێ بیبینین!؟

_بۆچی نا، چونکو شـوێنی کارەکەیەتی و زۆر بەی وەخت لەوێیە. پێی داگرت:

_ ئەی ئەگەر لەوێ نەبێت چی؟!، من بە قەسـتی خۆم لە گێژی دەدا:

_هەواکەی خۆشـە، من کەیفم پێی دێت. تۆچی...ها!

محەمەدی زەردەشتی دەسـتی بە چەناکەیەوە گرت و لە ژێرەوە تەماشـایەکی کردم. چەند هەنگاو دو واتر وتی:

_ئەوەتا....ئەوە هۆڵی ئامادەکردنی شـانۆکەیە!

_دەزانم...!

پاش چەند خـولەکێك خۆمان لە هۆڵی ئامادەکردنی شـانۆکەدا بینییەوە. هۆڵێکی فراوان و گەورە بـوو. دیـووی نێوەوەی لە فلمێکی سینەمـایی پـوخت دەچوو. لە سـێ لاوە دەتوانرا شانۆکان بە شێوەیەکی کاتی نمایش بکرێت. یـانی سـەکۆی تایبەت و جیاوازی هەبوو، بۆ تـاقیکاری هەر شـانۆیەك. لە دوو دەرگاوە دەتتوانی بگەیتە نێوەوەی هۆڵەکەو بەم پێیەش دوو ڕێرەوی درێژو فراوان هەبوو، کە زۆرجــار تیمی ئامادەکاری شـانۆکان لەوێدا دەسـوورانەوە. هۆڵەکە چـەند پایـەی بەرزی تێدا بـوو کە نێوانی هەر یەکەیـان دە بۆ دوازدە مەتر دەبوو. چـەندین فسـۆرو ئـامێری ڕ ووناك کردنەوە دەبیـنران. بەشێوەیەکی بازنەیی هۆڵەکە لە پێنج لاوە دەیڕوانی بەسـەر باخچەکانی دەوورو بەریدا....

ئەوکات ئێمە چو وینە هۆڵەکەوە دوو تیم نمایشـی شـانۆکانی خۆیان دەکرد. بە شێـوەیەکی وەها کە دەتووت لەپێـش چـاوی خەڵکیدا نمــایش دەکەن. ئــەوانەی لـەوێ بوون یـان دەورگێڕی شـانۆکان بوون، یاخود شـانۆ نووس بوون، یان ڕاهێنەر. خۆ هەندێکیش هاوڕێ و هاوکاری ڕاهێنەرەکان و بەڕێوەبەرانی شـانۆکە بوون. شـانۆکارەکان جل و بەرگی تایبەتیان پۆشـی بوو، کە دەکرا مایەی سـەرنجی بینەران بن. لەوێرا م وحەمەدی زەردەشـتی کۆمەڵێك کەسـی پێ ناسـاندم، لەنێوو ئەوانەدا دوو شـانۆ نوس کە پێشـتر تەنیا ناوبانگیانم بیستبوو. یانی لە نزیکەوە نەمدەناسـین.

ئەوانیش یەعقوبی کامڵ و موحسن سێنی موح سێنی بو ون. ئەمانە خاوەنی شـاکارە بەناو بانگەکانی نێوو دونیای شـانۆ بوون. وەکو شـانۆکانی "وڵاتی مرۆڤە سورەکان" و "ڕۆژێکی خوێناوی" و "پیاوەکانی جەهەنەم" و "ژنێك لە سـەحرادا" و "جەلادەکانی وڵات" و چەندین شـانۆی بەناو بانگی تر. من بە ناسـینی ئەمانە هەر زۆر هەسـتم بەخۆشـی دەکرد. وەلێ ئەمانە وەکو خۆیان دەیانو وت بەرێکەوت ڕێیان لێرە کەوتو وە. چونکە وتیان "هەرگیز حەز بە بینینی شـانۆکانی خۆمان ناکەین". ئەم قسـەیان منی لەڕادە بەدەر توشــی نائومێدی کرد. نە تەنـها لەبەر شـانۆ و ناوبانگیـیـان، بەڵکەم لەبەر کەسێك کە خۆشـم دە ویــست و شــانۆ کار بوو. دەمەویـست لە ڕێگەی وانەوە پتر پەیوەندی لەگەڵ دونیای شـانۆدا سـازبکەم.

پاشـان چاوم بەناو شـانۆکارەکاندا گێڕاو مـیـتـرام پێش چاو کەوت. کاتێك کە چاوم بە مـیـتـرا کەوت ئەو خێرا سـەری داخسـت و لەگەڵ هاوڕێکەی تەنیشـتیدا خۆی مژۆڵ کرد. لەوانە بوو ئەو پێشـتـر تەماشـای منی کردبێت، بەڵام چیتر تەماشـای نەکردمەوە. یانی من بوارم نەدەدا. لەژێر لێوەوە محەمەدی زەردەشـتیم حاڵی کردو ئاماژەم بە میـتـرادا. یانی پێم وت "ئەو فریشـتەیە منی لە قەفەسـی غەمی سینەمدا زیندانی کردوەو

نایەوێت ئازادم کات. ئەو دەکەەوێت من لە چوارچێـوەی غەمی خۆیدا گیان لە دەسـت بدەم " لە دڵی خۆمدا وتم "محەمەدی زەردەشـتی توخوا یارمەتیم بدە، ئـــەو فریشـتەیە بێ چارەم نەکات!".

زەردەشـتی هەروا تەماشـای میـتیای دەکرد، وەهاکە دەتووت هەموو بەدەنی میتـرا لە نیگای چاوەکانی دا کورت بووەتەوە. دوایی پشـتی لە من کـردو لە دو واوە چاوم لێی کرد، کە سـەری خۆی با دەداو دەسـتی لەگەڵدا دەجوڵاندەوە. من نەمزانی ئەو لەچ شـتێك نیگەران بوو. وێدەچێت هەموو ئەو نوسـراوانەی کەلە چاوەکانی میترادا، لەپشـت هەسـت و سۆزو بیری ویدا پەخشانی دەداوە خوێندبێتەوەو لێیان حاڵی بووبێت!.

لەو کاتـەدا کە میترا هەڵس و کەوتی شانۆیی ئەنجام دەدا، من هەوڵم دەدا چوکترین جوڵەکانی لە گەروی چاوەکانمدا قووت بدەم. بە شێوەیەك هەستم بە جوڵەکانی دەکرد، کەلە نێو وەوەمدا بەرەو خوار ڕۆ دەچوون. منیـان لە قوڵایترین بنمیچەکانی بــیرکردنەوەدا ڕادەوەشـاند. لە هاتنی هێزە کارتێکەرەکانی ئەودا ساردیەك بە هەستەوەرەکانی بوونمدا بڵاو دەبوویەوەو چوون بورکانێك گڕی لە ئەندێشـەکانی ئەوینم بەر دەدا. ئەو لە سـەراپای جوڵەکانیدا منـی لە جوڵە خستبوو و وەخت بوو، دەریـاچەکانی مەحەبەتم لەو بـیابانی مـردنەدا وشـك دەبـو ون. وەلێ هەناسـەدان پڕی پێدا دەکردمەوە. لە تاریکایەکی ئاڵـۆزی نێوان گومان و دوو دڵیدا، بێدەنگی و مردن و خەیاڵدا ، پەلم دەهاویشـتە سـەر لوتکەی فەریادەکانم و لە شـوێنێك، لە نێو و جەنگەڵەکـانی بیرەکردنەوەدا خۆم گیر دەکرد. وەلێ دڵم دەگیراو هەناسـەم توند دەبوو. نەفەسـەکانی سـینەم درەنگ درەنگ هەوایان دەکێشاو خاویان دەکردمەوە. لەپڕ بێئەوەی بزانم وحەمەدی زەردەشـتی لەگەڵ میتـرادا بەکاوەخۆ لێم نزیك کەوتنەوەو بە پێکەنینێك کەمنی دەترساندو چوون تەزوویەك بەلەشـمدا پەخش دەبوو ، دەهاتنە پێشەوە. ترس و سام وەکو هەورە بروسـکەیەك بە دەزوولەکانی دەروونمدا، لەگەڵ ئومێدێکی ون بوو کەلە کەنارەکانی ژیانمدا ڕوناکی دەداوەو دەمارەکانی بوونمی گرژ دەکرد ، پەخشانی دەداوە. من خۆ هەر نەمزانی محەمەدی زەردەشتی چۆن وەهای کرد. ئەو دەسـتەکانی میـتیای خستە نێوان دەسـتەکانی منەوەو وتی:

_واچاکە ئیتر هەر لێرەدا قسـەکانی دڵتان تەواو بکەن!!؟.

تەماشـایەکی زەردەشـتیم کردو بۆ یەکەمجار شـەرمێکی کوشـندەم لەخۆدا هەسـت پێکرد. ئارەقەیەك لە تەوێڵمەوە درزی دا، پاش کەمێك وتی:

_قەیناکا، من لێرە دەڕۆم، و وتی:

_بۆچی ئاوا تەماشـای من دەکەن، ئێوە هەرچی دەتانەوێت بیڵێن و تەواو. خۆ نـاکرێ من دانیشـم و گوێم لە قسـەکانی ئێوە بێت. ئێوە ڕێگەیەکی دووری ژیانـتان لە پێشـدایەو پێویسـتە خۆتانی بۆ ئامادە بکەن، و بزانن چۆن بەو ڕێگەیەدا تێپەڕ ببن. گەر بتانەوێ خۆش بەخت بن لەو ڕێگەیەدا، پێویستە هەریەکەتان فانۆسـەکانی بیرو هۆش و هەسـتان داگیرسێنن و ڕوو بەڕوی ئەو تاریکی و تەنگ و چەڵەمەو دژواریانە ببنەوە کە وەکو شـەو هەموو بنمیچ و کەلەبەرێکی ئەو ڕێگایەی داپۆشـیوە. تـاریکایـەکی هێندە ترسـناك ، کە ژیانی لەبیر سـروشـت بردۆتەوە. ژیان تـاریکتـرین و ترسـناکترین چاڵی بوونە کە مرۆڤ خۆی تێدا حەشـار داوە. سـەرەڕای ئـەوەش هێشـتام لـەم ژیـانەدا هـێزانێـك هەن کـە کارلێکەکانیان زیاتر بوار بە چڕترکردنی ئەو تاریکی، ئەو ترسـناکیە، ئەو بەسـامیە دەدەن. ئێوە دەبێت خۆتان لە بەنێچیرکردنی ئەو هێزە دڕندانە بپارێزن. دوایی لە میتیای ڕووانی و وتی:

_میتـرا تـۆ لە شـانۆکانتدا جوڵەیەکی سـەیرو باش ئـەنجام دەدەیـت، ئەگەر بـتوانیت لـەم ژیانەشـدا شـانۆ کارێکی باش بیت بە وریایی و لێـهاتویەوە، ئەوکات دەتوانیت خۆت و هەر کەسێك کە دەتەوێت لەم ڕێگایەدا بپارێزیت. لە دەوورو بەر دەربـاز بکەیت. دوایی ڕووی لە ئێمە وەرگێڕاو چەند شـەقاوێك دوورکەتەوە. هێشـتام هەر قـسـەی دەکردو دەسـتی لەگەڵدا دەجوڵاندەوە، دواجار وتی:

_میتـرا، تـەنـانـەت دەتـوانـیت منـیش بپارێزیت!.

من دوایین قسـەکانی ئەوم لەنێوو ڕوخساری میتردا بیست. ڕوخساری وی وەکو ڕەشـەبـایەك گەردەکانی نیگای منی لەخۆی پێچابوو و دوایش چــوون گەردەلول بەناخی خۆیدا لولی کردبووم. نێوو چاوانی نە تەنها لە گۆشـت و خوێن پێکهاتبوو، بەڵکەم جـۆرێك بوو، وەهــاکە دەتکوت هەرگیز لەنێو ناچێت. ڕۆحگەلێك

لە قوڵایی چــاوەکانیدا هەســت پێدەکرا، کە نیشانی ئەوەیــان دەدا هەرگـیز نـافەوتێن. یانی ئاماژەیان بە ڕۆحی من دەکردو ئیلهامم پێ دەکرا، کە ئەو چاوانە تێکەڵی تەواوی سەرو سروشتن و مانای مانەوەی هەمیشەیی دەدەن.

هەرکە م وحەمەدی زەردەشتی چوو، مـیتـرا دەستەکانی لە نێوو دەستەکانی مندا کێشاوەو خۆی وەرسوڕاند، بە جۆرێك کە پشتی لەمن کـرد. من ئیتر پەشۆکا بووم. هەر دەســتەکانم دەهێـناو دەبـردو بێ ئـەوەی بــزانم دەمەوێـت چـی بکەم. هەر نەمدەزانی بـۆچی ڕاوەسـتـاوم و چـاوەڕێ دەکەم، دوجاران هەناسـەم توندبوو و وەخت بوو توشـی شـۆك دەبووم. لەو حەلەدا میتــیا وتی:

_با لێرە بچینە دەرەوە، دەمەوێت هەوایەکی پاك هەڵمژم..!

من چـاوم لە دەوورو بەر کرد، هەموو شـانۆکارەکان پەرتەوازە ببوون و خەریکی مشـت و مڕی خۆیان بوون. هۆڵەکە پڕ بوو لە هاتە هات و فڕکە فڕکی ئەوانەی کە لەم سەرەوە دەچو ونە ئەو سـەر. ئامێرەکانی ڕو وناکی کردنەوە هەر برقە برقیان بوو. خۆش بەختانە هیچ کەسـێك ئاگای لە حاڵی شـپرزو پەشۆکاوی من نەبوو، دەنا دەبوو هەردوو چاوی خۆم نوقاندباو تێم تەقاندبـا.

کاتێك لە هۆڵەکە وە دەرکەوتین هەناسـەیەکی ڕاحەتم هەڵکێشـا، وەها کە دەت ووت لە ڕاکردنێکی چەند هەزار مەتـری بوومەتەوە. میــتــرا تەماشـای کردم و پێکەنی. من لە ئەنجامی پێکەنینی ویدا تەریق بو ومەوەو خۆم لە گێژی دا.

لەو کاتەوەی خۆمان بە هۆڵی ئامادەکردنی شـانۆکەدا کردبوو، باران خۆشـی کردبـۆوەو هەوایەکی فێنکی دەهــات. هەورەکـان تێپەڕ تێپەڕ بـەژێر یەکتـریدا دەچ وون و دەیـانەویــست ڕێـگربن لـەبەرابەر تیـشکی خـۆردا. وەلێ لـە ئەنجامدا خۆر دڕی پێـدا دەکردن و بـرقی دەداوە. بـاران زەمین و هەموو شتێکی خوساندبوو و بە تەڕی بۆنی ژیان دەهـات. بە سـەرگـەڵای درەخــتەکانەوە دڵۆپێك دەچۆڕاو دڵۆپێکی دیکە شـوێـنی خـۆی دەگرت. چۆلەکەو باڵندەکان کەیفـیان بەو بـارو ودۆخە دەهــات و دەیـان جریواند، دوایی لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر دەفڕین. دەنگی خوێندنی کەڵەشێرێـك ناوە ناوە دەهات و تێکەڵ بەژاوە ژاوی خەڵکی دەبوو. دیمەنی شـار بـەڕوونی دەردەکـەوت. ترومـبـیلــەکان چـڕت و فڕتیان دەکرد. شڵەژاوی شـار لە دوکەڵی کارگەکاندا دیاردەکەوت.

مـیـتـرا دوو هەنگاو لــەپێش منەوە بوو، بەرەو بــاخچە تەڕەکەی هۆڵی شـانۆ ملی نـاو ملپێچێکی سـوری هیندی لە مـلی ئاڵاند بوو. تـرپەی پێی لە دڵپەی کەوتنە خوارەوەی دڵۆپە بارانێك نەرمتـر بوو. هێندەی نەبرد ئەو بە فێڵـێك هێواشـی کردەوەو من خۆم لە لاتەنیشـتیدا بینی یەوە. کاتێك لا بەلای یەکتـر هەنگاومان دەنا، بێدەنگی تەنیا شـتێك بوو دوامان کەوتبوو. دواتـر هەسـتم بەقـــورسایی هێــزێك دەکرد، کە خۆی بەسـەرو ملمەوە نوسـاند بوو. لەپـێش چاوی مـنـدا مـیـتـرا پەرییەکی خەیاڵی بوو کەلە بەدەنی مرۆڤدا نمایشـی خۆی دەکرد. ئەو چو ون دەریاییەکی ئەفسانەیی لەجوانی پێك هــاتبوو و مـن خۆم لە ڕۆخەکانیدا دەبینی یەوە. دەمزانی لە قوڵایی جوانیەکانی ناخی ئەودا، مەحەبـەت و میـهری ویـدا، نەفەس و پەل هاویشـتـنەکانی من بەئوجی مەرگ دەگەن. من لەنـێوو جوانیەکـانی حەقیقەتی ویدا وەکو کـەشـتیەك بـووم لە نێوەندی زەریایەکدا. ئەگەر ویستبام هەمیشـەو لەهەر چرکەیەکدا، ئەو لە بو ونی مـندا هـەبایە، دەبوو لە کەناراوەکانی ویدا ژیابام. دەبوو لە تەنکایی هەسـتی ویدا قوڵ ڕۆچو وبـام. من ئەگەر ویستبام ئەوم هەباو لەگەڵ ژیانی مندا خۆی سـازاندبا، دەبوو سەهمی بوونی خۆمم پێ بەخشـیباو لە کونجێکی چاڵایی دەرو ونیدا بۆ هەمیشـە خۆمم پاراستــبا. لە بنیمچەکانی هەستیدا خۆم ئاڵاندبا بە تەونەکانی مەحەبەتیدا. ئەو سـەروتر لە فریشـتەکان و پەریەکان نیشـانی منی دەداو بە ئافرێنەری خواوەندی جوانیەکان لێکم دەداوە.

کاتێـك کە بەنێوان درەختەکانداو بەنێوو گوڵ و گیا کورت و تەڕەکاندا هەنگاومان دەهێناوە، دەپڕێکدا هەستێکی زیاتر لەسـەرو خۆوە لەمندا پەیدا بوو. هێـزێك کە پێشتر لە زاری بەدەنـی مندا هەست پێ نەدەکرا، لە دەمارەکانمدا دەجولاو وجو ودی منی تەی دەکرد. من دەنێوان هێزە پەیدابو وەکەی هەستمدا گلۆر دەبومەوەو ویستەکانی خۆمم دەپێکاوە. مـن چوون بورکانێك گڕی وشـەکان لە گەرومدا کڵپەیـان دەکردو لەسـەر

زارمدا هەستەکانی بە داغی دەتــواندەوە. دوایە لەژێــر پێـست و نێوو خوێنمدا ، داخاوی هەست بۆ هەموو بۆشاییەکانی مەحەبـەتم پەخش دەبوو و وەخـت بــوو لەو نێوانەدا دڵـم دەتوایەوە. لەو حاڵەدا ئەو وتی:

_تەماشـا ئـەم بـارانە هەموو ڕەنگەکانی سروشـتی تێر کردوە!؟، د ووبارە ژیانی تـەڕ کردۆتەوەو تینویەتی بەردەوامی کاتی شـکاندوە!.

ئەم ڕستەیە وەکو نـاقوسێك لە هەموو چـاڵاییەکـانی مێشکی مندا دەنگی دەدا یەوە و لـەرە لەری دواین وشـەی لە کۆتایەکانی هەسـتی بیستنمدا هەســت پێدەکرا، و وتی:

_هەسـتی خۆشـی من لەکاتی بـاران بارینـدا وا دەزانم دوو هێندەی دڵۆپەکـانی بــاران دەبێت. وتی:

_دڵۆپەکانی هەسـتی من لەبەرابەر بـاراندا هێندەی تەڕایی و سـاردیەکەی، تـەڕتـرو زیـاترەو دەیووت:

_من هەمیـشـە لەکاتی بـاران بـاریندا کەیفم بەگوێ گرتنی مۆسـیقـا دێت. بە تایبەت ئەو مۆسـیقـایانەی کە ئاوازەکانیان لەگەڵ نۆتەکانی خۆشـی مندا یەك دەگرن. دەیووت:

_باران بارین هەقیقەتە ، وەلێ وێناکردنی جوانیەکەی لەقاڵبی ئەف سانەو خەیاڵەکاندایە. چونکو سـەختە پڕواکردن بەوەی کەلەو بـیابـانی ئـاسمانەدا دەریایەك هەیە، توانـای چەندینجار د ووبارە کردنەوەی زیندووکردنەوەی ژیانی هەیە. چوون سـەختە پڕواکرن بەوەی کە باران سـەرچاوەی سـەرەکی ژیانەو وەکو دڵێك لەجەندەکی سروشـدا، بەڵام لــە دەرەوەی زەمین و ژیاندا لێ دەدات. مـن هەمیـشـە کاتێك کە نم نم دڵــۆپەکانی بــاران دەبارێن، لەسـەر سـەحنەی خەیاڵەکانم و لەنێوو فەزای چێژەکانمردا سـەما دەکەم. سـەما دەکەم و سـەمـا دەکەم، هەتاوەکو هەسـت بە تەڕایی ڕۆحم دەکەم، تاوەکو تـنۆك تـنۆك ئەو گوشـراوی چێژانە لەدیوارەکانی تەمەنمەوە دەچۆڕێنە ڕۆحمەوەو لەوێشـەوە هەسـت بە ئاسـودەیی هەمیشـەیی دەکەم. دەیووت:

_دەمەوێت هێندە ئەم هەوایە هەڵمژم، تاوەکو سـیەکانم پڕ دەبن لەشـێ، تاوەکو دیواری سـییەکـانـم تەڕ دەبن. دەمەوێـت هێندە لەم شێیە بدزم، تـاوەکو بــارانێك لە نێوەوەی خۆمدا دەبـارێت و چارەنـوسـی هەمـوو بـەڵاو ئــازارو دەردی سـەریـیەك لەنـێــوو دەبـات.

من لەم نێوانەدا، لە نێوان ئەم قسـانەو ئەم باران بارینەدا، خۆمم مەڵاس دابوو، تاوەکو دەرفەتێکم دەسـت بکەوێ و نێووەوەی خۆم، کە وەك دڕندەیەك خۆی حەشـاردا بـوو ، ئا شکرا بکەم. دەمەویسـت ئەو پلانانە ئاشـکراکەم کەلەم سـەری بیـرکردنەوەمەوە بیرۆکەیەکیان دەفڕاندو لەو دیــوو پەنجەرەکانی خەیاڵمەوە ونیان دەکرد. دەمەویــسـت ئەو وشانە دەربـبڕم کـەلــە هەوای مێشـکمدا بـڵاو دەبـو ونـەوەو لە دەرزوولـەکـانی نـەستمدا دەچو ونە دەرەوە. دەمەویسیت پەنچەرەکان لەڕوی خەیاڵەکـانم دابخەم و دەرگـا لەسـەر هەسـتەکانم بخەمە سـەرپشـت. نا..، دەمەویســـت تۆفانی هەسـتم بێت و ئەو ئاگرە خامۆش بکاتەوە کە ئەوکات لە نێووەوەمدا کڵپەی دەهات. ئـاخر مـنیش حەزم لــە بارینی دڵۆپەکانی مەحەبەتم دەکرد، لەبەرابەر تینی سـوتێنەری بوونمدا. محەمەدی زەردەشـتی وتبووی:

_تەنیا باران بارین دەتوانێت ئێمە لە غەم و حەسـرەت و بەدبەختی پاك بکاتەوە. من وتـبـووم:

_"پەحـحـا...لەم بــارانە!".

بۆ هەوڵەنی ناخودئاگای من ئیتر درەنگ بوو کەکار لەکار بترازێـت. چالاکیەکانی ناخودئــاگـای من، لـە چــالاکی سـەربـازانی نـهێنی شـەیتـان دەچ وون دژ بەمن و جـوڵەو بـیـرکردنەوەکانم. لەپڕ بنیەر دەسـتـەکانم بە کەناری لێوەکانی میـتـیـدا دەخ شـێن و قامکەکانم ڕو ومەت و ز ووڵفی نەوازش دەکەن. ئەوکات جیاوازتر لەبوونی خۆمم نـیشـان دەدا. وەها کەبڵێی خێوێك لە مندا دەژی، ئیتر بێ دەنگ نەبو وم. وەهــا کە دەتووت ئەو شـوشـەیەی کە ئـاوی وشــەکـانمی تێدا بـوو، درزی تێکەوت. وتم:

_میتـرا تۆ بارانت خۆش دەوێت، نـا...!؟

خێرا سـەری ئەرێی ڕاوەشـاند، و وتم:

_زۆر چاکە، کەواتە پڕوات بەوە هەیە کە بـاران هـەوێنی زیند ووکــردنەوەی ژیــانە، لە سروشـتــدا. سـەری خوارکردەوەو وتی:

_ئا...... ئەی چۆن. وتم:

_کەوایە بـڕوات بەوەش هەیە کـە بـاران لـە ئەنجـامی دڵۆپـاندنی خـۆشـەویستی خـۆی بـۆ زەمـیـن دەبارێـت، پێدەکەنی و چاوەکانی پرشـە پرشیان دەکرد:
_بـۆچی نـا...
_کەواتە شتێکی گرنگ لێرەدا هەیە، لەنێوان سروشت و کاتدا کە بەردەوامی بە باران بارین و ژیان دەدات.
_دەی ئـەو شتە چـیە؟ وتم:
_خـۆشـەویستی،نازەنینانە خۆی شەکاندەوە:
_ئۆو، و سـەیرێکی چاوەکانی کردم و سـەری خۆوارکردەوە.
من دوو پـەنجەم لـەژێـر چەناگەی گیرکردو سـەریم بەرزکردەوە. لەو حەلەدا لە تەماشـاکردنی یەکتریدا تێرمان دەخوارد. من لەجوانی ئەو، و ئەو وێدەچوو لە بێ شـەرمی من. من دڕندەتریـن گیاندارەکانی بیابانی عیشـق بووم و ئەویش لە فریشتەیەك دەچوو لە لێواری دەریایەکی بەرینی عیشـقدا. وەختێك بـاڵندەکانی نیگای من لە ئاسمانی چاوەکـانی ویدا ون دەبوون، وتم:
_دەزانی میـتـرا، ئەو بیابان و وشـکاییەی کەلە سـەرتاسـەری ژیانی مندا هەیە هیـــچ هەورو بارانێك ناتوانێت بیکاتە شوێنێك، بە ئومێدی هەبو ونی ژیان تێیدا. سـەحرایەك کە لەوێداو لـەنێوو دو ورایترین ڕێگاکانی ژیـانی مندا هەیە، لە نامۆترین سـەرزەمینە سـەختەکانی ژیانن و هیچ شـادی و بەختەوەریەك لەوێدا بەدی ناکرێت. بوونی من لەو دەشتە کاکی بە کاکیەی ژیاندا، تەنیا تێپەڕاندنی کات بو وەو بێ مانـــابـووە لە هەستە دوونیایی و چێژەکان. من لە بیابانێکدا خۆمم هەسـت پـێ کردو وە، کە ئەم بەرو ئەو بەرم جەنگەڵەکانی ژیان بـــوونەو نەمتوانیووە پێـیان بگەم. هەمیشـە لەو چەقی مردنەشـدا مەرگ لە خاچی غەمی داوم.
من هەمیشـە ژیـانی خـۆ مم بـە سـەرابێك هاتـۆتە پێش چاو لـە بیـــابانی ئەبەدیەت و چارەنوسـداو بۆ ئەمەش وجـــو ودم سـەرگەردان بو وە بەدوای ئەو ژیانەدا، تا لەئـــاکامدا لە نێو وەندی ڕمڵ و تەپوتـۆزی حەسـرەتدا گیرسـاومەتەوە. لە دۆزەخی بەدبەختی خۆمدا من هەر شـەڕابی تـاڵاوی ژیـانم خـواردۆتەوەو پێی مەسـت بووم. تـامی زەمەنم لا پـوچ و بێ مـانـابـووە.
مـن لە ڕابـــردودا وەکو جەهەنەمێك بووم و هەموو شـادی و خۆشـیەکان لەتاو گـــڕی ناخمدا دەسـوتـان، و نەدەگــەیشتنە بـنـمـیـچە تـاسـێـنراوەکانی هەسـت و عیـشـقم. زنـجیـرەی یـــادەوەریەکـانی ڕابردو وم ئەمێستاش ترس و تۆقینم بـیر دەهێـــننەوە. هەر ئەڵقەیەك تێیدا کە چارەنوسـی من پێکی هێنابوو، دونیایەك بوو لە تەفروتوونا کردنی من. لــە هەوای کوچەو کۆڵانە تاریکەکانی ژیانمدا، بۆنی مردن دەهات و تارمایی غەم وەکو دێوەزمەیەك تـا دواین هەنگاوەکـانی تـۆقین لـە د ووام دەکەوت. دەمەویسـت ڕابـکەم، وەلێ پـێ یەکانم دەیانگرتـم و بـواری هەڵـهاتنیان نـەدەدام. سـەحرایـەك کە لـەژیـانی مندا هـەبوو، تێپەڕاندنی هەروا ئاسـان نەبوو. چوون تەنیاییەکی فراوان لەوێدا حوکمی دەکردو هەموو شـتێکی لەنێوو دەبرد. وشـکایی نـائومێدی من هیچ بارانێك نەیدەتوانی تینویەتی بشـکێنێ. وەلێ ئێسـتا لە هەر لەخۆوە دەبینم کانیەك لەو بیابانەدا، نا....دەریایەك لەوێدا هەیەو خەریکە نغرۆم دەکـات لە قـوڵایی ژیان. خەریـکە د ووبارە فێـری مەلەکـردنم دەکـاتەوە، لەنێوو شـەپۆلە زریاناویەکانی ئاشـنایەتی و ئەویندا.
دەمووت:
_میـتـیا! دەزانی بەهاری ئەوینی تۆ دەتوانێت بەردەوامی بە ژیانی هەمیشـەیی من بـدات. من دڵـنیـــام لـە پـشـــت ئـەو ژیـانـەی کـە تـۆ دەتوانیت بـۆ منی سـاز بکەیت، مـن جەهەنەمی خۆم دەبـیـنم. جەهەنەمـێك بـۆ هەمیشـە من لەنێوو دەبـات. من دڵـنیام شـکسـتی من بۆ نێو وەوەی جەهەنەمم ئەو کاتەیە کەتۆ ناتەوێت یارمەتیم بدەیت. شـکسـتی من ئەو کاتەیە کە ئازارەکان و حەسـرەت و بەڵاکان خەریکن تەواوم دەکەن و تۆ ناتەوێـت یارمەتیم بدەیت. مـن دەترسـێم، مـن دمەوێت تۆ یارمەتیم بدەیت. من ئەگەر تـۆم هەبێت ، دەتوانم بەو ئـارەزووانەم بگەمەوە کە حەسـرەتی نەبوونی تۆ دەیکوشـتن. بـە هیواکانم، کە دۆزەخی چارەن ووسـم لە نێووی بردن. من دەترسێم، تـــۆ دەبێت یارمەتیم بدەیـت. مـن خۆشـــم دەوێ یت وەکو باران، چون کو هەر خۆتی...ئاە تەماشـا! ئەوە باران دەبارێت، میتیا تۆ خودی بارانیت....تەماشـا.

بارانەکە لە هەردو وکمانی دەداوە، ئەو تەماشایەکی ئاسمانی کردو پێکەنی. دوایی هەردوو دەستی دەداێ بەر بارانەکەو دەیهێنا بەڕوخساری خۆیدا. دەیەویست هەردوو مستی پڕ بکات لە باران. یان ئەوەکە هەموو حەزی لە بارانەکەدا کورت بکاتەوە. پاشان نەفەسی قوڵی لە هەوای بارانی دەدا. وەهاکە دەتکوت نەوازشی هەوای سروشت دەکات. لەو حەلەدا ئاوازێکی لەگەڵدا دەچڕی، گۆرانیەك ، پڕبوو لە نۆتەکانی باران لە سەمفۆنیای ژیاندا. لەپڕ جوڵەیەکی کردو چەندسوری پێچاوپێچی خواردەوە و دەستی منی ڕاکێشا ، من وەك ئەوەی کە خۆمم بۆ ئامادەکردبێت، لەگەڵیدا کەوتمە سەماکردن. سەرم لە سەماکردنی خۆم سور دەماو لەدڵی خۆمدا دەموت "بڵێیت شارەزایم لە سەماکردندا هەبێت"، لەنێوو سەماکردنەکەدا لەمەستیدا بۆ یادەوەریەکانی منداڵی خۆم دەگەڕام. بە خێرایی بە کۆڵانەکانی ئەو بیرەوەریانەدا تێپەڕ دەبوم و خۆشیەکم هەست پێ دەکرد،کەلە گەر ووی ژیانەوە سەرچاوەی دەگرت. شادیەکم پێشچاو دەکەوت کە زەمەن پێکی دەهێنا. لەو سروشتەدا کەلە سەرزەمینێکی خەیاڵی دەچوو هیچ نەفرەت و فریودانێکی تێدا بەدی نەدەکرا.

هەرزوو بە کۆڵانی یادەوەریەکاندا گەڕامەوەو خۆم سەرقاڵی سەمایە کرد. باران بە پڕتاو دەباری و هەموو بەدەنمان تەڕ ببوو. ئاو بە کەلەو ڕوخسارماندا دەچۆڕاو دڵۆپەکانی باران بەبێ ئەوەی لێ بگەڕێن، خۆیان بە سەرو سەکوتماندا دەکوتا. لە دو ورەوەو لەناخی ئاسمانەوە دەیان پێکاین. من ماندوبو وم و وەستام، میترا سورێکی تری خواردەوەو بەرانبەر بە من ڕاوەستا. بەڕویە لێ پێکەنیناوی و شادی و تەڕەوە پێمی وت:

_تۆش بارانی منیت.... ئا ئەم بارانە، هێیی!؟

من لەسەر چەناکەی شوێنی ماچێکی خۆم دۆزیەوەو لەلێوی خۆمم کردەوە. دوایە دوو کەناری لێویم ماچ کردو بە خۆممەوە نوساند. هەستم بەسوکی و نەرمی ڕۆحی دەکردو دەمەویست هەموو قورسایی هەست و عیشق و ئەوینی خۆمی پێ بسپێرم. دەمەویست هەموو ئەندێشەو تەمەنی خۆم، هەموو داهاتوو و بوونی خۆم، لە کونجێکی چارەنوسیدا جێ بهێڵم. نە تەنها لە بەرئەوەی خۆشم دەویست ، بەڵکەم چیتر لەبوونی جیاوازی خۆم و لە جەستەی داپراوی خۆم لە وی، وەڕەس ببووم. بەبێ کەڵك و بێ ماناو پووچ پێش چاوم دەکەوت.

پاشان دەستی یەکتریمان گرت و بەرەو هۆڵی ئامادەکردنی شانۆکە ڕامان کرد. لەوێدا لەبەر هەست کردن بە قەرەباڵغی خەڵکی حەپەساین، لەو کاتەدا دوو کەس لەهۆڵەکە بەدەرکەوتن. خەریك بوو ڕێرەوە درێژەکەیان بەجێ دەهێشت و ڕو وەو ئێمە دەهاتن. دەبوو خێرا کارێك بکەین. هەرزوو میترام لە شوێنێکی نهێنیدا لە کەنار ناو، خۆم بە گوشینی جل و بەرگەکەمەوە خەریك کرد. دوو بنیادەمەکە بە لاماندا ڕەت بوون و لەبەر خۆیانەوە دەیانووت:

_بارانی چی....دوو دڵۆپ بوو و تەواو..!

ئەگەر من خۆم حەشار نەدابا، ئەوکات ئەم دوو قەلە باچکەیە گومانیان لە میترا دەکردو جۆرێکی دیکە حاڵی دەبوون، چونکو خەڵکی ئەویان دەناسی، وەلێ هیچ کەسێك منی لەو دەو ورو بەرەدا نەدەناسی. ئەوە من بووم وەکو سەگێك بۆنی ئەو بەهەشتەم کردبوو. چەند خولەك دواتر ماڵئاوایمان لەیەکتر کردو ئەو بەرەو شوێنێکی تایبەتی هۆڵەکە ڕۆیشت و منیش لەوێ بەدەرکەوتم.

## بهشی سێیهم

کتوپڕ لەپەنا دیوارو لە بن سێبەری درەخت، لە وجو ودی ڕاستەقینەی خۆم و ماهیەتی حاڵی ئێستا، وە ئاگا هاتم. دیتم میترا لە دەرکەکەی خۆیان نزیك کەوتەوەو وە ژو ورکەوت. من لەو حاڵەی ئێستامدا تەنیا فریای ئەوە کەوتم، سێبەرەکەی بە نیگای چاو بدوورمەوە. ئەو وە ژوورکەوت و دەرکەی پێکدا دا.

وەکو ئەو هەوایەی کە بەو نێوچەیەدا شەپڕێو و ببوو، شپرزە بو وم. داخم وەکو کەلویەکی ئاگرین چڕ او مەراقە ساردو سڕەکانی دەرو ونمی تواندەوە. من خۆ نەمزانی چۆن و لەکوێ ئەو تێپەڕی کرد. من کە نیشانەم لە چو وکترین جوڵەی ئەو گرتبوو، کەچی ئەمێستا گوزەری کردو تەنیا هەوای لە دوای لە خۆی جێ هێشت. ویستم دواین هەنگاوی لە پێش دەرکەدا بهێنمە بەر چاوم، وەلێ هێشتا هیچ یادەوەریەك لەزەینمدا جێگیر نەبوو بوو. مێشکم چو ون دەزگایەکی گەورەی بۆش نیشانی دەدا. وەهاکە دەتووت لەوێڕا چرکەکانی زەمەن ڕاکێشراونەتەوەو لە جیاتی زەمەن و بەردەوامی، سروشتێکی مردو خۆی ساز دەکات. دەتکوت بوومەتە فەزایەکی بۆش و پو وچ، بۆ نەبوون، بۆ ئەوەکە بەردەوامی و هەمیشەیی بە خۆی بدات. لە خۆمدا هەستم بە زوڕناو هەلهەلەی نەبو ون دەکرد، کەلە ژوورە تاریك و نادیارەکانی ناخمدا لێ دەدرا. دو وبارە هەستم بە ترسناکی و تۆقینی گەردیلەکانی هەمیشەیی لەخۆمدا دەکرد، کەلە بەرابەر زوڕنای نەبو وندا دەکەوتنەوە جوڵە. دەمەویست بەرخۆدانێك بدەمە خۆو لە نێوانی ئەو دوو هەستەدا خۆ دەرباز بکەم، بەڵام زەمەن و کاتی ئێستا سڕو گێژی دەکردم. کاتی ئێستا چو ون تریاك بێهۆشی دەکردم و خۆی لێ ون دەکردمەوە. دەمەویست لەو دیوارانەی کە کاتی ئێستا پێکی هێناون، پێیاندا هەڵبەزم و خۆمیان لێ دوورخەمەوە. لە نێوەوەی ئەو مۆڵگەیەی کە بێ کەڵك منیان لەخۆ گرتووە، خۆ دەرباز بکەم. لە زەمەنی ئێستاداو لەکاتی ئێستادا، من بێهودە بیرم دەکردەوە، چون کو پیلانەکانی کات خێرا بیرەکانمی لێك هەڵدەوەشاندەوە. باشتر وابوو بیرێك بۆ ئەوە بکەمەوە کە چیتر لە دوای کات و ئەو زەمەنەی، بیر بکەمەوە...!؟.

ئایا دەکرا میترا لە پێش چاوی مندا تێپەڕی کردبێت و نەکەوتبێتە داوی تەماشاکردنەکانی منەوە؟. من کە بۆ ئەوە لەپەنا دیوار دانیشتبووم، تا بەڵکەم چاوم پێی بکەوێت. تا بەڵکەم دووبارە سەما کردنەکانی ببینم و دوو چاوە ڕەش و پانەکانی ببینم، کە وەکو مناڵ بە هۆیانەوە لە شتەکانی دەڕوانی. تا بەڵکەم لە د وورەوە هەست بە پێکەنینەکانی بکەم. ئایا دەکرا میترا هەروا ڕەت بو وبێت و من نەمدیبێت؟ بۆچی نا!؟ خۆ من لە دیووەکەی تری بوونی ئێستا، بە سێبەری میتیا گەیشتم. بینیم ئەو وەژوورکەوت....!.

لەپڕ دیسانەوە شتێکی سەیرم وەپێشچاو کەوت، پێم موعجیزە بوو. بینیم میترا هاتە دەرەوەو بانگی لە کەسێك کرد. من دەنگەکەیم نە دەبیست، بەڵکەم هەر نەمدەویست بە دەنگەکەیەوە مژۆڵ بم و هێندەم پێ دەکرا لە خۆی ورد ببمەوە. بینینی ئەو بەبێ دەنگی، وەکو بینینی سێبەرێك بوو لەئاودا، ڕەوتی ئەو لەبێدەنگی دا، لەو سەرابی حەقیقەتەدا بۆ من، وە کو هەڵکۆڵینی پەیکەرێکی جاویدانی عیشق بوو، لە بەردە سەختەکانی غەمی دڵم. کاتێك کە ئەو دەجولا، من سا رداوی ژیانی خۆمم هەست پێ دەکرد، کە دەزوولەکانی دەرو ونمی تەی دەکرد، کە فێنکایی ئەوینی خۆم خەریك بوو دەیتەزاندم. هەستم دەکرد لەگەڵ تروکاندنی چاوەکانیدا، ژێرباری قورسایی هەستی خۆم دەکەوم. ڕەشایی چاوەکانی هەر هێندەی ڕەشایی ژیانی من بوون. من لەنێوو ڕەشایی چاوەکانیدا، سپیەتی و پاکیزەیی خۆمم دەدی. دەمەویست لە تروکاندنی چاویدا خۆ هەڵدەمە نێوو دونیایی سپیەتی و پاکیزەی و بەختەوەری خۆمەوە. وەلێ ڕەنگی هەناری لێوەکانی هێندەی تر سپیایەتی ژیانیان تێر دەکردم و بواریان نەدەدام لێگەڕێم، تەماشایان نەکەم و لە چاوەکانیدا بەدوای ژیانی خۆمدا بگەڕێم. من لە بینینیی لێوەکانیدا ، تامی بوونم ترش دەبوو، وەك ئەوەکە دڵۆپێك لە ئاوی لێوەکانی ئەو چوڕا بێتە نێوو دەزگای کیمیاوی ڕۆحی منەوەو لە ئەنجامدا ترشەڵۆکی وجوودمی پێك هێنابێت. وەك ئەوەکە گوشراوی لێوەکانی وی، مادەی سەرەکی بوونی من بن.

لەو کەوین و بەینەدا هەر هێندەم زانی دەنگێك گازم دەکات. کاتێك ئاوڕم دایەوە، بینیم میترابوو. ئەو بەرەو ڕوومەوە دەهات و پێکەنینێکی بۆ دەکردم، لە کاتێکدا مل پێچە سورە هندیەکەی لەملی خۆی دەکردەوەو بە دەستەکانی خۆیەوە گرێی دەدا، وتی:

_چیت کرد؟ ئێستا بڕیارت داوە....!.

_هێشتا نا، یانی نازانم، م  وحەمەدی زەردەشتی پێی وتم کە دەبێــت لەگەڵی بم و وتی بەو زوانە دەگەڕێینەوە.

_من دەمەوێت تۆ لەوێ ئامادە بیـت، بۆ ئەوەی لە هەموو جموجوڵێکی شانۆکەدا چاوێکم لەسەر تۆ بـێت.

_ئای...یای! تۆ دەزانی چی دەڵێیت، بەم کارەت خۆ ناتوانیت دەو ورەکەت بگێڕیـت و لە یا سای شانۆیش لا دەدەیت. لێوەکانی کرۆشت و چاوەکانی تێکنا:

_بەڵام من دەمەوێت لە یاسای ئەوینی تۆ لانەدەم.

_بەڵام ئەگەر من ڕاهێنەری شانۆیت بم، بە بۆکز......!

_پێویست ناکات، بەو جۆرەی کە دەمێکە ڕاهێنەری شانۆی ژیانی منیت، و بۆ هەمیشەش خودی ژیانی منیت، هیچێکت نەکردوە، ئەویش هەر وەکو تۆ بووە.

_ئـاوا!؟

_ئەهەهاهاها......

_قا قا قــا.......

دوای دوو ڕۆژو بۆ دو  وەمـین ج ار کەلە نزیکەوە یەکتریمان بینی، بۆ     ئەوە هاتبوو کە پێـم بڵێت بۆ ئەو شانۆیەی ئامادەیان کردوە لەوێ بم. شـــانۆکە لە نزیکترین ماوەدا پێشکەش دەکرا. ئەگەر چی من لە ڕاستی دا حەزم دەکرد لەوێ ئامادەبم، بەڵام محەمەدی زەردەشتی پێی وتبو  وم لەگەڵی بڕۆم و هاوکاری بم. چو ون ڕۆژی پێشووتر ئەو لەکارەکەی خۆیدا منی بە هاوکاری خۆی دانا، و ئەمێستاش یەکەم خۆ ئامادە کردنم بوو بۆ ئەم کارە. دەبوو لەگەڵی چووبام بۆ ئەوەکە لەپاڵ ویدا، ژیانێك بۆ خۆم وەسازێنم.

ئەمێستا دەمتوانی چنگی ئارەز  ووم لە ژیان گیربکەم و لەپەنای ویدا خـۆم ڕێك خەم، و وەخت بە سـەربەرم. لە قونچکی داهــاتو وەوە خۆم بخەمە نێوو ئەو جەنگەڵستانەی کەلە بنەوەی تاریکایی و بێ مانایدا ون بووە. ئەو جەنگەڵستانەی کە ڕۆح خۆرەکان سەمای تێدا دەکەن و خوێنی ئەهریمەن لە دەمارەکانیان دەپەڕێت. من بۆ ئەوەی خۆم لە ژیانی ڕابرو وردو دەربـاز بکەم، دەبـوو بە نێوو چینی تاریکی ژیاندا تێپەڕم کردبا. چــونکی لە تەلیسمی ژیانی ڕابردووم دەترسام، کەلە ڕەبەنی  خـۆرەی وجودم  پێچاوپـێچ خۆی لول کردبـوو. من جگە لەو کـارەی کەلە پێشمدابوو، نەدەبـوو خۆم لەگەڵ نەگـونجاندبـــا.   دەنا دێوەزمەی بەسـامی زەمەن لێکی هەڵدەوەشاندمەوە، دەنـا وەخـــت بە سـێبەرە شـوومەکانیەوەو بـە دڕندەتـریـن ئازارە موگناتیسیەکانیەوە بەگیانمەوە دەلکا. من ناچار بەو چارەنوسە ببو وم کەوەك تیشکێك پێمدا تێپەری دەکرد، و ڕو وەو کۆتایی دیاری نەکراوی زەمەن ڕای دەکێشام. من تەنیا کارێك کە دەمتوانی بیکەم، هەر تەنیا ئەوە بوو لەپاڵ ویدا، لە پەنای موحەمەدی  زەردشتیدا خۆم سـاز بکەم.

بەیانی ڕۆژی دوایی لەگەڵ محەمەدیادا بەو شـوێنانەدا ڕەت دەبـووم، کە ئەو گــوزەری پێدا دەکردن. پشـتم دەیەشـــاو مێشکم هێلاك ببوو. پێـیەکــانم لە دو  وای یەك هەڵدێــناوە. دەمەویست لەبارەی ئەو     خانوانەوە قسە بکەم، کە سەرنجم دەدان. بەڵام نەمدەتوانی، یانی ئارەزو       وم نەبوو. چوکترین تاقەتی ڕێکخستنی وشـەکانم نەمابوو. لەسەر نێو وچاوانم هەستم بە قورساییەکی زۆر دەکردو تامی ئازارەکەیم لە جەندەکمدا دەچێشت. هیچ شتێك لە نێوو دەستەکانمدا نەبوو و هەروەها  محەمـەدیش دەستی بە تاڵبوو. نەمدەزانی بۆ کـوێ دەچم و چیم دەوێت. بەڵکەم هەر نەمدەویست بزانم.

کۆڵانی پێــچاو پێچ و درێـژ، هەورازو لێژایی پیس. خانوی تێکەڵ و پێکەڵ، دەرگـاو پەنجەرەی ڕەنگ کـراو. ڕەنگی ژەنگاوی پارچە ئاسنەکان، پەلو پۆی درەخت و کوچەی سێ گۆشـەو سـەیر. کـوچەی چۆڵ و تەنیا، هەراسـانـیان دەکردم. دوایـن کۆڵان کە خــۆمان پێدا کرد   ، ئەو شوێـنە بوو، کە م  وحەمەدی زەردەشتی لــە بارەیەوە قسەی بۆ کردبو   وم. من هەر بە دیوارە ڕەش داگەڕاوەکەی و بەلـق و پۆپی شـۆڕەوەبــو             وی درەختەکانەوە زانیم. لەوێدا هەستم بە تارمایی ئەو پلانانە دەکرد، کە     لەپەنـای دیوارەکـانەوە خۆی حەشار دەداو ئیشارەیان بۆ  من دەکرد. بە سامی ئەو کـوچەو کۆڵانانە هێندەی سێبەری خێوێك کە خۆی نیشانت دەدات، ترسناك بوو. وەهاکە دەتکوت لە شارێکی جنۆکەکاندا هەنگاو هەڵدێنمەوە.     لەپڕ چــاوم کەوتە سـەر لقی درەختێك و دوو چاوە زیت و نــامۆکانی  کوندە پەپوویەك سـەرنجیان ڕاکێشام. ئەو چاوی لە تەماشاکردنی

من هەڵنەدەگرت. بە سەرە چ ووك و خڕەكەیەوە لێم مۆر دەبۆو. من هەر لە خۆوە ترسم لێ نیشت.
نا...یادەوری ڕۆژێكی شو ومم وەبیر كەوتەوە. ڕۆژێك لە نێوەندی شەقام، لە سەرلقی درەخت كوندێكم دیبوو بەو شێوەیە چاوی لەمن دەكرد. من هەڵهاتم و ڕامكرد. لەوە بە دوا هەموو ڕۆژێك، هەر كوێیەك كە بۆی چووبام، لەپەنا سەرمەوە، لەسەر لقی درەخت هەڵدەنیشت و لێم مۆر دەبۆوە. جۆرێك دوام دەكەوت، دەتووت سێبەرێكەو لێم جودا نابێتەوە. من لێی دەترسام. لە سەرە چكۆلەو خڕەكەیدا هەستێكی نامۆو شەیتانی دژ بە خۆمم هەست پێ دەكرد. لە ئاكامی مۆركردنە شو ومەكانی ویدا، من چیتر هەموو سات، هەموو وەختێك تو وشی بەڵاو بەدبەختی دەبو وم. یاخود خەونێكی ترسناكی ترسناكم دەدی، كاتێك كە وەخۆ دەهاتمەوە، وەختە بوو گیانم لێ دەپڕا. ئاوم بە سەروچاوی خۆدا دەكردو فانۆسم هەڵدەكرد . پەنجەرەم دەخستە سەر گازی پشت و هەوا بە ساردی لە تاریكایی دەرەوە خۆی بەمیچی ژو ورەدا دەكرد. خشە خشێك لەوێ، لەپشت پەردە دروست دەبوو. دوایی ڕام دەكردە دەرەوەو تا ئەوسەری كۆڵان تێم دەتەقاند. وامدەزانی هەمیشە شتێك لە دوام دەكەوێت و دەیەوێت لە دواوە كێردێك، یاخود تەورێكم لێ بدات. ئینجا دەگەڕامەوەو لەترسان د ووبارە خەونم لێ دەكەوتەوە. خەڵكی بە شێت چاویان لێ دەكردم. وەلێ من سێبەری مەرگی خۆمم لە دوای جەستەی ویەوە دەدی. كاتێك مرۆڤ ئامادەیی مردن دەبینێت، چیتر ئادەمییەكی تەواو نابێت. هیچ شتێك هێندە ترسناك نییە كاتێك لە نێوو تارمایدا، لە نێوو دوو چاوی زیت و ڕەشدا وەبیر هەبوونی ڕۆحی خۆت دەكەویتەوە. دواجار ڕۆژێك لەب ن درەخت چاوم لێی دەكرد، ئەو شەڵاڵی خوێن ببوو، ئەما دوو چاوە زیت و مانا دارەكانی هەر لێم مۆر دەبوونەوە. من لەترسان پەلم پێداكردو بە دیواری زبرو ڕەش داگەڕاوادا كوتام. لەوێ لەسەر دیوار چەند دڵۆپ خوێن بەجێ ما!.
موحەمەدی زەردەشتی وتی:
_تەواو ئەوەتا.....چ پەناگەیەكی نامرۆڤانەیە..!
لەبەردەركەی خانوو وەستا، خانوو نەتەنها ڕوخسارێكی ترسناك و نوتقێكی بێدەنگی هەبوو، بەڵكەم لە كونجێكی جەهەنەم دەچوو. پەنجەرەی چكۆلە كە دەیڕوانی بەسەر دەوورو بەریدا توندو قایم وەپێش چاو دەكەوت. قەبارەی خانوو دەتووت بەر مستی نەفرەت كەوتووە، نا...بەشێوەیەكی هەندەسی قوپاو دروست كرابوو. لەمۆڵگەی موعتادو بێ خێوو دزو جەردەی دەكرد. حەمەد یا چاوی لە چاوی من بڕی و لە دەركەی دا. چاوم بە دەركەدا گێڕا، هیچ درزو كونێك وەپیش چاوم نەكەوت. دەركە قایمتربوو لەوەی كە بیرم لێ دەكردەوە. وەهاكە دەتووت لە نێوەڕا بە ئەندازەی چەند تەنێك قورسایی ڕاگیراوە. پاش كەمێك لە سەرو وی دەركەوە چوار چێوەیەك بە قەرا لەپی دەستێك كرایەوەو دەنگێك وتی:
_ژمارەكە چەندە؟
_بیست و یەك، و دەنگی لێكترازانی زنجیری دەركە بەر گوێیان كەوت.
هەر هێندەم زانی چاوم بە پیاوێك، نا..دێوێك بوو كەوت، ئەوەندەو نیووێكی من دەبوو. دوو لێویی ڕەش و ڕوخسارێكی فوتێكراوی هەبوو، بروكانی پیس داتەپیبوون. دەستێكی فەرمووی بۆ درێژكردین و حەمەد وە ژوورکەوت، و من بەدوایدا. لە دواوە چاوم لەشان و ملی دەكردو لەیەك سا تا بیرم لە مەتر سی گیانی هەردووكمان دەكردەوە. لەدڵی خۆمدا وتم "تازە تەواو...كار لە كار ترازا، دەرباز نابین ". كابرای دێوو تا نیووە بە دوامان كەوت و بە كەسێكی دیكەی سپاردین، كەلە ڕێڕەوی تاریك چاوەڕێی دەكردین. ئەمەیان لە مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو و چەناگەیەكی شۆڕی هەبوو و هەناسەی نەدەدا. وەهاكە دەت ووت پەیكەرەكان وێنەی ئەمن. بە ڕێڕەوی تاریك و درێژدا بە دوای كەوتین. لەویدا دوو كەس لە تاریكایەكی نیو وە ڕووندا وەپێش چاوم كەوتن كە چاویان لە ئێمە دەكرد. یەكێكیان سەری لاركردبۆوەو دوكەڵی جگەرەی بە هەوادا دەدا. ئەوی دیكەیان ئیحمێكی كردو ملی بادا.
ئێمە بۆ پێشەوە هەنگاومان هەڵدێناوە. هەوایەكی شێداری هەبوو، بەڵام من هەناسەم توند ببوو و دڵم دەیكوتا. پاش كەمێك بە ڕێڕەوەكەدا بامان دایەوەو لەوێرا كورەی پێشمان وەستا. چپەیەكی كردو كەسێك كەلە تاریكایدا دیار نەبوو دەركەی كردەوەو ون بوو. لە چەند چركەی نیو وەی دوەمی یەك خولەكدا گەڕایەوەو وتی:

_با بێنە ژوورەوە!
بەدوای موحەمەدیدا وە ژو ورکەوتم. دوکەڵێکی چڕ وەکو تەمێك دەکەوتە پێش چــاو. بۆنێکی خاو و تێکەڵ، بۆنی شەڕاب و مەی، بۆنی عارەقەی ئەو کەســانەی کە لەوێ بــو ون، و بۆنێکی تیژ دڵمیان لە ژێڵاوە دەهێنا. ڕووناکیەکی سورباو سەرو چــاوی ئەو پیـاوانـەی نـیشان دەدا کە لەسەر مێزەکان دانیشتبو ون، و سەرقاڵی گفتوگۆیەکی ڕەسمی بوون. یەکێك لەوان کە لەسەروی هەموویانەوە دانیشتبوو، هەڵی دایە:
_جەلادی پـاك، لەچرکەیەکدا بێدەنگی بەهەموو لایەکدا بڵاوبویەوەو هەموو غەرقی بێدەنگی بوون. کابرا دووبارە دەنگەکەی هێواش کردەوەو ڕو و بەڕووی ئێمەوە هات. دەستی لەسەر شانی محەمەدی زەردەشـتی داناو وتی:
_ببوورە نەمزانی بەو وشەیەی من قەڵـس دەبیت، هەڵبەت جاری پێشوو ناکۆکی نێوان من و تۆ هەر ئەو وشەیە بوو. دواتر وتی:
_چی بڵێم زمانە ئیتر، بە هەموو شێوەیەك وشەکان فڕێ دەدات، جگە لە دەنگی نەڕی وی هیچ شتێکی دیکە نەدەبیسرا، دەیەویست فەزای ژوورەکە کۆنترۆڵ بکات، بەردەوام بوو:
_بە دووبارە گەڕانەوەت خۆشحاڵ دەبم، بەڵام لە بیرت بێت ئەمجارە کوری باش بیت ...ها، هاروهاجی نەکەیت. ئینجا دای لەقــاقــایی پـێکـەنین. دوایی ڕووی لە پیاوەکانی کردو وتی:
_هاوڕێـیان نەمووت ناتـوانێت ئێمە لـە بیـری خۆی بەرێتەوە. ئەمەش ئەنجامی دڵسۆزی و چاکی خۆمانە، دەڵێی هەمیشە لەیادی هاورێیەتی ئێمەدا بووە. ناهەقی نییە!، کێ دەتوانێت ئەم هەموو پیاوە چاکانە جێ بهێڵێت!؟.
دوان لەو پیاوانە لەگەڵ پێکەنیندا پێکیان نۆش کرد. من پەنجەی موحەمەدم ڕاکێشاو بەچرپە پێم وت:
_بۆچی منت بۆ ئێرە هێناوە.....ئێرە کوێیە؟ ئەو وتی:
_جەهەنەم و، من سوور بوومەوە. عارەقەم کردو هیچی ترم نەووت. یانی نەمتوانی بڵێم.
ڕوخساری ئەو پیاوەی کە قسانی دەکرد، لەبەر ڕو وناکایی کزو سو وردا دەرکەوت. دەمـتوانی بە تەواوەتی بیناسـمەوە. بۆ نمونە لە بازاڕی گەورەی شاردا دەمتوانی دەست نیشانی بکەم و پەنجەی بۆ ڕاکێشم. دوو چـاوی دوژمنــانەی لەژێر برۆکانیدا حەشار دابوو. سەرێکی سفت و سمێڵێك کە بەسەر لێویدا دەکەوتن هەبوو. باڵایەکی ناوەندو کەمێك کووری هەبوو. لـەو پیـاوانە دەچوو کە جە لادەکان لێی دەترسێن و فرمانەکانی جێبەجێ دەکەن.
موحەمەدی زەردەشتی تەکانێکی داو چەند شەقاوێکی بۆ پێشەوە هاویشت و لەپەنا مـێزی ئەوان وەستا. نێوچاوانی هێنابو وە یەك و بەقین و ڕقەوە قاپی خواردنەوەکانی لاداو هەردوو دەستی لەسەر مێز دانــا. لەو ســاتەدا کوڕ ببو ویەوەو لەم سەری مێزەوە بۆ ئەو سەری مێز، لە بەرابەر پیاوە یەکەمینەکەدا کە قسەکانی کردبوو، نیگـاکانـی خـۆی تێبـڕی. بێدەنگی تاوێك هەموویانی خامۆش کردەوە، پاشان جە لادی پاك وتی:
_جەنابی داود لەڕاستیدا من بۆ ئەوە هاتم دان بە ترسـنۆکی تۆدا بنێم. تـۆ نـاتوانی لەبەرانبەر مندا هـێزی خۆت نیشان بدەیت. من بـۆ ئـەوە ئەم کارت لەگەڵدا دەکەم لەبـەر ئەوەی کەسێکی ئارامم و نامەوێـت دووبارە دەستە ناحەزەکانی تۆ خیانەتم لێ بکەن. خیانەت کردن ترسنۆکییە، دەزانی خیانەت یانی چی؟ یانی گەوادی، تێدەگەی، گەوادی....
من چاوەڕێم کرد یەکێك لە دواوە محەمەدی پـاك تەواو کات، بەڵام داود، داودی بەد سێ چوار چەپڵەی لێداو هەڵی دایە:
_ئافەرم چ عەجەب، چ عەجەب!، بە ڕاستی ڕستەگەلێکی جوان بوون. پـیاو دەبێت هەندێجــار قسەی جوانیـش بکات، ئافەرم. بەڵام دەبێ بزانیت گەوادیش بەهـرەیە. نەکا بزانی هەر لە خۆوە بو ومەتە خاوەنی ئەم پلەیە. نـا...باو و باپیرانی مـن ئـەمە کاریان بووە. ئێستا ئیتـر بۆ منیش بو وەتە بەهرە. لەوە گەڕێ بزانم دەتوانیت ببیتە پیاوێکی چاك. بۆ سبەینێ ئامادە بیت، حەمەدیا لێی ڕوانی:
_ترسنۆك...!؟

_هەڵیت و پەڵیت مەڵێ!
_بۆ ئێستاش ئامادەم.
_کەوایە پیاویت!
_پیاو، بەڵام نەك وەکو تۆ..
_زۆرچاکە....زۆرچاکە، کامەیانت دەوێت، مەبەستم کامەیان وت؟
_هەر ئەوەی جاران، یانی ئەوەی کە پێشتر دەتنارد!
_ئەها، کەواتە هێشتا لە بیری خەڵکیدان، ڕاست دەکەن! ئەمێستا خەڵکێکی هەژار هەن، زۆر پێویستیان پێیەتی. پێویستە زوو پیان ڕابگەین، بەڵام بزانم چەندێکیان ویست؟
_چوزانم، هێندەی جاران، یانی ئەوان وتیان خۆی پرەکەی دەزانێت!؟
_باشە، بەختم هێناویەتی. نەیان وت زیادیکا!؟ خۆ ئەم بێ تەماعە پیسانە لێ ناگەڕێن...
_نا...هەر ئەوەندەو تەواو!
داودی بەد ڕوی لە پیاوەکانی کردو، وتی:
_ئادەی یوسف بۆی حازرکەن. هەر لەوەی جاران، کە دەماننارد. "دەرمانی ئازادکردنی مرۆڤ"، زووکەن، ئیشی هەیە با دوا نەکەوێت. کورێکی باشە! جێگەی متمانەیەو خەڵکی دەیناسن. دوایی وتی:
_ئەوە بۆچی نۆشتان نەکرد؟ دەبووا زووتر ئەمەم وتبا، بەڵام قەیدی چ ئیە جارێکی تر، خۆ دونیا هەر ئەمڕۆ نیە. لەپڕ تەماشایەکی منی کردو دووبارە هەڵی دایە:
_چ کوڕێکی جوانە!، هێندەی کچێك سەرنجی پیاو ڕادەکێشێت. ئەمەش خۆمانەیە!؟وەلێ حەیف نازدار دیارە. وێدەچێت زۆر نازیان کێشابێت. پێڵوە تەپیوەکانی تێبریم:
_"ئەگەر لەگەڵ ئەودا، لەم کارەتان بەردەوام بن لەگەڵ بارو ودۆخەکە ڕادێیت. دوایش پیاو دەخوێت. بێ مەترسیە!".
دوایی هەردوو بڕۆکانی لێ هەڵتەکاند م، ئیمان لە کەللەما نەما. ویستم ڕابکەم و توند شەقازلەیەکی لێ بدەم ، بەڵام نەموێرا. دوا بەدوای قسەکەی ئەو، هە مووان دەستیان بە پێکەنین کرد. م وحەمەدی زەردەشتی نەبێت، تەماشایەکی کردم و بێدەنگ بوو. پاش کەمێك یوسف گەڕاوەو شتێکی بە جە لادی پاك سپارد. داود وتی:
_ڕەوانەی کەن، سەر کەوتوبیت برادەر!.
بەرەو دواوە هەنگاومان هاویشت، هێشتا نەگەیشتبو وینە دەرکە. دیسانەوە سەر سفتی بەد بە دەنگێکی گڕو بەرزی پڕ لە هەڕەشەوە گوراندی:
_هەوڵبدە بیر لە هەڵەکردن نەکەیتەوە، بچوکترین هەڵە سەر ئێشەمان بۆ زیاد دەکات. خۆت چاك دەزانیت ئێمە کارمان بەتۆ نیە. تۆ جارێ بۆ ئێمە پێویستی ، بەڵام و تەواوی نەکرد. م وحەمەدی زەردەستی وتی:
_هەموو ئەمانە دەزانم، پێشتر زۆرم بیستوون!؟.
لە ڕێڕەوی تاریك و پێچاو پێچدا، لە هەوای شێداردا دووا بە دوای یەك دەڕۆیشتین. کەسێك لە پێشمانەوە زنجیری لێك ترازاندو دەرکەی کردەوەو وەدەرکەوتین. دەرکە لە پشتمانەوە بە خڕە خڕ، دو وبارە قەپات کرا. بە نێوو شەقامەکان کەوتین. نە من قسەم دەکردو نە ئەو. دڵم شەقی بردبوو و پڕ ببوو لە قین. دەمەویست پێی بڵێم مروحەمەدی زەردەشتی تۆ جەلادی، تۆ منت فرۆشت. کەچی کاتێك تەماشام دەکرد، کاتێك چاوەکانیم دەبینی، کەتەماشایی دو وری دەکرد ، نەمدەتوانی هیچ شتێك بڵێم . وەهاکە دەتکوت لە نێو و چاوانی ویدا بەربەستێك هەیەو ناهێڵێت قسەکانم تەواو کەم. ناهێڵێت داخی دڵی خۆمی بۆ دەربیرم. ناهێڵێت پێی بڵێم محەمەدی زەردەشتی من لەگەڵ تۆدا کار ناکەم. من دەترسێم و تەواو. من نامەوێت جارێکی تر، ئەو سەر سفتە سمێڵ حیزە ببینم. ئەو پیاو بەدبەخت دەکات. تۆ ئەوکارە بۆ دەکەیت؟ پێی بڵێم لێگەڕێ دەچین کارێکی دیکە دەکەین. وەلێ نەمدەتوانی هیچ شتێك بڵێم. ئەو نەتەنیا کەسێکی نزیك و هاوڕێ بوو بۆ من، بەڵکەم لە دەروونی خۆمدا تەنیا پەیوەندی من بەدەرەوە، هەر تەنیا ئەو بوو. من لەڕێگەی ئەوەوە ئاشنا بە

هەمووو شتێك دەبووم. لەڕاستیدا من كەسێكی ناتەواو و كەم و كورت بووم، ئەوە ئەو بوو تەواوی دەكردم. لاوازییەكانی منی دەشاردەوە. بە ڕومدا پێدەكەنی و دڵخۆشی دەدامەوە. ئەمێستا نەمدەتوانی بەڕوویدا قسە بكەم. لە داخان هەردوو مستی خۆم گرمۆڵە دەكردو شەقم لە هەمووو شتێك دەدا. ئیحمم بە دەنگی بەرز دەكردو هەناسەی قوڵم هەڵدەكێشا. لەداخیدا جگەرەكەم دەرهێناو هەڵمكرد. دوكەڵی جگەرەم بە چڕی بە هەوادا دەكرد. دوایی جگەرەكەم لە ژێر پێمدا دەتلیقاندەوەو یەكێكی ترم هەڵ دەكرد.

كۆڵانە تەسك و پێچاو پێچەكانمان جێهێشت. لە هەورازو نشێووی دوور كەوتینەوە. ئێستا شار بەڕوونی دیار دەكەوت. هەوایەكی فێنكی دەهات و ڕۆژ لە نێو وە تێپەڕی بوو، لەنێوو ئاپۆرایی خەڵكیدا گێژو وێژ هەنگاوم هەڵدێناوە. تینووم بوو، برسیم بوو، نا....پەست بووم. لە دڵی خۆمدا وتم "ژیانم لە دەست دا! ". لە پەنای یەكترییەوە دەڕۆیشتین. ئاخیرەكەی محەمەدی پاك، جەلادی زەردەشتی وتی:

_بێ تاقەت دیاری!؟

_بێ تاقەت و جەهەنەم، تۆ دەزانی چیت كرد؟

_چـــــاك!

_چاك!؟ فووو....

_پێم وا نەبوو هێندە بێ ئارام بیت.

_ئەو جەهەنەمەت لە كوێ دۆزییەوە؟ ئەم دەرمانانە چین ها! ئەو هەتیووە كێ بوو؟

_چوزانم....چوزانم، من وتم:

_موحەمەدی زەردەشتی ئەم كەسانە لەكەیەوە دەناسیت؟. گوێ بگرە، من ناتوانم ئەم ئیشەت لەگەڵدا بكەم، من ئەمە ناكەم. ئێستا پێم بڵێ بزانم، ئەمانەت چۆن ناسی، دەی زووكە...؟ دەی پێم بڵێ....ئەو بە دەنگێكی گڕەوە وتی:

_ژیان ئەمانەی پێ ناساندم، ژیان و ئاه!

_دەی زۆرچاكە، خۆت و ژیان و ئەمانە، ئەو كارە بكەن و بڕۆن بۆ جەهەنەم!

لەوێ، لە نێووەندی شەقام لە یەكتری جوودا بووینەوە. من ئەوم جێ هێشت. ئەو بانگی لێو وە كردم و من وەڵامم نەدایەوە. بە خێرایی ڕەت دەبووم و كۆڵان و جادەو دونیام تەی دەكرد. هێندە دوور كەوتمەوە، ئارەزووم نەدەكرد بگەڕێمەوە. لە چۆڵاییەكی فراوانداو دوور لەهەمووبوونەوەرێكەوە لێی دانیشتم. ماندووبووم، هەراسان و پەست بووم . چەند سەعات دواتر، من تەنیا بووم و شەو هات......

## بەشی چوارەم

میترا وتی:

_مەگەر پێم نەوتبووی وەرە لەوێ، با لەشانۆکەدا یا لەهەر کونجێکی ترەوە،من چاوێکم لەسەر تۆ بێت. با لەکاتی تینوویەتی تەواوی وجودمدا، من چۆرێك لە عیشقاوی تۆ بخۆمەوە. مەگەر پێم نەوتی ئیتر دەستەکانم بێهێزن و گیـــانیان تێدا نیە، ئەو کاتانەی لەدەستەکانی تۆوە دو ور بن. من خۆ خەیاڵ و هەناسەکانم پڕن لەتۆ. خـۆزگە جارێکی تر چاوەکانت نەیان دەهێشت تەنیابم. بەڵام خۆ هێشتا من بەبێ تۆ تەواوی ژیـانم تاریك و ترسناکە. قەیناکـا...تازە تەواو، ئەوە ڕابردوو بوو. من کە نامەوێت بیـر لە ڕابردوو بکەمەوەو حەسرەت بکێشم. گرنگ ئەوەیە ئێستا ئیتر پێکەوەین. جارێکی تر بێیت.....هـــــا!

_ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە؟

_هیچ گوێم لەتۆ گرتوە!

_نا شـتێك بووە!؟

_ئم.....

ڕوی وەرگێراو تو ورە بوو، نێووچاوانی دا بەیەکدا. ڕوخـساری چو ون خەرمانە ڕوناکی دەداوەو تاریکایی چاوەکانی دەشاردەوە. چاوە ڕەشەکانی دەیانەویست تاریکی بهێنن، بەسەر ڕۆژی ڕوونی خودی خۆیدا. وەلێ نەدەکرا، تازە ڕۆژ هەڵاتبوو. کوڵمەکانی نیو وە سـوور ببوون و جاروبار لەژێر کەزیەکانیدا ون دەبوون و دو وبارە دەردەکەوتنەوە. لێوەلێانی هەناری بو ون و من پێـم وابوو تامی پـرتەقاڵ دەدەن. من ئەگەر ئـاوی هەنـاری لێوەکانیم هەڵنەمژیبا، ئەمێستا ئیتر زەمەنێك بوو کـۆتایی بە چیـرۆکی ژیانی من هاتبوو. چەناکەی چوك و و لوتی خڕی، منیان وەبیر زیۆس و ئەفسانەکان دەخستەوە. من نەمدەتوانی لە نێـوو ئەفسانەکانیـشدا جوانییەك هێندەی ئەم وە دۆزمەوە. ئەمە منی نیگەران دەکرد، کە نەمدەتوانی لە ئەفسانەو حەکایەتەکاندا پێوەرێك بۆ جوانی و میهرو مەحەبەتی وی بدۆزمەوە، هەموو پێــوەرو پێوانەکان لەبەرابەر ویدا، لەبەرابەر ئەو فریشتەیەی کەمن دەمبینی هەڵە دەبوون. ئـاخ! ئاخر کێ پێ ووا بەوە دەکات بــاس لە جوانیەکی خەیاڵی بکەیت. خەڵکی وا دەزانن من لە عـالەمی یۆتـۆپیادا دەژیم.....نـــا، ئاخر ناکرێ هەروا بە ئاسانی باس لەجوانیەکی ڕەهاو تەواو بکەیت، چون کو هەموو خەڵکی لە پەنجەرەیەکی نـاشیرینەوە تەمــاشایی جوانی دەکەن. لە دەلاقـەیـەکی تاریکەوە هەموو ژیـــان دەبینن.

لەو بارودۆخەدا هەروا دەستەکانی لەژێر چەناکەی دانابوو، و تەماشایی دوو چۆلەکەی دەکرد، کە لــەسەر زەوی خۆیان لە یەکتری گیــڤ دەکردەوەو پــاشان دوای یەکـتری دەکەوتن. قـامکەکانی لــەڕومەتی خۆی هـەڵدەسوو، وادیار بوو نەیدەویست هیچ قسـەیەك بکات. من وتــم:

_ئەوە تـورە بوویـت.....ئـــادەی!؟

جۆرێك دوو چاوەکانی تر ووکاندو لێڵ بوون و لێو وەکانی جوڵاند. من بە هۆیانەوە پەیم بە تەواوی نازی کچانەیەوە برد. ئەو نــازی کردو تیشکەکانی بە درزی ناخ و هەستی مندا ڕۆچوون، گیـانم گڕی گرت. وەکو سروشت لە نێوەوەمدا بو ورکانی خۆشـەویستی دەتەقی و پڕای پــڕی بـوونم ئەوین دەقـرچا. فەزای ناخم وەکو تەمێك دوکەڵی چڕی مەحەبەت پڕی کـرد. هـەستم بە گەرمایەك کـرد، کە بەسـەرتـاپایی جەستەمدا گەڕا. دەمـارەکـانم گرژبوونەوەو دڵم پڕبوو، مێشکم خاو بـۆوەو بوونم شــەقـی برد. ئەوە یەکەمجار بوو هەستم بە خۆشـەویستیەکی هێندە قـوڵ و کاریگـەر لە خۆمدا دەکرد. پێم وانەبوو خاوەنی هەستێکی ئەوەندە کوشندەو لەهەمانکاتدا خۆش بم. لەوێدا هێندە خۆشـم دەویست دڵم نەهات ماچی بکەم، یانی نەمتوانی. دووبارە وتم:

_لێم تورە بوویت؟ چاوەکانی هەڵێنا:

_نــــا!

_ئەی چی؟

_وا دەزانم شـتێکم لێ دەشاریتەوە.

من چـارم نەبوو جگە درۆ، نـازانم بۆ هەر لەخۆوە ئەو درۆیەم کرد. یەکەمین درۆی خۆمم لەوێدا کرد. داودی بەد وتبووی:

_فێڵ و درۆو دزی و جەردەیی و گەوادی، هەموویان بەهرەن. من پێم سـەیربـوو. دوایی وتم:

_نا...تەنیا نیگەرانی ئەوە بووم کە بینینی شانۆکەم لە کیس چوو. میتیا خێرا هەموو تورەییەکەی ڕەویەوە. ئەو میهرەبان و دڵپاك بوو. پێی وتم:

_جا ئەوە چ یە؟ تەنیا شانۆیەك بوو و تەواو، خۆ ئەوە دواین شانۆمان نابێت. لێگەڕێ جارێکی دیکە پێکەوە دەچین و شانۆکە دەبینیت. بزانە چۆن دەوورەکەم دەگێرم، ئەوە خۆ نیگەرانی ناوێت. وتم:

_نا...ئەم جارە من لە پێش تۆوە لەوێ ئامادە دەبم، دەبێت بلکێم بە کورسیەوەو تا دوا چرکە نەجولێمەوە. سەری بەردایەوە:

_ئۆو، قاقا تریقایەوە. من سەرنجی ددانە ڕێك و وردەکانیمدا. پێم لە دوورو مرواری گران بەهاتر بوون.

_چیرۆکی شانۆکە لەسەر چی دەدوا؟

_هەر زۆر گریاناوی بوو...

_ئەوە چۆن بوو؟ کەوتە باسکردنی چیرۆکی شانۆکە.

"لە قەراغ شاردا خێزانێکی هەژار هەبوون، توانای گوزەراندنی ژیانیان نەبوو. هەر زۆر دەست کورت و ڕەش و ڕووت بوون. خێزانێکی پێنج کەسی بوون. پیرە پیاوێکی تێکشکاو و ژنێك،کە هەمیشەو زۆربەی کاتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ دروست کردنی کەل و پەلی دەستی. لەگەڵ دوومناڵ، یەکێکیان حەوتساڵان بوو ، ئەوی دیکەشیان نۆ ساڵان، کچێکی سێزدە ساڵیشیان هەبوو. مناڵە حەوت ساڵەکە کورێك بوو بە ناوی "یۆهان" نۆ ساڵەکەش کچێك بوو بە ناوی"ژینا". ئەمانە لەژیانێکی بەدو فەرامۆشیدا دەیانگوزەراند. لە کۆڵانێکی ژیانەدا دەیانگوزەراند، کە مردن و بەد بەختی دوایان کەوتبوو. ئەرکی ئەم خێزانە لە ئەستۆی کچە گەورەکەیاندا بوو، کە ناوی شادی بوو. شادی دووچاوی قاوەیی و قژێکی خوماری تا ناوقەدی هەبوو. نێوچاوانی پان و برۆکانی سەرنج ڕاکێش بوون. بە کورتی کچێکی خۆش ئەندام بوو. بە ڕادەیەکی وەها جوان بوو کە ببوە هۆی دروست بوونی کێشەو گیرو گرفت بۆی. ڕۆژانە لەگەڵ یۆهانی چکۆلەدا بە نێوو خەڵکی و بازاڕو شاردا دەگەڕان و ئەو کەلوپەلانەیان دەفرۆشت کە دایکی سازی دەکردن. دوایش کاتێك کە دەگەڕانەوە بەو پارەیەی کە دەستیان کەوتبوو، کەمێك نان و پەنیرو سەوزەیان دەکڕی و ئێوارەیان پێ دەگوزەراند.

شادی لەم جەنگەڵی جەهەنەمەدا دەژیا. لێرەدا ئەو دەیویست لەگەڵ ژیاندا بجەنگێت، دەیەویست بیسەلمێنێت کە ڕۆژگار ناتوانێت ڕو و بەڕووی بێتەوە. ئەو تەنیا بوو، ژیان و یاساکانی بو ون و خوداش دەستیان لێ بەردابوو. ئەوە ئەو بوو نەیدەویست دەست بەر داریان بێت. مەگەر جەهەنەم هێندەی ژیان، بۆ ئەو بە ئازارو ترسناك بوویێت. کاتێك بە نێوو پیاوو و خەڵکیدا تێپەڕ دەبوو، بە چاوی پیس و تەماعەوە تەماشایان دەکردو سمێڵیان بۆ دەکرۆشت. دەستیان بە ڕیشیاندا دەهێناو، دەیان وت:

_تازە هەڵدێت.....تەڕو یرە!

لەو جەهەنەمەدا، ئێوارەیەك کاتێك کە دەگەڕێتەوە. کۆمەڵێك دزو جەردەی لێ خڕ دەبنەوەو دەیرفێنن. هەرچی یۆهانی چکۆلە بە دوایاندا دەقیڕێنێت، هیچ سودێکی نابێت. دوایی بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوەو پاش هەراو هوریاو قیژو قاو و حەسرەت، بەدڵی برسی لە خانوچکەیەکی بێ سەرو بەردا چاولێك دەنێن. چەند ڕۆژ دواتر تەرمی شادی لەسەر زبڵ و خاشاك دەدۆزرێتەوەو دەردەکەوێت، پاش دەست درێژی لێکردن کوژراوە.

یۆهانی چکۆلەش لەوە بەدوا بە تەنیا ئەرکەکەی شادی جێبەجێ دەکات. ئەوە بوو پوختەی شانۆکە!

_فووو......

_ناڕەحەت بوویت!؟

_هەر زۆر...

ئەو چیرۆکەی گێڕایەوە منی پەست کرد. دڵم دەبو ورایەوەو کەلەی سەرم دەنێوو ژانێکی پرست پردا چنگڵی دەداوە. حەزم دەکرد بجولێم و ڕابکەم، بەو درەختەدا هەڵبەزم کە سێبەرەکەی بەسەر ئێمەدا شۆڕکردبۆوە. هەستم بەخاو بوونەوەی گیانم دەکرد، لە هەموو بەشەکانی لەشمدا. دوو جار زمانم لە مەڵاشووم دا، دەستێکم لە پشتم گیرکردو بۆ دواوە خۆم چەماندەوە. ئێستا ئێمە تەنیا دوو کەس بو وین، ئەو هەستایەوەو خۆی کۆکردەوە. تیلی پەنجەکانی لەقژە تێکئاڵاوەکانی وەردا. منیش بە دوای ویدا هەستامەوەو

بۆ پێشەوە جوڵاین. خۆر لار ببو ویەوەو هەموو کونجێکی زەمینی ڕ وون نیشان دەدا. وەهاکە دەتکوت بە دوای ژیانی سەر زەمیندا دەگەڕێت. هەوا نەرم و لەسەر خۆ بوو، هەندێکجار پرشە پرشی لێك دەپراو دوایی بەردەوام دەبۆوە. لە شوێنە جیاوازەکاندا ڕەنگی خاکەکە دەگۆڕا، هەندێ شوێن خاکەکەی ڕەش بوو. هەندێ شوێنیش خاکی سوورو قاوەیی و خاکی لم بەرچاو دەکەوت. بەگشتی هەموو ئەو خاکەی بە سەریدا تێپەڕ دەبووین نسرم و شێدار بوو. هەندێکجاریش هیچ خاکێکت پێش چاو نەدەکەوت، هەموو شوێنێك گژوگیایەکی ئاڵۆز دای پۆشی بوو. لە پانتایی ئاسمانی شیندا چەند پەڵە هەورێك بە شێوەی دایر دایر، پێشچاو دەکەوت. ئێمە بۆ پێشەوە یەك لەدوایی یەك هەنگاومان هەڵدێناوە. پاشتر لەپەنا کۆڵانێك وەستاین و میتیا وتی:

_ماندوو بووم.

من وەستام و ئەو لەسەر بەردێك لەپەنا دیوار دانیشت. چاوم لێی کرد. دوای ئەوەی ئیستێکی کردو هەناسەیەکی ڕاحەتی دا. بزیەکی کردو منیش بە بزەیەك دڵخۆشی خۆمم بۆ ستاندەوە. لەو حەلەدا ماشێنێك هات و سەیرێکی ئەوم کرد، بینیم هیچ هەڵوێستەیەکی نەبوو. منیش هەروا نوتقم لێبڕا. ماشێن هات و فڕەی کرد. دوایی وتم:

_دەڵی چی بە نێوو شاردا بگەڕێین!؟

لەیەك ساتدا شان و بڕۆو لێوی جوڵاندەوە. من تێگەیشتم و چوومە پەنا جادە، بەڵام ئەو وتی:

_بە ماشێن نا..!؟

_مەگەر لەگیانی خۆت بێزاری، ئاوا دەتەوێت ئەم هەموو جادەو کۆڵانەی شار بە پێی پیادە ببڕیت؟.

دوو برۆی هەڵبڕی و وەڵامی داوە:

_نا!

_ئەها....

_دەی خێرا!؟

لەو دەمەدا دوو ئەسپ کە گالیسکەیەکیان ڕادەکێشا، خەریك بوو تێدەپەڕین. چو ومە پەنا جادەو دەستم لە کابرا بەرزکردەوە. کابرا دەنگێکی لێو وەهات، کەتەنیا ئەسپەکان لێی حاڵی دەبو ون. هێندەی نەبرد هێواش بوونەوەو گالیسکە وەستا. کابرا کۆکەیەکی کرد، تەماشای میتیای کردو بە منی وت:

_دەی خێراکەن، سەرکەون. من پێم وت:

_دەتوانی تاوێك بەنێوو شاردا بمانگەڕێنی، وتی:

_ئەگەر بەژێر زەمینیشدا بگەڕێن، دەتانبەم! چاوە چو وك و ڕوخسارە تێك سمڕاوەکەی هەموو شتێکی دەووت. من هەر لەیەکەم نیگادا ڕقم لێی بۆوە، دوایی وتی:

_پرسی پێ ناوێ، هەرکوێ بڵێن دەتانبەم...

ئێمە سەرکەوتین و گالیسکە جوڵا، لە کەژاوەی گالیسکە وە تەماشای خەڵکی و نەریت و ڕێو و ڕەسمەکانمان دەکرد. بەجل و بەرگی سەیرو سەمەرەوە سە رنجی ئێمەیان ڕادەکێشا. خەڵکێکی تێکەڵ و پێکەڵ، و هەراو هوریای بێ مانا. دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوی ئەو هەموو بنیادەمە، تێکەڵ بەخڕە خڕو ناڵەو سمی ئەسپەکان دەبوو. لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر دەچوون. هەندێکیان هەردوو باڵیان لەگەڵ ڕەوتی جموجوڵیاندا لە هەوادا وەردەدا، و بەخێرای دەڕۆیشتن. هەندێکیش دەستیان لە باخەڵدا بوو و لەسەر خۆ دەجوڵانەوە. هەندێکی دیکە تاك و تەنیابو ون و لەشوێنی جیاجیادا وەستابو ون. ژنان بێ بەش نەبو ون لەو هاتەران پاتەرانەو لەهەموو شوێنێکدا بەرچاو دەکەوتن. هەندێکجار یەك دوو مناڵ بە دوایانەوە دەبینرا. دەنگە دەنگی جۆراو جۆرو ئەم هەموو جەنجاڵیە، پێم لەشارێکی هیندوستان سەیر تر بوو. قونە قونی پرێك لەو بنیادەمانە کە تێپەڕ دەبوون، منیان دەخستە پێکەنین. ئەو هات و هەرایەم لە خۆرا دەهاتە پێشچاو. پێم موعجیزە بوو کە هەموو ئەوانە هاوجنس و هاورەگەزو دین و بیر بو ون. هەموو چ وون یەك جڕت و فڕتیان دەکرد. من کە تائێستا بەو شێوەیە سەرنجی ئەم هەڵس و کەوتەم نەدابوو، پێیان سەراسیمەو ئەبڵەق ببو وم. ئەسپەکان زیاتریان دەپری و وێنەی جۆراو جۆری دیکەش، سەرنجی ئێمەیان ڕادەکێش ا. لەسێ لاوە چوار

ئافرەتی دوو گیانمان بینی و دەربارەیانەوە قسەمان کرد. دەربارەی ئەو گەنجانە دەدواین کە بێهودە، دەخولانەوەو هیچ کەسێك پێویستی پێیان نەبوو. وەهاکە دەتکوت لە عەمباری ئەم ژیانەدا وەکو مشکەکان دەیگوزەرێنن.

ئەو کابرایەی دەنگە مرو لاوازەکەی خۆی بەسەر ئەسپەکاندا بەرزدەکردەوە، وەك ئەوەی نەخشەی بۆ گەشتەکەی ئێمە دانابێت، بە شێوەیەکی شارەزا ئەو نێوچانە دەگەڕا کە ئێمە پێمان خۆش بوو. لە سەرەتادا بردینی بۆ شوێنە دێرینەکەی شار، کەلە باشوری شارەکەدا هەڵکەوتبوو، لەوێدا دیوارەکان دەستو ورو تایبەتمەندی خۆیان هەبوو. بەخشتی سو ور لە سەریەك هەڵچنرا بو ون. لەهەندێ جێگادا هەر تەنیا گالیسکەکەی ئێمەی پێدا تێپەڕ دەبوو، یانی تەسکایی کۆڵانەکان بەقەرا پانتایی گالیسکەکە دەبوو. زمانم لە ماڵە چڵمنەکان دەردەهێناو دوایە بە ڕو ویاندا پێدەکەنیم. دواتر بە کۆڵانە فراوانەکان و خانو وە نوێکان گەیشتین، کە نهۆمی بەرزو هەندەسییان نیشان دەدا. دارو درەخت لەوەێرا دیمەنێکی دڵفرێن و جوانی دەبەخشی. بە درێژایی کەناری شەقامەکان تاك و تەرا خەڵکی دەبینرا. دەمووت:

_ئەو کۆڵانە فڵانە شوێنە!. دەمووت:

_بینیت!؟ ئەوە چۆن زەلامێك بوو!؟ و دەمووت:

_تەماشا! هێندەی نەماوە بتەقێ....!

ئەوەیان ناو ئەوەیان و هەزار شتی قۆری تر. لەپڕ بە کۆمەڵێك گەیشتین، کە لەیەکتر خڕ ببو ونەوە. پیاوێك لە نێویاندا مستێکی بەرزکردەوەو لەپیاوێکی تری سرەواند، ئەوی دیکە چەمایەوەو ئێمە ئیتر نەمان بینی، و بەلایدا تێپەڕ بووین. ئەمانە هەموو دوو کاتژمێر زیاتریان خایاند، وەخت بوو تەواوی شارەکە دەگەڕاین. وەلێ میترا وتی:

_هێندە بەسە، با لێرە دابەزین.

_بۆچی هێشـتا خۆ....

_واچاکە!؟

من زیاتر لە سەری نەچو وم، و بە کابرام وت ڕایگرێت. پاشان دابەزین و حەقدەسەکەم بە پیاوی لەڕو لاوازداو پێم وت:

_دەستت خۆش بێت بۆ ئەو گەشتەی لەگەڵت کردین ئاغام، بەڕاستی زۆر ماندوو بوویت. وەلێ ئەو قاقا تریقایەوەو وتی:

_دەست خۆشی پێ ناوێ، ئەگەر بۆ ژێر زەمینیش بتان وتایە دەمبردن. وەها دەتریقایەوە دەت ووت بە قسەو ڕەوتی من کەیفی دێت. من خۆ هەر وەهام لێك دەدایەوە. دوایی ئەسپی غارداو گالیسکە دوای کەوت. بە تەرحێ تەپوزێکی چڕ لە هەوای ئەوێدا بەجێما.

بە پێیان سەر شەقام و جادەکان کەوتین. دەستەکانی میـتـم رێك لەنێوو دەستەکانی خۆمدا دەگوشی، و حەزم دەکرد هەرگیز لێکیان جودا نەکەمەوە. نەرم و لەسەر خۆ لەگەڵمدا هەنگاوی هەڵدێناوە. قژەکانی شەپۆلیان دەداوەو چەند پرژێك لەو تاڵە موانە بەر ڕو ومەتی دەکەوتن. من لە گەرمایی دەستەکانی ویدا، سەراپای وجو ودم گەرم داهاتبوو. ئەو گەرماییەی دەگیشتە دڵم، هەستێکی وەهـای پێ دەبەخشیم کە خۆم لەسەر پێیان نەدەگرت، و دەمەویست لەسەر چۆك بکەوم. تەزو ویەك هەموو درزو کەلەبەرێکی ناوەکی هەستم دەگەڕاو بە بنەوەی ناخم دەگەیشت. لەناخمدا میچی تاریکی تەنهایم لەو کەین و بەینەدا، لەو لێك پسانەدا گەرم دادەهات و دەتوایەوەو ون دەبوو. تەنیا شتێك کە پەخشی دەداو هەموو بنمیچێك دەگەڕا، هەموو بوونمی دەپشکنی و پێو وەی دەنوسا. شتێك بوو کە من لە بەرابەریدا زۆر لاواز بووم. زۆر بێ تواناتر بووم لەوەی لەنێو و سێبەرەکەیدا چاو لێك بنێم. مەحەبەت بوو، کە تێیدا من سەرەو خوار ببو وم و خۆمم پێ ڕانەدەگیرا. ئەوە مەحەبەت بوو کەلە هەوای ڕۆحمدا پەنگی خواردبو ویەوەو تێکەڵ بە گەردەکانی ببوو. هەر ئەوبوو کە هەموو بیرەکانمی دەپشکنی و بە مۆخمدا تێپەڕ دەبوو، و دوایی لە حەشارگەی زەینی ئاگایی و نـائاگایی و نەستمدا دەردەکەوت و دەگەڕاوە جەستەو خوێنم. دەخوێن و دڵمدا ئیتر خۆی جێگیر دەکردو توندتر شەپۆلانی دەداوە. من ئیتر لە نێوو دڵمدا پەرستشی ئەوم دەکردو ئەوم پێ فەلسەفەو ژیان، و

ژيانى دواى مردن بوو. دوايى لەپەنا جادەو لەو سەرى شەقامەوە وەستاين و چاومان لێكترى بڕى. ئەو هيچى نەووت و من تەمام گرت قسەيەك بكەم، بەڵام نەمكردو هيچم نە ووت. پاشان بەڕێ كەوتينەوەو لەيەك دوو كۆڵاندا هەردوكمان بێدەنگ بو وين و ورتەمان لێو وە نەهات. خشە خشى هەرچوار پەلمان و هەناسەدانمان تەنيا شتێك بوو كە گوێمان بۆ هەڵخستبوو. نەماندەويست هيچ قسەيەك بكەين، بەڵكەم نەماندەتووانى. جۆرێك بيرم لە قسەكردن و ڕستەكان دەكردەوە وەهاكە دەتكوت وشەكان لە يادمدا سڕاونەتەوەو نەماون. لەجياتى وان تەنيا بێدەنگى و بۆشاييە. ئاخ! ئەگەر دەمتوانى پێى بڵێم، دەمكوت"ئاى تۆ كە منت فێرى ژيان كرد، فێرت كردم لەم جەهەنەمى سروشتەدا، لە بەهەشتى ئەوينى تۆدا ژيان بكەم.
ئاخۆ دەهێڵى تەنيا بم. لێم دەگەڕێى ڕۆژێك لەم سەحرايەدا، لەم تەنهاييەى مردندا، لەبێ تۆييدا گيان بدەمە ئەو سروشتەى، كە چاو چنۆكانە تەماشامان دەكات. ئاخۆ دەهێڵى ئەم گيانەى خۆمت بدەمێ، تا ئيتر دڵنيابم كە بۆ هەميشە لەگەڵ تۆدا دەمێنێتەوە. كە هەميشە تۆ چاوێكت لە گيانى من بێت و نەهێڵى ياسا پواوەكانى ژيان لە نێوى بەرن. ئاخۆ لێم دەگەڕێى، ئەمێستا تێرى تێر بم لەتۆ. دەهێڵى خودى خۆمت پێ بسپێرم و لەم بەرگى بوونەمدا ئيتر نەمێنمەوە ". پێم دە ووت "مەهێڵە تەنيابم، مەبادا لە ژێر تەمى تەنيايدا پرزێم و خامۆش ببمەوە. مەهێڵە لەو جەنگەدا بمێنمەوە كە جەنگاوەرەكانى عاشق نين و لەنێوو وشەكانياندا بكوژرێم ". وەلێ نەمتوانى هيچ بڵێم، نەمدەتوانى دو وبارەو سێ بارە پێى بڵێم خۆشم دەوێيت ميتيا. هيچم نە ووت و نە ووت. چەند كۆڵانێكى ديكە تێپەڕبووين و لەپڕێكدا ئەو وتى:
_ماڵى ئێمە لەو كۆڵانەدايەو وەستا. منيش بە دواى ويدا وەك ئەوەكە لە بەرزاييەكەوە گلۆر بو وبێتمەوە، كۆنترۆڵى خۆمم ڕاگرت و هەردوو دەستم دەباخەڵم هاويشت. نازانم لەبەرچى هەر لەخۆوە تەماشاى كۆڵانەكەم كردو، وتم:
_ئەلێرەدا!؟ وتى:
_ئەى لەكوێ بێت باشە؟
تێگەيشتم كە دەبێت بڕۆم، بڕۆم و لەو ناوەدا نەمێنم. وەلێ هەرچيم دەكرد نەمدەتوانى بڕۆم، وەهاكە دەتكوت بە زەويەوە نوساوم. هەستم بە قورسايى هێزێك دەكرد كە پاڵە پەستۆى دەخستە سەرم و تا دەهات زياتر دەيگوشيم. دڵم نەيدەويست فەرمانەكانى بەدەن و هۆشم جێبەجێ بكات و بە هۆيانەوە ئازار بكێشێت.
بيرم ميتيا جۆرێك تەماشام دەكات، دەتووت دەيەوێت من دەنێوو چاوەكانى خۆيدا ياداشت بكات. هێندە ميهرەبانانە وەپێش چاوم كەوت، ويستم پرى پێدا بكەم و بينو وسێنم بە خۆمەوە. ئەوە يەكەم جاربوو هێندە بەقوڵى لێم ورد دەبۆوە. نەيدەويست چاوەكانى بۆ ساتێك لێك بنێت. دەتووت دەترسا من ون ببم و بە زەويدا ڕۆبچم، نە تەنها هەر تەماشايى دەكردم، بەڵكەم دوايە پەنچەكانمى لەنێوو لەپى دەستيدا بە ميهرەبانيەوە دەكوشى. هێندە بە نەرمى پەنجەكانمى لەنێوو لەپى دەستيدا شل دەكردەوە، نەوەكا ئازارم بدات ، بەڵام بە پێچەوانەوە من دەترسام پەنچە ڕەق هەڵاتو وە دەماراويەكانم، نەرمايى لەپى دەستى وى ببڕن. هەستم خاو بۆوەو دڵم گيرا، لە دڵى خۆمدا دەمووت "لاتەكەم چەند چرتەى تر لێرە دەبم چ يە، ئەوە خۆ زۆرە!".
لەو حەلەدا ميترا لە ژێر لێو وەوە ورتەيەكى لێوەهات، بەڵام خێرا كپ بۆوە. نەمدەزانى دەيەوێت چى بڵێت، من كە لەو زياتر بەگير مابووم، نەدەكرا لێى تێبگەم. وەلێ لە ئەنجامى ئەو ورتەيەدا دەتووت هەموو ئازارە خەفەبووەكانى سينەم وێكڕا نەمان.
دوايى بۆڵەيەكى ديكەى لێووەهات، كەمن لەو پەڕى تەنهايى و مەحەبەتى ويەوە هەستم پێكرد، وتى:
_ئااااخ...بۆ ئاوا خۆشم دەوێى...!؟
من هەر تەماشام دەكردو ئينجا وتم:
_من بۆ خۆشم نازانم بۆ ئاوا......و تەواوم كرد. ڕستەيەكى بێ سەرو بنى كورتم بۆ دەربڕى، دوايى وتم:
_دەبێت بڕۆم.
_باشە، بڕۆ بە سە لامەت، هەنگاوێكم بۆ هەڵهێناوەو ويستم ئەوى ديكەش بنێم و بەردەوام بم. بەڵام ئەو وتى:

_سـڵاوی من بە محەمەدیا بگەیەنە، بیرت نەچێت ، پێنـــاچێت من بەم زوانە ببینم. هەر لە خۆوەو تو وتی ئاسا وتم:

_لە بیـرم دەچێت!

تێکەوتم و پەشیمان ب وومەوە، وەلێ تازە کار لەکار ترازا. لە پەشـۆکاویدا سـو ور بـو ومەوە و وەسـتام. مـیــترا چاوی لە چاوەکانم بڕی:

_بۆچی؟

_لەبـەرئـەوەی کە نـاتوانـم.

_نەکا نـاکۆکیتان هەبێت.

_بــــا...

نێوچاوانی تێکناو بێدەنگ بوو، بەخۆم م وت "دە بۆ نەچو ویت و ملت بشـکێـنی، هەی تو وتی سەگباب". دوایی وتم:

_لە دوێنێووە نەمبینووەو وتم:

_ڕەنگە جارێك نەمەوێت ببینم، و ڕەنگبێت لێشـی بترسـم. من دەڵێم هەر نەیـبنـم چاکە. واچـاکە ئیتر، نەوەکو ئەو کاری زۆری هـەبێت. ئەوە خۆ موحەمەدی پاااکە، و تەواوم نەکرد.

خەریك بوو ئەمجارەیان خراپ تێ بکەوم، دەمەویسـت بڵێم:

_ئەوە خۆ محەمەدی پاکە، کاری دز یوو و جەلادی دەکات. ئەوە حەمەدییە کە پێی دەڵێن جە لادی پاك، تێدەگەی. ئەوە ئەوە!

وەلێ فریای خۆم کەوتم و نەمرووت، لەژێـر چـاوەوە تەمـاشـایەکی میــتــم کرد، هەر ئەوە نەبوو دووچـاوە قەتیـسمـاوە فرمێسـکاویەکانی درز بەرن و دەریـاچەی دڵتەنگیەکەی بتەقێت. ماوەیەك هەروا دڵپڕو بێدەنگ بوو و من ڕسـتەی هەڵـیـت و بێمانـاو کورتم بۆ دەردەبڕی. ئەو لەو چەند دەقیقەدا هێـندە گۆڕا، نەمدەزانی چ ڕێگەیەك بگرمەبەر تا بەڵکەم بتوانم خۆم لەو گێـژاوە لابدەم. چـاوەکانی نیـشـانەی ئامادەبو ونی گـریانێکی لە ناکاویان دەداوەو هەسـتم کرد کە ئیتر ناتوانم کارێك بکەم. دەسـتم برد تـاوەکو دەسـتەکانی بخەمە نێوو دەستەکانمەوەو دڵی بدەمەوە. دەمەویسـت بەو هەسـتەی کە ئەوکات تێمدابوو، دڵی بدەمەوە. چو ون زمانی قسـەکردن لەوێڕا وەفریای من نەدەکەوت. چونکی زمانی ئەوینی هەر دووکمان زیاتر لە یەکتری حاڵی دەبوون، تاوەکو زمانی فریودەری وشـەکان. وەلێ ئەو دەسـتەکانی بەپـڕتاو لاداو دووهەنگـاو بـۆ دواوە گـەڕایـەوە. من هەنگاوێکم بۆ پێشـەوە ڕو و بەڕووی ئەو دەنـاو، ئەو چـەند هەنگاو لێـم دوور دەکەوتەوە. تـا زیاتر چو وبامایەتە پێش، ئەو زیاتر بە نامۆیی لێم مۆڕ دەبۆوە، وەهاکە دەتووت هەرگیـز نامناسـێت و لێم دەترسـێت. لە پڕێکدا وتی:

_ڕۆ بۆ لای، تکات لێ دەکەم ڕۆ. تۆ دەزانی ئەو کێیەو چی دەکات!؟، محەمەدی تەنیا مەکە، دەنا من و تۆ لێك ون دەبین. لەگەڵیە. دەنا ئیتـر من نامەوێت بۆ هەرگیز بتبینمەوە....دەی توخوا ڕۆ، من وتم:

_ئـــــاخر...

_ئاوا! یانی ئاوا ناتەوێت......؟

_نا ...زۆر باشـە دەچم و لەگەڵی دەبم.

دوایە میتـــرا بە هەمان دڵتەنگی و دڵ پڕیەوە لێم دو ور کەوتەوەو بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە. من هیچ حاڵی نەبووم و نەمدەزانی میتـیا بـۆچی ئەوەندە نیگەران بـوو. بەڵام هێندە حاڵی بو وم، کە ئەو لەمن نیگەران بوو و گریــا. مـن تەنیا بووم و هـەسـتێکی ناخۆش و نائوومێد سـەرتاپامی گرتەوە. هەوایەکی سارد دەهات و لە نێوو ئەو تەنیاییە فراوان و ڕەهایەدا، زیاتر چالاك و توندی دەکر دمەوە. هەورێکی ڕەش و چڵکن هـات و ناچار بە گەڕانەوەی کردم و ئەوێم جێهێشـت....

# بەشی پێنجەم

ئەو ڕۆژە بەیانیەکەی لەماڵ وە دەرنەکەوتم و لەلای داپیرە مامەوە. داپیرە بەخۆی و پشتە نیو وە کوڕەکەیەوە، هەر دەهات و دەچوو. شتێکی هەڵدەگرت و لەسەر تاقەکە دایدەنا. هەمیشە لەو ساتانەدا بۆڵە بۆڵێکی لێووە دەهات و دەیووت:

_منداڵی ئێستا دەڵێی بەرازن، تەماشا....!

دوو ڕۆژی دیکەم لەمیچی ژورەکە، گوزەراند. پرستم لێ بڕابوو و دڵم توند دەیکو وتا. هیچ کات تینویەتیم نەدەشکاو شەکەت و شەپۆر ببووم. هەموو گیانم دەیەشاو هیچ ئاگایەکم لەمیتــراو موحەمەدی زەردەشتی نەبوو. هەندێجار دەمویســت بڕۆمە دەرەوەو خۆم لە هەموو ئەو دەردی سەرییە دەرباز بکەم، وەلێ هەرزوو پەشیمان دەبوومەوە. لە هەموو شوێنێك پەشیمان دەبو ومەوەو دەمەویست بۆ هەمیشە نەچمە دەرەوەو لە میچی ژوورەکەدا وەمێنم. دەمەویست تاکۆتایی ژیانم، هەموو زەینم بخەمە سەر ئەو خاڵە ڕەش و دزێو وەی کە هەموو جارێك لەسەر دیوار سەرنجی ڕادەکێــشام. خاڵێکی ڕەش، کە هەموو بو ونی خۆم بە ونجڕ ونجڕی تێدا دەبینی. وەهاکە دەتکوت ئەو خاڵە ڕەشە پارچەیەکە لە جەهەنەم و لە ژورەکەی مندا هەراسان بو وە. من لەهەر کوێیەکم ڕووانیبا، لە ڕووی دیوار خاڵێکی ڕەش و ترسناك وەپێش چاوم دەکەوت.

ڕۆژێك لە کونجی ئەم وەتاغەوە خاڵێکی ترسناك لەسەر دیوار ، هەموو زەینمی هەڵلوشی و کەوتمە پێچاو پێچێکی ترسـناکی بۆشاییەوە. بۆشاییەکی تاریك و بێ پرانەوە، منی لە عالەمی بـوون داپڕی. لـەوێ زەینم وە بـیر دونیایەکی دیکەی هەڵکەوت، کەوتەوە. بو ونەوەرگەلەکانی ئەو حەشـارگەیە تەنیا سێبەرو تارمایی بوون. تەنیا لەسێبەرو تارمایدا ئەو دونیا بزربووە لە بیرکراوە دەبینرا. من بە هەموو سێبەرو تارماییەکی ئەوێ، ئاشنابووم. نەتەنها من ، بەڵکەم هەر کەسێکی دیکەش سەهمی ئاشنایەتی لەوێدا هەبوو. من لەو زمهەریرە نادیارەی وجو ودا، جگەلە تارماییەکی درێژو نادیار چی دیکە نەبووم. وەهاکە زەینم لەم جۆرە گاڵتەجاڕیە دەترسا. تارمایی هەڵکورماو و هەڵتروشکاو و سێبەری بەسامی بێ مانا. بێ چێوەو شل، وەك ئەوە کە بە درزی دیواردا پڕوات. لەو دونیا تۆقێنراوەدا بە دوای تارمایی کوڕی خۆم کەوتم. دیتـم لەپەنایەکی تاریکدا، حەوت شێو وە تارمایی خۆم کۆبو ونەوەو هەر یەکەیان لـە زەمەنێك دەدوا! لە ئاکام بینیم ئەو حەوت تارماییە کوڕە، ئەو حەوت سێبەرە هەر منم.

دووایە وەختێك زەینم لە زەمەنەکان داپڕا، خێرا ئەو تارماییانە دیار نەمان و ون بوون. من لە زمانی ئەوانەوەو بەڵکەم لە زمانی زەینی ئەو تارماییەی دوای کەوتبو وم، پەیم بە شتێك برد. بە گومانێك، کە هەرگیز لێی حاڵی نەبووم و نابم. لە تەماشاکردنی خاڵی ڕەش داگەڕاودا هەراسان خۆم کێشاوە، ئەو ڕۆژە هەر بیرم لە تارمایی و سێبەر دەکردەوە. ڕۆژی دواتر دەترسام لە خاڵی ڕەش داگەڕاو و تەماشـام نەکردو خۆم لە تەماشـاکردنی لادەدا. چی دیکە نەمدە ویست تەماشای بکەم. بەڵام ئەمێستا لە میچی ژو ورەکەدا دەمەویست خۆ پەلکێشی خاڵی ڕەش و دونیایی تاریك بکەم. ئارەزو وی تارمایی خاڵی تاریکی نەبو ونم دەکـرد. نەمـدەتوانی هـەروا بە ئاسانی دەست بەرداری بم، چــو ون لەو گێـژاویەی تـێی کەوتبووم، بێزار بووم. بێزاربووم وەختێك کە وەبیـر داودی بەد، دەکەوتمەوەو چاوە ئەبڵەقە مانا دارەکانیم دەبینی. دەترسـام و نەمدەویست جارێکی دیکە، بە کۆڵانی تاریکی درێـژو پێچاو پێچدا بڕۆم. نەمدەویست لەژێر ڕوناکی لاوازی سووردا، ئەو بنیادەمانە ببینم کە چاویان لێکدی دەکردو دەیانچرپاند بە گوێی یەکتریدا. وەلێ کاتێك کە وەبیر مـیتــرا دەکەوتمەوەو دواین قسـەکانیم هەڵدەسـەنگاند، چیتر هیچ شتێك بەلامەوە گرنگ نەبوو.

کاتێك کە وەبیر م وحەمەدی زەردەشتی دەکەوتمەوە هەستێکی گەوجانەو ترسنۆکیم لە خۆدا دەبینییەوە، وەهاکە شەرمم دەکرد. من کەهێشتا نەمدەزانی بۆچی لە محەمەدی زەردەشتی نیگەران بووم. تەنیا بینینی ئەو بەد ئادەمانە منی ترساندبوو و هیچ ئاگایەکم لە کاروباری نێوان ئەو و داودی بەددا نەبوو. نەمدەزانی لەسەر چ شتێك ناکۆکیان هەیەو ڕێکەوتنەکەیان لە بارەی چیەوەیە. بەڵام هێندەم دەزانی کەلە بارەی "دەرمانی ئازادکردنی مرۆڤەوە" دەدوان. دەرمانێك کە نەمدەزانی چۆنەو لەچیـدا بەکار دێـت. بەڵام دوایە کـاتێك بیرم پێدا، بینیم کارێکی هەر زۆر باشە، کە مرۆو بتوانێت ئالیکاری مرۆڤێك بکات و ئازادی بکات.

دوو ڕۆژ تێپەڕ بوو، من لە ماڵ نەچوومە دەرەوەو دونیام لە پێشچاو تاریك بـبوو. هێندە بیرم لە میتـــرا دەکردەوە لە بیری خۆمدا نەبـووم. دڵم لـە غەمگینی و لەتاو ئازارو ژاندا چنگڵی دەداوەو لەئاکامدا بـێتاقەت

دەبووم. ســاتێك چاوە ئازار دەرەكانی لەپێش چاوم، و لەیادمدا دو ور نەدەكەوتنەوە. ئەو چاوانەی كەمن تینوو بە بینینیان بووم. من بەم ئەندێشە هەڵەشەو سەر لێشێواوانەی خۆمەوە لە تواناما نەبوو بیریان لێ نەكەمەوە.

ئێوارەی ئەو رۆژە لەپەنجەرەی وەتاغەوە تەماشای ئاوابو ونی خۆرم دەكرد. گرانایەكی زۆر لەسەر دڵم نیشتبوو و دیداری بینینی ئاوابو ونی خۆریش هێندەی تر دڵی تەنگ دەكردم. من تەنیابووم، هێندەی ئەو باڵندانەی كە لەو مەغریبە شەقبردوەدا لەئاسماندا دەخولانەوە. بەڵكە ئاوازی تەنیایی وان، كەدوا بەدوای یەكتری دەیان قیراند هەستێكی شو ومی پێ دەبەخشیم. هەراسان خۆم لە پەنجەرەی وەتاغەوە كێشایەوەو لەپەنا دیواری ژوور هەڵتروشكام. دەچرتە چاوم لە سو وچی دیوار گیرساوەو، دە میلۆن پریشكی سووتێنەری نائومێدی و تەنهایی لە بو ونمدا تێپەڕ بوون. خەیاڵی هەڵیت و پەڵیت سەرقاڵیان دەكردم. بیرم لە سەر سەختی و لەناو چو ونی عیشقی خۆم دەكردەوە. بیرم لە ئاوابو ونی هەموو ژیانم لەو سەحەری ئەوینەدا دەكردەوە. بیرم لەو بارانە دەكردەوە كە من و میتی لەژێریدا تەڕ ببو وین و یەكتریمان لە ئامێز گرتبوو. ئەو هەوایەی كەلە پرچەكانی وی دەداو بۆنەكەی قوڵایی بو ونی منی تەی دەكرد. بیرم لە ماچێك كردەوە كەلە پەشۆكاویدا كردبووم. چەند بیری گەوج و بە هەوەس خۆیان لەمێشكم دەدا.

ئارەزووم دەكرد بیر لە هەموو ئەو دڵتەنگیانە بكەمەوە كەدەیان گریاندم. لەو چركە ساتانەی كە هەستی منیان تێك دەدا. میلۆنەها ئـــارەزوو لە بنەوەی مێشكمدا قوڵپیان دەداوەو هەواداری توندی بەد ژینیان دەكردم. بیرم لە خۆشی ژیان و بێ مانایی دەكردەوە، بیرم لە شتی پووچ دەكردەوە، پووچی پووچ....

دیسانەوە خۆمم پێ نەگیراو لە پەنجەرەوە سەیری ڕەنگی هەڵبزركاو و شینی خۆرم كردەوە. ڕەنگی تێكەڵ و پێكەڵی سورباو مێشكمیان تێك دەدا. ڕەنگی تەنهایی لە قوڵایی ئاسمانەوە دەبرسكایەوە. ڕەنگگەلێك كە زەندەقی مرۆڤی دەبردو ژیانی وەبیر مردن دەخستەوە، لەهەر یەك ئەو ڕەنگانەدا حەزم دەكرد تێربم و لەسەر سامیەكەیدا بتوێمەوە. حەزم دەكرد هەموو ڕەنگەگان لەمندا كورت ببنەوەو تەواوم كەن. كۆتایی بەژانی ژیانی من بهێنن. ئەو ڕەنگانەی كەلە غەمی ژیانی مندا هاوبەش و سەرپشـــك بوون.

كاتێك كەشەو هــات، من هەروا هەراســان سەیری دواین پنتی تیشكی لاوازی خۆرم دەكرد. هێندەی نەبرد هەموو شتێك ڕەنگی خۆی ون كردو هەموو جێـــگاو شوێنێك تاریك داهات. تاریكایەكی دڵ ڕەق لە لوتكەی ئەو تەنیاییەدا بە گیری هێنام. ئەستێرەكان لە یەكتری زیت ببوونەوەو گیاندارەكانیش خۆیان شاردبۆوە. لە سەرەتادا هیچ دەنگێك نەدەبیسترا، وەها كە دەتكوت شەو هەموو ژیانی خنكاندوە. وەلێ هەوایەكی سارد لە دوایدا ئاوازێكی مەستی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو زۆر بە زەحمەت دەبیسترا.

هەندێجار بە ڕوونی دەتتوانی ئاوازی گۆرانیەكە بناسیتەوەو لەگەڵیدا خەیاڵ بكەیت. هەندێجاریش تەنیا گیزە گیزێكی كپ بەر گوێ دەكەوت. هەوایە سادەكە لەرزی پێ هێنام و لەپڕا هەڵم كوتـایە سەر پەنجەرەو قەپاتم كرد. دوایە خۆم هەڵكو ورماندو دەستەكانم لە هەردوو ئەژنۆ گیركرد. هێندەی نەبرد دەركە كرایەوەو داپیرە وەژوور كەوت. نان و شیرو شۆربای پەتاتەی بۆ هێنابووم. جـۆرێك نانم دەخوارد دەتووت لە دوام كەوتوون. شتێكی وەهام لە خواردنەكە نەهێشتەوەو لێ بو ومەوە. لەولاوە داپیرە چاوی لێ دەكردم و دوعای هەڵیـت و پەڵیتی بە زمانێكی دیكە دەخوێند. من هیچ مـانایەكم لەو نزاو پاڕانەوەیە نەدەبینیەوە. نازانم وەختی خۆی چ هەرزەیەكی سەگباب ئەوانەی فێری نەنە كردبوو. دوای ئەوەی لە ژو ورەكە وە دەركەوت، من لەسەر تەختی زەوی درێژ كشام. وەختێك دەمەویست بیر لە میتـــیا بكەمەوە نەمدەتوانی، چونكو پیس خەوم لێكەوت بوو..

پێش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەر جادەو كۆڵانەكان كەوتم، بیرگەلێك بە مێشكمدا دەهاتن و لەچاڵێكی ئەو نێوەدا خەفە دەبوون. دڵم لەمەڕ دەرئەنجامی هەریەك لەو بیـرانە ئازاری دەكێشاوە. پێیەكانم سـو وك و گورج دوای یەك دەكەوتن. جەستم پتەو و قایم بوو و هیچ ئازارێكم تێدا هەست پێنەدەكرد. هێندە خێرا پەلم دەهاویشت، هیچ شەقام و كۆڵانێك بەرگەی نەدەگرتم. وەهاكە دەت ووت دەمەوێت هەموو شارەكە بشێلم. بە نێوانی پیـاوە پەك كەوتەكاندا ڕەت دەبو وم و وەپێش هەموو ئەوانە دەكەوتم، كە بەقەڵەمباز بۆ سەر كارەكانیان دەچوون. ڕەووتم بەگەڕ ڕەو وتی دزو ڕفێنەرەكان جیاوازەكی وەهای نەبوو. هەندێجار لە ئەنجامی خەڵكێكی زۆر كە ڕژابوونە نێوو بازاڕو سەرجادەكان دوا دەكەوتم. لە ڕوانین بە سەرو سەكوتی واندا قینم

هەڵدەستا. نەمدەویست بەگەڵیان کەوم و ئەوانەی کە بە لاتەنیشتمدا هەنگاویان هەڵـــدێناوە، یان پێش یان دوایان دەکەوتم. هەر لە خۆوە هەستێکی تاوانبارانەم تێدا دەبینینەوە. وەهاکە دەمەویست لەخۆڕا تفێك لەو هەموو بەشەرە بەد بیرانە بکەم. بەوە قینم هەڵدەستا هەندێك لەوان کە بەلایاندا ڕەت دەبووم، چاوێکی سەر زەنیشت کارانەیان لێم دەبڕی، دەتکوت من ئافرێنەری وانم و کاری بێگاریان پێدەکەم. من خۆ هیچم لە دەست نەدەهات، دەنا سەریانم پان دەکردەوە. ئەوە یەکەمجار بوو هێندە هەستم بە نیگەرانی لەنێویاندا دەکرد. هەر نەتەنها دەمرویست پێش یا خود دوایان بکەوم، بەڵکەم دەمەویست بۆ هەمیشە لێیان دوور بکەومەوە. بیچمی قەڵەو و پان و کورت، بیچم گەلێك کەهەر بە بینینیان هەستت بە بێزاری دەکرد. من خۆ بەبینینی بیچمی ئەمانە وەبیر ئەو بەرازانە دەکەوتمەوە کەهەمیشە نەنە لەکاتی بێزاریدا دەیووت.
هەندێکی دیکەم وەپێش چاو کەوت، کە چاویان لێکدی دەکردو قسەی بە لاش و بێ مانایان بۆ یەکتری دەکرد. لە پڕێکدا لەنێو ئاپۆرایی ئەو خەڵکەدا میتیـــام بینی و دوای کەوتم.
هات و چۆی خەڵکی ڕێی لێدەگرتم و لێم ون دەبوو، دوایی لە شوێنێکی ترەوە وەپێش چاوم دەکەوتەوە. سەرم بەرز دەکردەوەو تەنیا لە دواوە قژەکانیم دەبینی و بە پێچێکدا بای دەداوە. بە خێرا ێی ئەو ئاراستەیەم دەگرت و لەهەموو ڕوخسارەکان ورد دەبوومەوە. کەسێك پێشم دەکەوت و بە قەڵەمبازێك جێم دەهێشت. لەو حەلەدا بۆشاییەك لەنێوان من و دوو کەسدا دروست بوو و ویسیتم ئەو هەلە بقۆزمەوەو ئەو ڕێڕەوە بگرم. وەلێ سەرسمێکم داو بەپشتدا دام بە زەویدا. سەرم کێشای بە بەردێکداو ئیمانی تێدا نەهێشت.
شوێنەکەی پیس دەیەشا. دوو پیاو پریان پێدا کردم و هەڵیان ستاندمەوە. یەکێکیان بە نیازی پاکردنەوەم دەستێکی بە قونمدا هێناو کراسەکەمی ڕاتەکاند. ئەوی دیکەیان تەمشایەکی کردم و بە پێکەنینێکی گاڵتەوە وتی:
_دەڵێی لە دایکت بەجێمـاوی، دەڵێم نـەوەکـا ون بوویت. ئەوە بۆ هێندە خێـرا دەڕۆیـت....!!؟
من خۆم لە دەستیان ڕاکێشــــاوەو هیچـم نـە ووت، ئەو پێکەنین و گاڵتەجاڕیە منی شێت کرد. دیسانەوە چاوم بە دوای میـتــــرادا دەگێراو هەنگاوم بۆ پێشەوە دەهاویشت. زوو زوو دەستم لە ئێشەکەی سەرم دەداو دەکزایەوە. دەپەنا دوکانێك ڕاوەسـتام و جگەرەم پێکرد، دڵم پرتە پرتی دەکردو هەناسەم سوار دەبوو.
ماوەیەك لە ڕەوتی خەڵکی ورد بوومەوە. بینیم دوو کچی خۆش کەیف و ئەندام سوار، بە پێشمدا ڕەت بوون و چاویان لەمن بڕی و چپاندیان بە گوێی یەکتریدا. من بۆ ئەوەی خۆم لەو چاو لێکردنە گێژ بکەم، دوکەڵی جگەرەم هەڵمژی و فووم بە هەوادا کرد.
لە ئاکام بینیم نێوان من و میـتــیا هێندە دوور نیەو خەریکە تێپەڕ دەبێت. بەهێواشـی دوای کەوتم، بەڵام هیچ قسەیەکم نەکرد. لە دڵ ی خۆمدا وتم "لەو سەری شەقام خۆمی پێ نیشان دەدەم! " ئەو سەری شـەقـامان گوزەراندو هیچ ورتەیەکم لێو وە نەهات، یـانی جورئەتم نەبوو گازی بکەم. نێوانمان چەند هەنگاوێك زیاتر نەبوو. هەر شـەقامێك کە دەچووین، شەش حەوت کەسێك دەبینران و لەمنیان تێك دەدا. چەند شەقام و کۆڵانمان تەی کرد، ئاخیرەکەی لەپەنا دیوارو لەسەر جادە پرم پێدا کردو قۆڵیم گرت. هێندەم زانی هاوارێکی لێ هەستاو قیژاندی:
_بێ ئابڕووی گەوچ...!!؟
ئەوە چیم بینی! پەشۆکام. بینیم ئەوە میتـــیای من نەبوو. بەڵام جیاوازیەکی وەهای لەگـەڵ ویدا نەبوو. هەموو جوڵەکانی و ڕەوتی، قژەکانی و ڕوخساری، نیـو وە ئاوەڵەی لێو وەکانی، هەر هەموو لەهی میترا دەچوون. بەڵام هەرزوو من جیاوازیـەکـی زۆرم دە چـاوەکانی هـەردووکیاندا بینیەوە. ئەم چاوانە هەرگیز نەیان دەتوانی من ئەسیـر بکەن ، وەلێ چاوەکانی میـتـی نەتەنها بەندیان کردبو وم، بەڵکە لە پەل و پۆیان خستبووم.
ئەوکات بۆم ڕوون بۆوە، کە قورسایترین هێزی عیشـق لە قوڵایی چاودا کۆ دەبێتەوە. لەو حەلەدا کۆمەڵێك لەخەڵکی لەدەورمان خڕبوو ونەوەو چوون دڕندەیەك بۆ من مڕبوو ونەوە. هەر هێندەم پێکراو بە شەپۆڕێکەوە بە خانمەکەم وت:
_ببورە لێم تێك چوو...هەڵی دایە:

_درۆ دەکەیت! فرسەخێکە لە دوام کەوتوی، پرۆو ونبە لە بەر چاوم....!؟
_بەخوا دەڵێم لێم تێك چوو...!
هیچی تری نەووت، زانیم کە بەزەیی پێمدا هاتەوە. سەرێکی ڕاوەشاند، وەهـا کـە دەتکوت پەشیمان بۆتەوە لەو قسانەی کەپێی وتبو وم. دوایی ئەوێی جێهێشت و ئاوری نەدایەوە. ئەو خەڵکەش کە لەوێ بوون هیچیان نەووت و بڵاوەیان لێ کرد.
دۆش دامام، هەناسیەکی داماویم ڕاحەت هەڵکێشا. لە مەراقاندا هەتاوەکو سیەکـانم درێژەم پێدا. ترسابووم، نە تەنها لەبەرئەوەی ئەو خانمە، ئەو میتـرایە بە سەرمدا هاواری کردبوو ، بەڵکەم لەوە ترسابووم ئەوە میتیای من بوایەو هێندە لێم نیگەران بو وایە. دوایی ئەو ترسەم بەخۆشی هەست پێ کردو چو ون تەزویەك بە لەشمدا گەڕا.
دواتر بەخێرایی خۆم گەیاندە هۆڵی ئامادەکردنی شانۆکە، وتم "بەڵکەم میتـــ یا لەوێ ببینم ". لەسەرەتادا کەمێك لەو دەووروبەرەدا خولامەوەو نەمدەوێرا کتوپڕ خۆم بە هۆڵەکەدا بکەم. یانی وەها لێکم دەدایەوە نەبا تووشی بەدبەختیەکی تر ببمەوە. پاشان دەستەیەك کورو کچم بینی، وە ژو ورکەوتن و قاقا پێدەکەنین. ویستم دوایان کەوم و بەگەڵیان بچمە نێوو هۆڵەکەوە، وەلێ دەترسام یەکێك لەوان ئاورێك بداتەوەو پێی شەرمەزار ببم. ئەوکات دەبووا لەشەرماندا ڕۆچوبام بە زەویدا. دواتر پیاوێکی دیکەهات، کۆمەڵێك کاغەزو وەرەقەی بە دەستەوە گرتبوو و پێیانەوە خەریك ببوو. بە قەڵەمبازێك دوای کەوتم و خۆم بە هۆڵەکەدا کرد. شـانۆکارەکان و هەموو ئەوانەی کـارەکانیان بـەرێوە دەبرد، خەریکی نمایشکردنی شانـۆیەك بوون. من بەبێ ئەوەی گـوێ بە تەماشـــاکردنی شانۆکە بدەم، چاوم بەنێوو کارەکتەرەکان و ئەوانەی لەوێدا بوون گێـڕا. یەکێك لەپەنای سەکۆی شانۆ ئیشارەی بە شانۆکارەکان دەداو قسەی بۆ دەکردن. ئەوانی دیکەش گوێیان بۆ هەڵخستبوو. کەسێکی دیکەش کە چاکەتێکی درێژی لە بەردا بوو، هەوڵی دەدا لەو مشت و مڕەدا بەشداری بکات. لەولا ترەوە کۆمەڵێك شانۆکاری تر خڕببو ونەوەو بۆڵە بۆڵیان دەکرد. من لە نێوو هیچ یەکێك لەواندا میتـــرام نەبینی. چاوم بە هەر لایەکدا دەگێڕا هەر جل و بەرگی شانۆیی پێش چـاوم دەکەوت. هەر کورو کچی شانۆکار بوون و لەگەڵ یەکتریدا دەدوان. لەناکاو کچێك کە جل و بەرگی شانۆیی پۆشی بوو، بە کاوەخۆ لێم نزیك کەوتەوەو وتی:
_من سورەیـام...میتـــرا لەگەڵ ئێمەدا کار دەکـات، ئیشێکت پێی هـەبوو......؟
من لە خۆشحاڵیدا نەمدەزانی چی بڵێم، ئەم خانمەم پێ فریشتە بوو. چۆن دەیزانی من وەها کارێکم هەیە. وتم:
_تکایە خۆی لە کوێیە....هاتووە بۆ ئێرە؟
_بۆچی نا.....کەمێك پێش ئێستا لێرە بوو ....!
_ئەی ئێستا لەکوێیە؟
_چوو بە دوای ئیشێکی خۆیدا...
_ببـوورە ئەگەر بێ ئەدەبی نـەبێـت، دەتـوانیـت پێم بڵێیت کام ئـیش. نـەیـووت بـۆ کوێ دەچم!؟
_نـا....من تەنیا هاتم پێت بڵێم لێرەنییە...
تـەماشـــایەکـم کـردو بینیم ئەو هەروا پێمدا دەڕوانێـت. شـــتێك هەر لەوێدا خۆی بە مێشکمدا کردو پرسیم:
_خانم تۆ چۆن زانیت من ئیشم بەو هەیە؟
پەشۆکاو سەری داخست. وەلێ لە ژێرەوە پێکەنینێکی کرد. من تێگەیشتم و وتم:
_سوپاس، بەڵام ئەو لەوێ نەمابوو.....
هەراسان لەوێ وەدەرکەوتم، مستم گرمۆڵە کردبوو و نەفرەتم لە بەدبەختی خۆم دەکرد. چارەنو سی خۆمم سەرزەنشت دەکردو ئـاهو ئـاخم دەکـرد. دەمـووت"بڵێـت جـارێکی دیکە بتوانـم ببینم و بەهەموو هێـزی خـەفە بـووی خۆشەویستیمەوە پێی بڵێم ئەوە بۆ لێم نیگەران بو ویت؟. من کە میهرو مەحەبەتم تۆی، بۆ دەتەوێت لێم دابڕێیت؟ دەترسام هەرگیز نەیبینمەوە، لەوە دەترسام نەتوانم جارێکی تر دووچاوەکانی

ببینمەوە. دەمکوت "وای لەو تەنیاییەی کەلە وجو ودمدا هەست بە نەب وونی تۆ د ەکات، ئەوە خۆ من دەفەوتێنێت. ئەو مردنە، ئەو تەنیاییە ناهێڵێت باڵندەکانی ئارەزووی بوونم لەم ئاسمانەدا، لەم ژیانەدا بفڕن. ئەو ناهێڵێت پڕ بەهەموو توانای ئارەزو وەکانم لە شەقەی باڵ بدەم. دەمکوت "ئەو تەنیاییەی دوای تۆ، دەمخاتە کونجێکی ئەبەدیەتی نادیارەوە. وای لەو تەنهاییەی دەمگوشێ، لەو ئازارانەی دوای تۆ هێ لانە لەسەر بڵندگۆی چارەنووسم دەکەن. وای وای...لەو بەڵایانەی، لەو سەحرا جەهەنەماویانەی بێ تۆ بەسەرمدا دێن ".
دەترسام دوا ساتی پێکەوە بو ونمان هەر ئەو نیگەرانیە بو وبێت، کە هەر لەخۆوە کەوتە نێوانمان. هەر ئەو چرکەساتە شوومانە بێت، کەمن تێیاندا قسەی هەرچی و پەرچیم دەکرد. دەمك ووت "ئەی ئاسمانەکان، ئەی بیابان و دەریایەکان ئەوە بۆ دەهێڵن ئەو لێم تورە بێت؟ ئەی شەوە بێدەنگ و دڵ تەنگەکان توخوا مەهێڵن ئەو لەمن زویر بێت. مەهێڵن ئەو لەم کوچانەی جەهەنەم لەمن جوودا بێتەوە. لەم گۆڕستانەی ژیانەدا بەتەنیا جێم بهێڵێت. دەمکوت "ئەی هەموو ڕو وناکایی، بهێڵە ئەو تاوەکو ئەو دیوو دەروازەکانی ئەبەدیەت لەگەڵمدا بمێنێتەوە. بهێڵە با هەتاوەکو کۆتایی زەمەن، لەگەڵم بێت. دەمووت "ئەی هەموو سندانەکانی سروشت، ئەوە بۆ دەهێڵن ئەو لەم سەرزەمینەی دڵی من بزر بێت؟ ئەوە بۆ دەهێڵن؟ ئەوە خۆ ئەو خەریکە لەپشت ئەو کێوەی ژیانەدا دوور دەڕوات. ئەوە بۆ دەهێڵن ئەو دێوەزمانە، ئەو جەلادانەی غەم هەروا ژیانم لێ بسێننەوە؟. ئەوە ئێوەش بۆ وەکو خودا لەمن تورەن! ئەوە ئێوەش بۆ چو ون ئەو بێدەنگن. ئێو وە بۆ ناتانەوێ یارمەتیم بدەن . دەمووت"وای وای...ئەی تەڕایی باران، تۆ دەهێڵی هەموو جەنگەڵەکانی خۆشی ژیانی من لە بێ وییدا وشك بن؟ تۆ دەهێڵی سەرچاوەی دڵی من وشك بێت و دڵم بمرێت؟ ئەی هەموو هەورە بێ لانەو سەرسەختەکان، مەهێڵن منیش چو ون ئێووە بێلانە بم. مەهێڵن نەبا لە مەراقاندا گیان بدەم. دەمکوت "وای وای...خۆ ئەو ئەگەر لەمن داپڕێت، داخوا چی بەسەر پاشماوەی ژیانی مندا بێت!؟. داخوا خۆرەی چ حەسرەتێك دەبم!؟ وای ...داخوا لەکام مەغریبەدا مەنفا دەبم. لە کام مەغریبەدا...
دەترسام دوا چرکەساتی پێکەوە بوونمان، هەر ئەو ڕۆژە بێت کەلە ئاسۆدا بە لاوازی مرد. هەر ئەو ڕۆژە بێت کە دوایی من نەفرەتم لێی دەکرد. هەر ئەو ساتە بێت تێیدا مـن دۆرام . لەوە دەترسام میترا خراپ لەمن تورە بو وبێت. دەمووت "بڵێیت ئێستا لەکوێ بێت، لەکام مەلەکوتە نادیارەی سروشت بێت. ئەمێستا دەیەوێت چی بکات....!؟"
بەخێرایی هەرچوار پەلم بۆ پێشەوە دەجوڵاندەوە، ئەگەر یەکێك لە دو ورەوە تەماشایی کرد بام وای دەزانی دەمەوێت باڵ بگرمەوە. هەندێجار پێیەکم هێشتام دا نەنابوو، پێیەکەی ترم لەپێشترەوە دەیکوتا بەزویدا. لاقەکانم هەڵمستابو ون، قامکەکانی پێم هاتبو ونەوە یەك و چرچ و لۆچ ببو ون. نێووچاوانم دابوو بەیەکداو جگەلە پێشەوەی خۆم سەرنجی هیچ شتێکی دیکەم نەدەدا. وەهاکە ئەگەر فیلێك لە تەنیشتمدا هەڵبفڕیبا سەرنجم نەدەدایە. نەمدەویست چوکترین هەست بە خەڵکی لە دەو ورو بەرمدا بکەم. جۆرێك شپرزەو پەست ببو وم دە ئاکام زمانی خۆمم گەست. ئازارم پێگەیشت و هەر لەخۆوە شەپێکم هەڵهێناوە. ئەوەش نەیتوانی هێورم بکاتەوەو خێراتر تێپەڕ دەبو وم. سەری کوچەی شەقام تێم تەقاندو خۆمم گەیاندە ئەوبەرو بەکۆڵاندا پێچم کردەوە. لەوە بەدوا تاوێك ڕامەدەکردو جارێك بە هەنگاوی زل و باوەڕ پێ نەکراوەوە، دەمگووزەراند. لەدوو کۆڵان منالان لێم وردبو ونەوەو دوایی بەفیکە دوام کەوتن. چەند کۆڵان بەولاتر هەراسان بوون و بەماند وویی گەڕانەوە. من خۆ هەر ئاوڕیشم لێ نەدانەوە. لەکوچەی کۆڵان کۆمەڵێك پیاو چاویان لێ کردم و تریقانەوە. یەکێك لەوان قیڕاندی:
_خراپ تێ گیراوە...دەڵیی بیبەر لە هینیا چەقیو وە!
هەموو بەدوای ویدا دایان لەقاقای پێکەنین و دەستیان بە کەلەکەیانەوە گرت. وەخت بوو لە هۆش خۆیان دەچوون. جۆرێك پێدەکەنین، لەو سەری کۆڵان گوێم لە هەرایان دەبوو. دوایە منیش بە دوایاندا بەو قسەیە پێکەنیم!. لەئاکام لەپەنا دەرکەی ماڵی م وحەمەدی زەردەشتی ڕاوەستام. ماندو ببووم، دەمم داچەقاندو زمانم دەرکێشاوە.
دڵم بە پرتاو ترپە ترپی دەکرد، وەهاکە دەتووت لە باخەڵی کراسەکەمدایە. دەستم بە دیوارەوە گرت و کەمێك حەسامەوە، پاشان لەدەرکەم دا. هەرزوو زانیم زەردەشتی لەوێیەو دەیەوێت دەرکە بکاتەوە. چون کی

هەر کاتێك لە دەرکەم دابا، ئەو لەپشت دەرکە دەکۆخی و دەرکە دەکراوە. ئەمێستاش کۆخەیەکی وشکی کردو دەرکەی کردەوە. هەرکە منی بینی هاواری کرد:

_چ عەجەب! هێشتام لە دونیایی؟ پێم وابوو لە ترساندا مردویت...

_بۆچی گاڵتەم پێ دەکەیت؟

_گاڵتەی چی، دەڵێم ترسنۆکیش پیاوی خۆی دەوێ. هەندێجار ترسنۆکیش ئازایەتیە!؟.

_موحەمەدیا...!

_بەڵێ.

_لێم دەبووری؟

_لەچی؟

_لەوەی کە نەهاتم لەگەڵت، لەو هەموو قسانەی پێم وتی، وتی:

_جا ئەوە چیە، خۆ ئێمە هەندێجار زیاتر لەوە قسە بە یەکتری دەڵێین. وەرە ژو ورەوە برا، دەڵێی دەریان کردویت. بزانم نیگەرانی چیت؟. دوایی بەرەو ژوور دەنگی هەڵبڕی و گوراندی:

_خۆیەتی، ئەوە هاتین خۆیەتی!. و وتی:

_ئەگەر دەزانی ئێستاکە دایکی مەهتاب چی دەڵێت..

_چی دەڵێت؟

پێکەنی، دەستی لەپشتمداو فەرمووی لێ کردم. لە دەرکەی ژو ور مەهتابی چکۆلە بەرەو ڕو ومەوە هات و من باوەشم پێیدا کرد، وتی:

_سەلام مامە، ئەوە بۆ نەهاتی بۆ ماڵمان؟

_ئەوە نیە هاتووم، مامە گیان..

_ئێستانا زوو! بابە مەمە یانی کەی!؟ بابی وتی:

_یانی دوێنێ، پێرێ، چوار ڕۆژ لەمەوبەر ...

ویستم بڵێم ئاخر منیش لێرە نەبووم و لەگەڵ بابە چووبو وم بۆ سەفەر، وەلێ ئەوچکۆلە ڕو ومەت سور هەڵگەڕاوە لێ نەدەگەڕا:

_بابە وتی من هەرخۆم چووم، بە ئێمەی وت "ئەو نەهات بۆ لاتان؟ ".

پەشۆکام و هیچم نەوت. نێوچاوانی مەهتابم ماچکردو دام ناوە. محەمەدی زەردەشتی تریقایەوەو هەڵی دایە:

_ئادەی ژنەکە شتێکی بۆ بێنە!

_ســـڵاو...

_سڵاو تۆ باشی....

_ئەوە مەهتاب چی دەڵێت، ئادەی کچێ وەرە بۆلای دایە. مەهتابی زۆر زان خۆی خزاندە باوەشی دایکیەوەو چاوی لەمن کرد. دەتوت دەیەوێت ڕەنگ بزرکاویی و تەریق بو ونەوەکەی من ببینێت. دوای کەمێك لە ژو ور وەدەرکەوتن. من سەیرێکی محەمەدی زەردەشتیم کردو وتم:

_کچێکی زۆر زانە، مەگەر تۆ باوکی نیت. ئەو دیسانەوە تریقایەوەو وتی:

_دەتویست چی بڵێیت، پێکایتی ها!؟ خۆ پیاو نابێت هەر لەخۆوە قسە بکات.

دوای چا خواردنەوە حەمەدیا کەوتە باسکردنی کارەکەیی و هەموو ئەو کێشانەی کە هاتبو ونە ڕێی. وتی "کەوا لەڕێگەدا بارانێکی زۆر باریو وەو نەیتوانیووە ڕۆژێك زووتر بگەڕێتەوە". باسی ئەو دەردی سەریەی کرد، کەلە ئەنجامی دەرمانی "ئازاد کردنی مرۆڤ" وە هاتوونەتە ڕێی. وتی "نازانم بۆچی دەبێت من ئەم هەموو ئازارە بکێشم ".

من هەستم بەوە کرد، ئەو لە م کارکردنە نیگەرانەو ناچاریان کردوە ئەو ئیشە بکات. وتی "کەوا ڕۆژێك تۆڵەی خۆی لەهەموو ئەوانە دەکاتەوە " و وتی:

_من نازانم کۆتایی ئەم کارە بە کوێ دەگات!؟. پاشان تێر جنێوی بە داودی بەدو جەوهەرودین دا. وتی "کەوا باشیان پێکردوە" . من ئەوکات داودی بەدم چاك دەناسی. بەڵام هێشتام جەوهەرودینم نەدیبوو.

چەند سەعات دواترو لە درەنگانی شەودا. مەهتابی چکۆلە چاوەکانی داتەپیبوون. دیار بوو خەوێکی زۆری دەهات، بە دایکی وت:

_دایە پورم بۆ کوێ چوو....؟ دایکی پێی وت:

_ششش....!؟

## بەشی شەشەم

سورەیا وتی:

_دێر هاتی، بەداخەوە م کە دەبێت بڵێم دێر هاتی. ئەو هەر ئێستا لێرە بوو. تۆ هەمیشە هەنگاوێك لە دوای ئەویت. هەمیشە تۆ بەئێرە دەگەیت و تارمایی سێبەری ئەو تازە خەریکە ون دەبێت. بۆ چەند خولەك پێشتر نەهاتی؟، وابزانم ئەو چاوەڕوانی کەسێکی دەکرد. وتی "کەوا من ڕۆژ بە ڕۆژ بە دیار هەناسەکانی خۆمەوە دادەنیشم و ڕووبەڕووی سەرابم و دەمهەوێت فریشتەی خەیاڵی خۆم بێت ". وتی "کەوا ئەم سەرابە دەیەوێت ئارەزووەکانم چوون تەمێك نیشان بدات، من هەر لێرە دەبم و چاو لەچاوە نادیارەکانی سەراب دەکەم و ناهێڵێم ئەو نائومێدییە جەزب بە خودای ئەندێشەکانی من بێت. ناهێڵم خۆرەی خوێنی هیواکانم ئەو سەرابە بێت، کە ناهێڵێت بە خەونەکانی خۆم بگەم. ناهێڵێت من و خەونەکانم پێکەوە ئەو تەلیسمانە بشکێنین کە دەیانەوێت ئێمە بکوژن. دەیانەوێت هەر ئەوەمان لێ بکەن کە ئەو سەرابە نەفرینە دەی ەوێت". دەیکوت "سورەیا من چی بکەم؟ تۆ تێناگەیت، نازانی ئەمێستا من لەچ قوژبنێکی بەڵاو ئازاردا بەگیر ماوم!. تۆ نازانی ئەمێستا خەریکە چی بەسەر پاشماوەی چرکەکانی ژیانی مندا دێت! ". دەزانی وتی چی!؟ ئەو وتی "دەترسێم بەڵایەکی شو وم بەسەر ئەواندا بێت "، وتی "ئەگەر ئەوان.... " و ئیتر نەیتوانی هیچ بڵێت و چوو....ئاوا بوو.

لەژێر چاوەوە بە محەمەدی زەردەشتیدا ڕوانیم. دەستی ڕاستی بە کەلەکەیەوە گرتبوو و دەستەکەی تری لە ژێر چەنەی دانابوو و خۆی بە دیوارەکەوە ڕاگر تبوو. من زانیم ئەو پەشۆکاوەو ڕەنگ لەڕووی دا نەماوە. شتێك پەستی کردبوو و هەر بە هەوەس هەناسەی ڕقـاوی توند هــەڵدەمژی. وەلێ من نەمدەزانی ئەو لەچ شتێك نیگەرانە. وێدەچێت قسەکانی سورەیا تووڕەی کردبێت. من لە قسەکانی میتیا، کە سورەیا بۆمانی دەگێڕاوە، بە تایبەت چەند ڕستەی ئاخری هیچ حاڵی نەبووم. وتم:

_سورەیا...میترا نیگەرانی مـن بـوو؟، هیـچی نەوت، دیسانەوە وتم:

_داخوا سورەیا، میـترا نیگەرانی چی بێت تۆ نازانی؟، ئەوە نازانی بۆچی خۆی شپرزە کردوە!؟. دوای کەمێك بە گومانەوە پرسیم:

_خۆ هیچ نەبووە ها..!

سورەیا شانەکانی هەڵهێناوە، کە نیشانەی نەزانینیان دەگەیاند. من تێگەیشتم کە ئەویش وەکو من هیچ شتێك نازانێت. موحەمەدی زەردەشتی دەیویست خۆی ئاسایی بهێنێتە پێش چاو، تێکەمێکی کردو وتی:

_سورەیاگیان تۆ پرۆ بەلای کاری خۆتەوە، نایەوێت نیگەرانی هیـچ بیـت. ئێـمە جارێکی تر دێینەوە..!

من خۆ هەر گومانم لەهەموو جوڵەو قسەو هەناسەکی حەمەدی بوو. دەمزانی شتێك لەدڵی ویدا خەفە بووەو دڵی منی خنکاندو وە. شتگەلێك لە مێشکی ئەودا هەن و بەدەنی من ئازار دەدەن. دەمزانی هەموو ئازارەکانی ئەو دەبێت بە جەستەی مندا تێپەڕ ببــن. من نەتەنها نیگەرانی ئازاری جەستەی خۆم بووم، بەڵکە دەترسام گومان و نـهـێـنی وەك خۆرە ڕۆحم بخۆن. دەترسام حاڵی نەبم کە بۆچی دەبێت ئەم هەموو ئازارانە بچێژم....!؟

نا...نەمدەزانی چیم کردبا، تا بتوانم لەو نهێنییە ئاگادار بم. نەدەکرا هەر لەخۆوە کارێك بکەم و بکەومە قوڵایی هەموو نهێنیەکانەوە. تا زیاتر چاوم لە محەمەدی زەردەشتی کردبا زیاتر گومانەکانم دەوروژان، سورەیا وتی:

_ئاخر ئەگەر تاوەکـو ئێـوارە نەیبینین، چیتر بواری بینینتان نایێـت. بەدوای قسەکەی ویدا پرسیم:

_بۆچی؟ یانی چی؟ سەری بە لای شانی ڕاستیدا لار کردەوە:

_ئاخر ڕاهێنـانی شانـۆیمان هەیە، پێ دەچێت دوو ڕۆژ بخایەنێت. خۆ دوای ئەوەش شانۆکە ئەنجام دەدرێت. مەگەر دوای کۆتایی هاتنی شانۆکە.

_شانۆکە کەی ئەنجام دەدرێت؟

_سێ ڕۆژی تر!

_سێ ڕۆژی تر!؟ دوایی وتم:

_سورەیا بەمیـتیا بڵێ و...، تەوام نەکرد. یانی نەمتوانی، یانی زۆرشت هـەبوو کە دەبوا پێم وتبا.

موحەمەدی زەردەشتی چاوی لە چاوەکانم پڕی بوو. وابزانم دەهری ببوو. چاوەکانی سو ورمەیی داگەڕابوون،

وەلێ دواتر ڕووی وەرگێرا. من ئیتر نەمتوانی هیچ بڵێم و زارم لەگۆ کەوت. دەبو وا پڕ بەهەمموو هەستی خۆم وشـەم دەرپڕیبا. ئەو وشـانەم دەرپڕیبا کە دەمێك بوو دڵمیان ئازار دەدا. دەمێك بوو لەهەستمدا خەفە ببو ون و خەریك بوو ژیانمیان دەتەقاند. خەریك بو ون لەمیچێکی هەستمدا هۆشیان دەتاساندم. دەبو وا هەموو ئەوانەم وتبا، کە دەمەویست دڵم ڕاحەت بێت. دەمەویست هەموو ئەوانە بە سورەیا بڵێم، تا لە گڕکانی ناخی خۆم بێبەری بم. دەمەویست بەسورەیا بڵێم بە میـترا بڵێت، منی لەبیر نەچـێـتـەوە. نەهـێـڵـێـت هەروا من لەدڵی خۆی دەرکات. پێی بڵێت کە نەهێڵێت باڵندەی ئارەزووەکانم یەکە یەکە بمرن. هەموو ئەو ئارەزووانەم کە تێیاندا ئەو خودایەتی دەکات.

کاتێك سورەیا چوو، من بەدوای محەمەدی زەردەشتی کەوتم و هۆڵی شانۆکەمان بەجێهێشت. لە دواوە چاوم لە ڕەوتی دەکردو شان و پیلیم دەهێنایە پێش چاو. لە هەندێ شوێندا دەستەکانی لەباخەڵ دەرنەدەهێناو هەروا لە بەردەمی خۆی دەڕوانی، و ورتەی لێوە نەدەهات. من هەموو ئەو بێزارییەم بە هۆکاری خۆم دەزانی. نەمدەویست لەوە زیاتر بێزاری بکەم. بێ دەنگ بو وم، حەزم دەکرد بە درێژایی ڕێگە لەگەڵی بڕۆم. نەتەنـها ڕێگەو شەقام و جادەکانی شار، بەڵکەم هەتاوەکو دو ورترین ڕێگەکانی ژیان لەگەڵی بم. هەتاوەکو ئەو ڕێگەیەی بە مردنمان دەگەیێت. هەتاوەکو مردن لێکمان دادەبڕێـت و چیتر نـاهێڵێت پێکەوە ئەو ڕێگایانەی ژیان ببڕین. ئەو گیانی گیانم بوو، دەبو وا دوای کەوتبام ، تاوەکو جەستەم بێ گیان نەبێت. تاوەکو پێویستی سینەم بە دڵی وی تێر بێت.

هەورێکی تێکەڵ و تاریك بە ئاسمانەوە بوو، هەورێك هێنـدەی خەونـەکانی من چـڕو بێبن. لە دامێنی ئەو هەورە بێ سەرو بەرانەوە شینایی ئاسمان بەقەرا پەنجەرەیەك دەردەکەوت. وەلێ هەرزوو لەژێر ئەو هەورانەوە ون دەبوو. لە کەلێنێکەوە خۆر وە دەردەکەوت و خێرا ون دەبۆوە. سروشت یاری بە ژیان دەکرد. لەو یاریەدا ژیان لە باوەشـی سروشتدا دەخەوت. من هەمیشە ژیانم بە مێینەیەك هاتوەتە پێش چاو کەلە تاریکایی سروشتدا خراپ تێگیرا بێت. دوایی لەمیچێکی بـوونەوە ئـاپروی تکا بێت. لە تکانی ئـەو ئاپرو چونەدا مرۆڤەکان ساز کرابن و ئاوا هەریەکە لە ئێمەو باب و کاڵمان نۆبەرەی ئەو ئاپرو تکانەیین. کە خەڵکیم دەبینی قونگە ڕێیان دەکرد، وەبیر ئەو ئـابـڕو تکانـە دەکەوتمەوە. دەمکوت "ئەمانە بۆ هێندە بەم ئاپرو تکانەی خۆیانەوە دەنازن، خۆ ڕاحەت بوونی سروشت لە ژیان هێندەی پێ پناوێ ...!؟".

هەوایـەکی ساردو تیژی کاتی پیـــاوی پەست دەکرد. هەندێجار لەژێر لێوەوەو بەدزی م وحەمەدی زەردەشتیەوە یەك جنێووی پیسم دەدا بە هەواو هەوا دارانی. من پەسـت دەبو وم کاتێك هەوا قژەکانی تێك دەدام. کاتێك هەوا شپرزو تێکی دەدام و هەموو بیرو پلانەکانمی دەمیشکمدا هەڵاوێر دەکردو لەبیری دەبردنـەوە. چو ون ئەویش وەك خودا بە هەموو جێگەو شوێنێکی مندا تێپەڕ دەبوو و هەموو شتێکی سـەرلەنوێ تێك دەداوە. چـــ وون ئەویش وەك شەیتان یا هەر دێوە زمەیەکی تر، پەستانی دەخستە سەر بیرو بڕیارەکانی من. من پەست دەب ووم کاتێك هەوا تەزو وی بە لەشمدا دەکردو چێژی دە من وەردەگرت. پەست دەبووم کاتێك هەوا دزەی بەنێوو درزەکانی لەشی مندا دەکـــرد.

لە ئاکام، ئەو هەوا ساردە تێکەڵ بە هەوای چینی سـەرەوەی ئاسمان بوو، و هـەورەکان کەوتنە بروسکە وەشاندن. گرمە گرم و ناڵە ناڵ لە ئاسمان بەرز بۆوە. وەهاکە من لە داخان قسەی خۆمم بە ئاسمان دا. یانی پیسم پێ کرد. وتم:

_بە نەفرەت بیت ئاسمان، بە نەفرەت بیت هەوا، هەر هەمووتان بەنەفرەت بن، هەی هەرچی و پەرچینە.

محەمەدی زەردەشتی بۆڵاندی:

_لەخۆڕا بـۆ دەبـۆڕێنی، بێ هودەیە، هیچکام لـەوان دەنگی تۆ نابیسن و زیاتر لە سەری مەڕۆ.

دوایی بارانێکی توندو بەهێز دەستی پێکرد. دەتکوت ئاسمان تەقیو وەو هەر ئەمێستا ژیان و سەرزەمین پڕ دەبن لەئاو. هەورە بروسکە لە هەموو لایەکی ئاسمانەوە شەقی دەداو وەو باران بەدوایداو، بە تەوژم دەکەوتە خوارەوە. هەموو جەندەکم ئاوی لێ دەچۆڕا ، وەهاکە بە قەرا هەموو ساڵەکە باران لەمنی دا. من ئیتر حەوسەڵەم نەما. دەستم لەخۆ بەرداو لێ گەڕام تاوەکو بارانەکە بە ڕاحەتی بمپێکێ. لەسەر جادە هەنگاوی

ناباو و پانم هەڵدەهێناوە، دەتووت بەدوای هەر دڵۆپێك دەكەوم كە دێتە خوارەوە. پاشان هەر لەخۆوە وەبیر حەزو ویستی خاتوونەكەم، میتـــیا كەوتمەوە. ئەو دەیووت:

_من دەمەوێت ئەم هەموو بارانە هەڵمژم، تاوەكو سییەكانم پڕ دەبن لە شێ..من ئیتر خۆمم دایە دەست ویستی بارانەكە. خۆمم پان دەكردەوە بۆ ئەوەی زۆرترین بـارانم بەر بكەوێت. بۆ ئەوەی نەهێڵم هیچ دڵۆپێك بەبێ هودە بكەوێتە سەر زەوی. وەهـــا هەستم بە خۆشـی دەكرد، كە م وحەمەدی لێم ئەبڵەق ببوو، ئەو نەیدەزانی من بۆ ئەوهـا دەكەم. كاری ئێستا ئەو ئەوكاتم لەچی. دروست دەمەویست پڕ ببم لە بـاران. ئەو نەیدەزانی كەمن دەمەوێت خاكی نائومێدی دڵم بشۆمەوە. نەیدەزانی كە ئەم حــەزو ویستە شێتانەیەم لەخۆڕا نیەو هۆكارێكی هەیە. بەڵام ئەم خۆشیەم ساتێكی كەمی خایاندو، وەبیر خودی میـــتـــرا كەوتمەوە. وەبیر دڵتەنگی ئەمێستای خۆم كەوتمەوە. دیسانەوە ڕەوتم گۆڕا. زارم جۆرێكی تر دەدوا....وتم:

_ئەمەش ئاخیرەكەی تەماشاكە.....خوساوم!؟

محەمەدی زەردەشتی وتی:

_ئەرێ خوساوی، دەڵێی جرجی نێوو زێرابەكانی.....

تەماشایەكی خۆمم كردو دام لەقاقای پێكەنین، دوایی بە ەو پێكەنیم كەجل و بەرگەكەی پێو وەی نوسابوو، و ئەندامە هەستیارەكانی دەرپەڕیبوون و درزی جۆراو جۆر لە پێش و پاشەڵی كەوتبوو. پاشان پێكەوە بە خۆمان پێدەكەنین. وتم:

_بەڕاست دەڵێی جرجم؟

_جرج و شتێك بەولاوە....

_ئەی من؟ ئەی من ئاوا لە چی دەچم؟ وتم:

_تۆ ئاوا.....نازانم، بەڵام لەخێوو دەچی. خێوی دەریا.

دوایی لەژێر پاسارێكدا وەستاین تاوەكو بارانەكە هێواش بۆوە، وەكو دزێكی بێ ئەزموون هەڵدەلەرزیم. سەرمام ببوو. هەموو دەمارەكانم كرژ ببوونەوە. موحەمەدی زەردەشتی پرسی:

_ئێستا چی بكەین؟

_چوزانم ! و وتی:

_تۆ پڕۆرەوەو منیش كـارێكم هەیە دەبێت ئەنجامی بدەم، پاشان دەتبینمەوە..

_دەمبینیتەوە كەچی؟ هەناسەیەكی لوتنی دا:

_هەرچی كە دەتەوێت...

_باشە......محەمەدی زەردەشتی:

_ئم..

_نانا .....هیچ پڕۆ بە سەلامەت.

لەوێدا لێكدی جودا بو وینەوە. من گەڕامەوە بۆ مـــاڵ. هەستم بە دڵتەنگی بە تینی خۆم دەكرد. بە حەسرەت و ژانەوە بیرم دەكردەوەو هیچ شتێكم پێ بـاش نەبوو. پێم باش نەبوو بیر لە شتێك بكەمەوە كە پێم گرینگ نەبوو. گرانایەكی زۆر لەسەر دڵم بـــوو و تەنیاییـەكی كوشندە دە وورى دابووم. دەوورو بەرم سەراپا خامۆش و بێ دەنگ بوو. لە پەنجەرەی وەتاغەوە دەمڕوانی بەسەر دوورایی شاردا. بەسەر ئەو تەمەی كە ئەوكات دەیویست خۆی بپۆشێت بەسەر دامێنی باشوری شارەكەدا. بوخاراتێكی لێڵ و زۆر لەدامێنی ئاسماندا دەبینرا. دڵم تەنگ بوو و بولێڵەكەی لەسەر گەرو وم نیشتبوو. ئارەزووم بوو كە دڵ تەنگی ئەو كەسە بووم، كە نەمدەزانی ئەمێستا لە كوێیە. ئارەز ووم بوو بیر لەوە بكەمەوە بزانم چەندێكم خۆش دەوێت. ئارەزو وم بوو كە وەختی خۆم بە بیركردنەوەی ئەوەوە بەسەر بەرم. ئارەزو وم بوو كە ئەو چوون خودایەك هەڵسەنگێنم، چونكی هەرزوو باوەڕم پێی هێنابوو. چو ون هێشتاكوم باوەڕم بە خودایەك نەهێنابوو. ئەو تەنیایی ڕەهای منی دەكوشت. چ خودایەك لەو باشتر كە دەیتوانی بەسەر تەنهایی ڕەهای مندا هێزی ناكۆتاو كاریگەری هەبێت. چ شتێك لەو باشتر دڵی من دەداوە. بۆ چركە ساتێك نەمدەتوانی لە بیری خۆ مری بەرمەوە، لە هەر كونج و

بنمیچێکم ڕوانیبا وێنەی ئەو دەکەوتە پێش چاوم. نەمدەتوانی لەوە زیاتر بمێنمەوەو لە پەنجەرەی وەتاغەوە چاو لە چپە چپ و ورتە ورتی ژیان بکەم.

تاوەکو درەنگانێکی ڕۆژ هەروا مامەوەو چەند کاتژمێرێك بەسەر جودابو ونەوەی من، و زەردەشێدا تێپەڕی بوو. هەر لەخۆوە ئەو چاوەڕوانیەم لەخۆ دەکرد، کە دەبێت کارێك بکەم. نە مردەزانی دەمەوێــت چ بکەم، وەلێ ویستەکانی دڵم ئاماژەیان بە کارگەلێك دەکرد کەلە ئاکام تێ گەیشتم. تێگەیشتم بوخارانێکی زۆر لە مێشکمدا هەیەو ڕوخساری وی حەشار دەدەن. ئاخیرەکەی چاکەتە باراناویەکەم لەبەر کردو خۆم لەو ڕاڕاییە دەرباز کرد. لە هەوای باراناویدا بەسەر جادەو شەقامەکاندا تێپەڕ دەبووم. دەتکوت ئەو هەوا باراناویە هەموو ڕاڕاییەکانمی پەرژو بڵاو دەکرد. ئارامیەك باڵی بەسەرمدا کێشا. نەدەگونجا لەو بارودۆخە هێمنەدا هەستێکی سەروتر لە خۆشیم تێدانەبێت. بەکەیف و حاڵەتێکی تایبەتەوە سەرنجی هەموو شتێکم دەداو لەسەر جادەی تەڕ درێژەم بەڕەوتی خۆ دەدا. نەمدەتوانی کۆنترۆڵی هەر چوار پەلی خۆم بکەم و لە نێوو فەزای ئەو کەیف و حاڵەدا، ڕایان کێشمەوە نێوو چوارچێوەی بوونی خۆم. وەهاکە دەتووت هەر پەلێکم ڕووەو ئاراستەیەك دەڕوا.

مژێکی خەست لە لاپاڵی شاخەکاندا دەبینراو ئاسمان ڕوون ببۆوە. شارەکە سەرلەنوێ جەنجاڵی تێ کەوتبووەوە، لەهەموو شوێنێك فڕت و جڕت و هەراو ورِیای خەڵکی دەبیسترا.

بە هانکە هانك بەلای یەکتریدا تێپەڕ دەبوون. دەتووت ئەو بارانە زۆرەی چەند سەعات پێشتر هەموو بوونەوەرگەلێکی چالاك و زیندوو کردۆتەوە. لەبەرئەوەی دەمەویست خۆم بگەیەنمە هۆڵی ئامادەکردنی شانۆکە، هەر ئەوە نەبوو ڕابکەم. بەخێرایی تێپەڕ دەبووم و خۆم بەنێوان خەڵکیدا دەکرد. بە بەینی ئەو ژن و پیاوانەدا ڕەت دەبووم کە بەهۆی منەوە دەستیان لە یەکتری بەردەدا. بەهۆی منەوە لەو سەمایەدا چەند چرکەیەك لێکدی جو ودا دەبوونەوە. من کە نەمدەویست چرکەیەك لەکیس بدەم، پێم گرینگ نەبوو کێ لە ئاکام ئەو ڕەوتەی من، چرکەیەك لەو خۆشیە، لەو سەمای ژیانەی لەدەست دەچێت. منیش دەمەویست بە سەمای ژیانی خۆم ڕابگەم. دەمەویست بەو ژیانە ڕابگەم کە خەریك بوو لێك دەترازا. نەمدەویست دەست لەو سەمایە بەردەم کە هەموو ئاوازەکانی لەسەر سازی ژیانی من دەژەنران. نەدەکرا ئەو سەمایە جێ بهێڵم کە ژیانم ڕۆڵی تێدا دەگێڕا. من بەم ڕەوتەم دەمەویست بەو ژیانە بگەمەوە کە بوونم چاوەڕێی دەکرد. دەمویست بەو ژیانە ڕابگەم و پشکێکم لە سەماکردنەکانیدا هەبێت. پێم گرینگ نەبوو کێ لە ئەنجامی ڕەوتی من ژیانی لەکیس دەچێت. شانم تەکانی لەشانیان دەدا. هەندێجار سەر سمێکیشیان دەدا. یەك دوانیان بەدوامدا قسەی پیسیان دەووت. لەولاتر کەسێك بەدوامدا قیراندی و تفێکی کرد، وتی:

_ئەوە حیزە.......ئەها ڕایکردا!.

نەفەسم لەهەوای بارانی دەدا. ئەو شێیەم هەڵدەمژی کە بۆنی زەمەنی لێوەوە دەهات. بۆنی ژیان لەو تەڕایی و شێیەدا هەست پێ دەکرا. هاڵاوی تازەی زەمینم هەڵدەلوشت. بۆنی ئێوارە لە زەمین و سروشت دەهات. ئێوارە بەدڵ تەنگی و تەڕاییەکەیەوە دووبارە ژیانی لە ئاسۆدا بەڕێ دەکرد. لەژێر درەختەکاندا نەفەسی ڕاحەت و خەستی خۆمم دەدا. لەو تەڕاییەدا چێژم لەتیشکی کورت و لاوازی خۆر وەردەگرت. چێژم لە خۆرو خەڵکی و خوداو خاکەکەی وەردەگرت. لەو ئاسۆیە چێژم وەردەگرت کە بەغەمگینی تەماشای ژیان و شارەکەی دەکرد. لەژێر ئەو ئاسمانەدا چێژم لەو سەر زەمینە وەردەگرت، کە پێم پێدا دەنا. چێژم وەردەگرت و دەمەویست هەموو چرکەکانی ئەو ئێوارەیە لەزەمەنی بوونی خۆمدا هەست پێ بکەم. حەزم دەکرد ناقوسی هەر چرکەیەك لە بۆشاییەکانی نێوەوەمدا دەنگ بداتەوەو چوون کاتژمێرێك بەسەر هەموو بوون و زەمەندا زاڵ بم. من بەم ئەندێشە شەق شەق کـراوانەی برینی سەرمێشکم، دەمەویست بەو مەنفایە بگەم کە سەراب لێمی دەسەند. من لەو ئێوارەیەدا نەتەنها دەمەویست کاتم بێهودە نەچێت، بەڵکە ببووم بە خودی کات و چرکەو سات بەسات زەمین و ژیانم تەی دەکرد. خۆم لـە چوارچێوەی هەموو فەزاو بەشەریەتدا دەبینیەوە. لەسەرو عالەمی هەستەکانەوە ڕامدەکردو بەدوای ئەو عیشقە دەکەوتم، کە هەمیشە پێشم دەکەوت. ئەو ئێوارەیە دەمەویست ڕۆحی ئەو عیشقە بگرم و لە بەدەنی خۆمدا بینێژم. ڕۆحم لە دوای ئەو هەموو هەستە عاشقانەیە دەکەوت، کە چوون بەڵایەك پری پێدا کردبوو. ئەو هەستە عاشقانەیەم لێ ببوو بەخوداو نەمدەزانی بەکام جەهەنەمدا تێپەڕ دەبێـت. نەمدزانی من، لەکام بنمیچی ئاسمانەوە خۆی حەشارداوەو

نایەوێت من پێی ڕابگەم. نەمدەزانی لەکام پەنجەرەی بەهەشتەوە بـۆنم کردبوو و دەمەویست هەتـا دواین نەفەس هەڵی مژم. نەمدەزانی بۆ نایەوێت ئەم تەنهاییەم لێ بسێنێت، کە خەریکە نهێنیەکانی ئەو ئاشکرا دەکات. بۆ نایەوێت من لەم جەهەنەمە دەربـاز ببـم.

بۆنی دیوارەکان دەهات. بۆنی لیباسـی ئەو پیاوانە دەهات کە نەڕاندبو ویان بەسـەرکات و سروشتی دەوورو بەریاندا. بۆنی شێی زوڵفی کچەکانی نێوو هۆڵی شـانۆ دەهات. بۆنی کچە سـۆزانی و عاشـقەکان تێکەڵ بە بۆنی من دەبوو و پێکەوە ژیانمان دەتاساند. پێکەوە دەمانویست ئەو ژیانە بخنکێنین کە دەیویست فریومان بدات. بۆنی ئەو هەسـتەم لێ دەهات کە دەبەرابەر میـتـراو مـەحـەبەتیدا هەمبوو. بـۆنی توندی تینی بەتینی عیشقم لێ دەهات. بۆنی تەڕایی عیشقی هەموو کچەکانی سـەر شـەقامەکـان و هـەمــوو کچەکانی باوەشـی ژیان دەهات. بۆنی لێوی ئەو ئافرتـانە دەهـات کە مەسـت بە شـەڕاب و عـیشـق بـوون.

ڕامدەکرد، لەم کۆڵانەوە تێم دەتەقاند بۆ ئەوسـەری کۆڵان و بە ئاڕاسـتەی پێچاوپێچ بام دەداوە. هەناسـەی دوودڵی و دڵە ڕاوکێیم دەدا. هەناسـەی پەرت پەرتم لەکاتی نابــــاو و ناشیاودا دەدا. جگەرەم هەڵدەکردو فوی ئاڵقە ئاڵقەم بە نێوو گەردەکانی هەوادا دەکـرد. دوایی دوکەڵێکی خەسـتی سپی بەچڕی، لە هەوای دەم و لوتم دەردەچوو و هــەوای ئەو نێوەی بۆ هەناسـەدان تێك دەدا. لە پەشـۆکاویدا جارێك دوکەڵی جگەرەم لــە کونێکی لوتەوە دەردێناو جارەکەی دیکەش بە کونەکەی دیکەیاندا دوکەڵم لــە هـەوا وەر دەدا. جگــەرەم فڕێ دەداو یەکێکی تر بەدوای دا دەهات. دوکەڵی جگەرەی دەم و لوتی من هێندەی دوکەڵی کارگەکانی شار ژینگەی پیس دەکرد. دوایی جگەرەم فڕێ دەداو بەر نەفـرەتـم دەدا. دەمـووت:

_ئەمە نەبـڕایەوە....ئەم فـووە فـووە؟ ئەم هەناسـە خەسـت و لێـژە، ئەم هەموو نەفرەتاویە. دەمووت:

_ئەگەر ئەمجارە جگەرەم کێشا، هێندەی ئەم دوکەڵە سووك بم، هێندەی ئەم فووە سـووك بم.

لەتاوا، لە حەژمەتا تەماشـای پێیەکانی خۆم دەکرد. سـەیری ئەو هەنگاوانەم دەکـرد کە دەت ووت لەدوای یەك کەوتوون. ئەمیان هەڵدەهات و دەیکو وتا بە زەویداو ئەوی دیکەیان لەولاوە زرمەی دەهات، و چڵپـاوێکی بەم لاو لادا فـڕێ دەدا. دوایی سـەرنجم بە خواری شـەڕواڵکانمەوە گیرسا یەوە. دەتووت قوڕکاریم کردوە وەها کە پاك کردنەوەیان زۆر زەحمـەت تربوو لەوەی کە بەیەکجاری لە دەسـتیان دەرباز ببیت. لەو حەلەدا هەسـتم بە سـەرمایەکی زۆر دەکرد. لوت و گوێکانم تەزیبو ون. لە یەك سـاتدا پەنجەکانی پێی خۆمم بەچرچ و لۆچی هاتە پێشچاو. ئەو خێرایەم هاتە پێش چاو، کەلەو ئێوارەیەدا هەمبوو. هەمـوو ئەو خەڵکەم دەبینی کە دڵتەنگی منیان زیاتر دەکرد. هەموو ئەو ژاوە ژاوەم دەبیسـت کـە بێ زاریان دەکردم. هەموو ئەوینەم بە دڵدا دەهات کەلە بەرابەر نەبینینی میــتیادا بەسـەرمدا هاتبوو. ئەو خۆشـەوییسـتیە ئازاری دەدام کەلە ناخمدا خەفە ببوو و دەیەویسـت ئەو لێم نزیك بێتەوە. هەموو ئەو ئێوارەیە سەراپا میـتـرای بە بیردا دێنام. بیرم سـەراسەر ئەوی داگرتبوو و، هیچ بیرێکی دیکە نەیدەتوانی خۆی بە مێشـکمدا بکات و مێشـکم ناخودئاگایانە بە دوایدا دەگەڕا. دڵم دەبوورایەوە، پەشـۆکاو و شـپرزە ببووم.....

ئەو شـەقامەم گرتە بەر کەمنی بە هۆڵی ئامادەکردنی شـانۆکە دەگەیاند. لە ڕۆخی شـەقام دوو پیاوی مەسـت کەوتبوون و بیریان لە عالەمی خەیاڵ دەکردەوە. وام بەر زەین هات کە ئەوان لەو بەد مەسـتیەدا نوکە لە ژیانێکدان هیچ کەسێك و هیچ بونەوەرگەلێك بەدنیە. لەو دیوو دونیای مەسـتیەوە هەموو شتێك ڕێك و داد پەروەرانەیە. ئەوان لە دونیای خەیاڵدا ژیــان دەکەن و هیچ کەسێك ئازاریان نادات. ئەوە ئەم دونیاو ژیانەیە کە ئەوان ئازار دەدات. لەو بەدمەسـتیەدا ئەوان کۆکن و یەك ڕاو ئامانجیان هەیە، وەلێ لەو نائــاگاییەدا چەنـدین خەیاڵی جۆراوجۆر، چەندین ژیانی خۆش، چەند کاتژمێری بێ ماندوبو ون و بێ ئاپرو چو ون لــە شێوەی ژیانی ڕاستەقینە بەسـەر دەبەن. هەر بەو شێوەیەی کە ژیانی ئێمە جگەلە خەیاڵێك هیچی دیکە نیە. ئێمە لە دونیای ژیانی ڕاستەقینەوە تەماشــای ئەوان دەکەین و ئەو مەسـتایەتیەمان پێ خەیاڵ و پو وچە. وەلێ ئەوان لەو ژیانە ڕاستەقینەی خەیاڵدا، تەماشایی پووچی و بێهودەیی هەوڵەکانی ئێمە دەکەن!. وام بەر بەبیردا هات کە مەسـتی و نامەسـتی دوو ڕووی ناڕاسـتەقینەن و هیچکام لەو دوو ژیانە ناتوانن واتای هەقیقەت بسـەلمێنن. چونکی گریمانەی ئەوە دەکرێ کە ژیانی هەموو مرۆڤەکان خەیاڵێك بێت. مرۆڤەکان لە کونجێکی سروشـدا دانیشـتبن و خەیاڵ بکەنەوە. لەو خەیاڵ کردنەدا ژیانی ئێسـتایان پێك هێنابێت. بو ونی ڕاسـتەقینە لە جێگەو

شوێنێکی دیکەی جیاواز لەسەر زەمیندا بێت. ڕۆژگاری ئەمێستا خەیاڵی هەر تاکێکی ئەو بو  ونە ڕاستەقینەیە بێت. یاخود بوونی ڕاستەقینەی هەر یەك لە ئێمە ، خەون بەژیانی سەر زەمینەوە ببینێت. دوایی لەبەر خۆوە وتم:

_ئەگەر ئەم ژیانە خەیاڵ بێت...!؟ قسەی قۆر ئەی ئەم هەموو پەل هاویشتن و فڕت و جڕتەم لە چ  ێیە. ئەمە دەست و ئەمە قـاچ. ئەوەش هەنگاوی زل ئەها، بگرە ئەوەش هەنگاوێکی تر. چاوم لە یەکێك لەو سەر مەستانە کرد، بینیم خۆی گرمۆڵە کردۆتەوەو ورتەی لێو  وە نایەت. ئەوی دیکەشیان خۆی دەخورێنێت. پاشان بینیم دەستی  لەنێوو گەڵی خۆی وەردا. من ئیتر پەست بو     وم و خێرا ئەوێم جێهێشت. هێندەی نەبرد گەیشتمە بەردەم هۆڵی ئامادەکردنی شانۆکە. وەلێ بینیم لە مردوخانە دەچێت و هیچ کەسێك لەو دەو   ورو بەرەدا نابینرێت. وەکو هەموو جارێك کەمێك خۆم مژۆڵ کردو خولامەوە، دوایی لەبەر دەرکەی هۆڵەکە ڕاوەستام. پیاوێك کە دانیشتبوو هات و وتی:

_ها.....کاکە؟

_تۆ.......دەرگاوانی؟

_ئەی حەزدەکەیت چی بم؟ خۆ شانۆکار نیم مەگەر نابینی!

_کێ لەوێیە... مەبەستم لەنێوو هۆڵەکەیە، لەژوورەوە؟

_کەس.

_کەس؟

_خۆ گاڵتە ناکەم......

_نانا.....دەڵێم سورەیا، میـتـرا. کانییا خانمێك لەوێ نین؟

_کاکە بۆ  تێناگەیت، تەنانەت شەیتانیش لەوێ  نیە، چۆڵە مەگەر نابینی، مەگەر نابینی دەڵێی جەهەنەمە...

لەوە زیاتر دڵم نەیدەتوانی خۆی ڕاگرێت، لەو نەهامەتیانەی کە وەکو خۆرە تێوەی گلاون. لەو بێزارییەی کە خەریك بوو دەیگوشی، و خوێنی خـۆشی و بەختەوەری لێ دەمژی. بێ ئومێد ببو  وم، وەکو شەستە بارانێك دڵم گریانی خەفە بو وی دەهات، دڵم ئەو گریانەی دەهات کە زەمەنێك بوو بێ هیوایی وەکو تەمێك بەچڕی لەسەری نیشتبوو. ئەو گریانەی کە چو  ون شەونم هەمیشە لەسەر بەرە بەیانی ژیانی دڵی مندا دەبینرا. ئومێدم لەو جەنگەڵستانە تاریك و بزێو  وەی دڵدا، لەنێوو بڵێسە هەمیشە سوتێنەرەکانیدا چەخماخەی دەداو خامۆش دەبۆوە. لەنێوو ئەو خۆڵەمێشەدا پیاسەی دەکرد، کە خو وی پێوەگرت بوو. لە نێوو پروشەی سەختی و سەرکەشیدا سەمای دەکردو لـەگەڵ توانـــەوەیدا ئـــاوازی بــەسامی دەچڕی.

من بۆ  ئەو یادەوەریانە دەگەڕامەوە، کە یەکەمجار ئەوم بینی بوو. لە هەموو هیواو ئاواتەکانی خۆم تێر ببووم. بۆ ئەو وەختانەی یادگاری دەگەڕامەوە، کە کاتەکانی بو      ونی من ئاهەنگی شادییان دەگێڕا. ئەو شادیانەم وەبیر خۆ دەهێناوە کە تێپەڕیبوون بەسەر چینی یادەوەری تەمەنمداو لە مژی تەماوی سەرنویشتمدا ون ببوون. من بەو ئاهەنگانەی کە لەسازی غەمگینی دڵمدا دەژەنران، هەموو ئەو ئاوازانەم دەبیست کەلە ڕۆحی نیگاکانی ئەو پڕێك هاتبوون. ڕۆحگەلێك لە کوچەکانی ئەو ئاوازانەی مەحەبەتمدا ئەو نۆتانەیان لێ دەسەندم کەلە دڵی ئاوازەکانی مندا هەبوون. من بەو هەموو      مەوهیبە شێتەی دڵی غەمگینمەوەو بەو هەموو مردنانەی دوای کەوتبو ون، دوای ئەو ژیانە کەوتبو  وم کەلە نێوان دوو لێوی ئەودا بینیبو  وم. لەو ئێوارە بەستوەی مەرگدا، لەو بەستەڵۆکی مەراق و مەنفایەدا تینووی تەڕایی لێوەکانی میتـــیا بووم...

مردبووم، هەستم بەدڵی خـۆم لە جەندەکی ساردو سڕدا نەدەکرد. دڵم لەجێگەیەکی ترو لە لەشێکی تردا لێی دەداو مێشکمی پەرت کردبوو. وەلێ لە جستەی ساردو سڕدا هەستم بە سو       وتوی ئەوڕۆحە دەکرد، کە دەیەویست هێزە لاوازەکانی بەسەرمدا زاڵ بکات. چوکترین هەستم بە خۆو و قورساییەکەی نەدەکرد. لە بیرو فکرمدا، لەعالەمی هەستەکانم دا، بەدەن و ژیانێکی دیکەم هەبوو. دوایی نزیك بەماڵ لە ڕەوت و لەش و بیری خۆم، واگا هاتم و بینیم شەکەت و داهێزرا بو وم. هەراسان چاو لە خەڵکی و دە وورو بەر دەکەم. قورسایی کەلەم، قوسایی خۆم پێ زیاتر بوو لە قورسایی گـایەك. هەندێجار وام بە بیردا دەهات، کە

چیتـر ناتوانم یـەك هەنگاوی دیکە خۆم ڕاکێشـم. هێندە بێزارو ماندوو هەنگاوم هەڵدێنــاوە، وەهاکە دەت ووت قورسـاییەك بە پێیەکانمەوەیەو توانای ڕاکێشـانیم نیە.

کاتێك کە نزیك بەماڵ کەوتمەوە، بینیم م وحەمەدی زەردەشـتی دەسـتی بە کەلەکەیەوە گرتو وەو خۆی لار کردوەتەوە. نیگایەکی قوڵ و ماناداری تێبڕیم:

_ئەوە لە کوێیت؟ نیوو کاتژمێرە لەگەڵ ئەم درەختەدا ڕاوەسـتاوم!

_نازانم ......ویستم بڕۆم بۆ....

_بۆ هۆڵەکە! بەم ئێوارەیە خۆ لەوێ نین.

_دەزانی محەمەدیا، ئیتر ناتوانم بیبینم تادوای شـانۆکە، دەڵێم باشـەو...خێرا چاوەکانی هەڵبڕی:

_نا نا نا، کارێکی گرنگمان لەپێشـدایە، خۆ دونیا هەر ئەم دوو سـێ ڕۆژە نیە.

_چ کار؟

_خراپ ماندوو بو ویت، باشـتر وایە جارێ بحەسێیتەوە. تەماشـایی چاوەکانیم کرد، بینیم زۆر شـتم پێ دەڵێن، لە دڵی خۆمدا وتم:

_"ئـــاخ...!؟"

## بەشـی حەوتهم

وائاگا هاتم، لەبن دیوار ، لەژێر سێبەری درەختی لیچقن و شێدار، هەراسان خۆم به هەڵتروشكاویی بیرییەوە. لەبن دیوارو لەبەرابەر ماڵە میترادا لە هەقیقەتی بەشەریەت واگا هاتمەوە. دوو سەعات، نا چەند سەعات لەبن دیوار دانیشتبووم و ڕووم لەپەنجەرەكەی وان كردبوو. كاتێك كە وەئاگا هاتمەوە میترا دیارنەمابوو، یانی ئەو كاتەی گازی لە كەسێك دەكرد، من بەدوای خەیاڵكانم كەوتبووم و نەمدیبوو چۆن وە ژووكەوت بوو.

نا، نەمدیبوو كەی و چۆن خۆی بەژو وردا كرد. نەمدیبوو بە چ ڕەوتێك، بەچ هەنگاو گەلێكی نەرم و لەشێك كە ئەو هەیبوو ، لەوێ نەمابوو. من دیتم ئەو وەدەركەوت بوو و بە دەست.....نا، بەقامكە تەلیسم اویەكانی ئیشارەی بۆ كەسێك دەكرد. دیتم لێوەكانی دەجولاندەوە. من لە دو ورایی حەفتا پێوە تەڕایی لێوەكانی ویم نیشانە گرتبوو. دەمبینی كە لەژێر لێوەكانیەوە قسەدەكات، وەلێ چیتر نەمدیبوو لەگەڵ كام بایەدا چوو بوو.

لەقەراغ دیوار، لەنێوو سێبەری پەرت پەرت و شكاوی درەختدا بە ئەستەم لەسەر پێیان خۆم ڕاگرت. من بە تەواوەتی واگا هاتبوومەوە و ماڵە میترام بە ڕوونی دەبینی. پەنجەرەو پەلەوەری سەر درەختیانم دەبینی. نا، نەخەیاڵم دەدی و نەخەون، بەڕاحەت و بە بێزاریەكی ناگوتەنیەوە هەستم بەبوونی ڕاستەقینەی ئەمێستای خۆم دەكرد. ژیانی "من" ی هەقیقەتم دیسانەوە هەست پێ كردەوە. دیسانەوە خۆم گورچ و گۆڵ لەماهیەتی ژیاندا بینییەوە. ئەمێستای خۆمم چاك هەست پێ دەكرد. نا! ئیتر نە خەونم دەدی و نەخەیاڵ. من لە پاشەڕۆی خەیاڵەكان فڕێ درابوومەوە سەرزەمینە بەدوو پیسەكانی ژیان.

هەر لەخۆوەو لەناكاو چەند هەنگاوێكم لەپەنا دیوار هاویشت. ئەم سەری دیوار تا ئەو سەر چووم و گەڕامەوە. دەهاتم و دەچووم . كاتێكی زۆرم لە بن سێبەری دارو دیواردا تێ پەڕاندبوو. بێ ئەوەی هەستم بە چوكترین ساتی كردبێت. بێ ئەوەی ساتێكیش واگای خۆم و بیرو فكرم بووبم.

لە شێی شو ومی دیواردا تەواوی لەشم كوترا بوو، وەهاكە دەتووت تەواوی ئەو هەموو كاتەی سەرفم كرد بوو، ئەو شێیە بەلەش و هۆشمدا گەڕاوە. وەهاكە بە ونجڕ ونجڕی و داپڕ داپڕ، هەموو ئەندامەكانی نێوەوەی خۆمم دەبینییەوە! ،كاتێكی زۆر لەمن و ڕۆژ تێپەڕ ببوو و شەو بە تارمایی و تەماویەكەیەوە، لەهەر چــوارلاوە بە دەووری ئێوارەدا كوو ببوویەوە. لەقولایی تاریكایی دووری شەودا، دڵی ژیانی خۆمم دی و چو ون شەم لەو تایكیەدا بە حەسرەتەوە دەسوتا.

سەری ئێوارە خەڵكی و ئەوانەی لە تەمەنی مندا بو ون، مرۆڤە گەوجەكان، یانی ئەوانەی لەئاكامی ئەوەی بیریان لە بوون و خودی نهێنی ژیان نەدەكردەوەو بە گەوجایەتیەكی تەواوەوە ژیانیــان دەكرد، بەرەو ماڵەكانیان دەگەڕانەوەو من لە پەنا دیوار چاوم لێ دەكردن. دوو، نا سێ هاورێی من كاتێ كە گەڕانەوە بەلامدا تێپەڕین و بە پێش ماڵە میترادا گوزەریان كرد. من هەستم كرد هیچ پەیوەندیەك لە نێوان من و ئەواندا نییە. هیچ هۆكارێك من بەوان نابەستێتەوەو نامەوێت ڕەگەڵیان كەوم. من خۆم دەپەنا دیوار هاویشت تانەوەكم چاویان پێم بكەوێت. تانەوەكم هەستە پوچەكانیان، هەستە خاكی و ئادەمیەكانیـان تێكەڵ بەهەستەكانی من بكەن. تانەوەكم بیرەكانم دەگەڵ واندا بسازێن. یەكێك لەوان كە باڵایەكی نیووە ڕێك و بەرۆك ئاوەڵەی هەبوو ، چاوە چوك و تیژەكانی بە تەواوی كونج و بنمیچی ماڵە میـتیادا گێراو هەناسەیەكی ساردی هەڵمشت.

وەهاكە دەتووت هەموو هەوای ئەو نێو وچەیەی هەڵمژی. دوایە میـلی جوڵێنەری چاوەكانم بە دەركەی ماڵە میتیادا گیرساوە. بینم دەسگرەی دەركە لێكترازاو ئەو.....نا،فریشتەیەك لە شێوەی ئەودا وە دەركەوت و كەسێكی دیكەش كەوا وێدەچوو دایكی بێـت بەدوایــدا هاتەدەرەوە. نە خەیاڵم دەدی و نەخەون، من بە چاوەكانی خۆم هەر چوار چاوەكانی ئەوانم دەبینی. ڕووەو من دەهاتن. من خۆم بە دیوارەوە نوساندو چاوم لە چوكترین جوڵەیان پڕی. بە كاوەخۆ هەنگاویان هەڵدێناوەو لەگەڵ یەكتریدا دەدوان. لێوەكانیان لەیەك ساتدا وەپێش چاوم كەوتن . لێوەكانی ئەو هەناری بو ون و تامی پرتەقاڵیان بە چێژی هەستی من دەدا. مـن تامی ئەو لێوانەم لە عالەمی خۆمدا كردبوو، دەمزانی و دڵنیابووم تامی پرتەقاڵ دەدەن.

من هەر چاوم تێ پڕیبوون، نەمدە هێشت هەروا بە ئاسانی تێپەڕبن و تێر نەبم لەو جوڵەو ڕەفتارانە، لەو هەنگاوانەی كە نەرم لە زەویان دەدا. لە لەشێك كە ئەو هەیبوو. لـەو هەناسەیەی كە تێكەڵ بە هەوا دەبوو. خۆشحاڵ بووم كە هەناسەكانی ئەو تێكەڵ بە هەوای ژینگەی هەناسەكانی من دەبێت و هیچ بەربەستێك لە

نێوان هەناسەکانی ئەو و منـدا نـیە. یانی خۆشحاڵ بو وم کە یەك ژینگەو یەك زەوی هەردوکمانی تێدایەو لـەیەك زەمەندا ژیان دەکەین. لە حەلێکدا تەمام گرت بە ئیشارەیەك یا بەدەستێك، بە چاوێك یاخود بەهەستێك کە تەنیا لە چاودا هەیە میـترا تێبگەیەنم ، وەلێ دایکی لەپڕا چاوەکانی کەوتنە سەر من و تەماشایەکی تفت و بێ تامیان کردم. ئیتر من نەمپەرژا، نەمتوانی و نەمدەوێرا هیچ هەستێك تەنانەت ئەگەر لە ناخیشمدا بێت دەربیرم. ئەو چاوە درشت و قەڵسانە بەجۆرێکی تورەو بێ زارەوە پێمدا دەیانڕوانی. من ترسابووم و دەترسام، ئاخیرەکەی هەر تەماشای خۆمم کرد. سەیری میــترام کردو دایکییم پێ گرینگ نەبوو. لە دڵی خۆمدا وتم:

_"داخۆ منی دیبێ، بۆ نا؟ من خۆ چەند چرتە چاوم بەو لادا گێراو خۆم مژۆڵ کرد " من وەستام و ئەوان تێپەڕین. بە بەردەم مندا، لە پێش من و دیواردا گوزەریان کرد.

هەناسەم نەدەدا، یانی جارێك پێم گرنگ نەبوو، زرنگە زرنگی خشڵ و مرواری و بازنەکانی وی بۆ من ئاوازێکی خۆش و مەستی ناگوتەنی بوو. بۆ من هێندەی هەموو ئاوازەکانی دونیا بە چێژو شادی هێنەر بوون. لە دواوە چاوم لێ کردن تا ئەو کاتەی لەپێش چــاوم ون بــوون.

چەند سەعات دواتر هەوا گۆڕا، دونیا تاریکی کرد. ئەستێرەکان دو ورو نزیك چـوون چاوەکانی ئەو برقیان دەداوە. هەوایەکی نەرم شەپۆلی بە نێوو درەختی پەنا دیواردا دەکردو ئاوازێکی سازی پێ دەبەخشی. ئاوازێکی پێ دەبەخشی کە منی هێورو بێدەنگ دەکردو لەنێویدا خامۆش دەبو ومەوە. ســێبەری درەخـت لەو تاریکیەدا خــۆی بەسەرمدا شۆڕ کردبو وەوە، وەها کە هەستم بە ساردیەکەی لە سەرشان و پیلی خۆم دەکرد. تارمایی من دەبن دیوار چوون تارمایی شوومی ژیان بوو لەبوونی خۆمدا.

کات تێپەڕی دەکردو هەوا زیاتر ساردی دەکرد. بەلورە لور، وەلێ بە نادیاری خۆی بە کۆڵانەکاندا دەکرد. من هەر لەپەنا دیوار لەبن سێبەری تاریکی درەخت ، خـۆم گرمۆڵە کردبوو. لەپڕ دەنگی وانم بیست و ئەوان گەڕانەوە. دیسانەوە هەناسەم نەدا ، یانی جارێ پێم گر نیگ نەبوو، ئەوان هاتن و تێپەڕین . لە دوو کەس زیاتر بوون. وا وێدەچوو چوار تا پێنج کەس بن، من خۆ هەرپێم گرنگ نەبوو ئەگەر پەنجا کەسیش بن. من تەنیا ئەوم، میـتیام پێ گر نیگ بوو، گوێم لە هەموو قسەو هەرایەکیان بوو. پێکەنینیان بۆ یەك دەستاندەوە. دوایە لە بەردەرکە گوێم لە پێکەنینی بەتەنیای میترا بوو کە وتی:

_وای خوا بکا نەبـووبێت بەبەرد..!!؟

من ئیتر هەراسان ئیسراحەتم کرد، ڕاحەت هەناسەم دا. زیت و چالاك بومەوە، بـە چەشنێ دەت ووت گیانێکی دیکەم بە بەردا کرا. لەپەنا دیوار هەستامەوەو خولامەوە. ئارەزووم بوو بجوڵێمەوەو بسورێمەوە ، تارمایی خۆم بهێنم و ببیەم. دوایی وە ژوورکەوتم و لە سەر جێگەی خەوتن درێژ کشام، ئامادە بــووم چەندین خەیاڵ، چەندین بیـرگەل خۆیان بە مێشکمدا بکەن.

هەرکە بەیانی بۆوە، مـوحەمەدی زەردەشتی بە خۆی و بە چەمەدانێکەوە بە دوامدا هات. زۆر ئامادە و ڕەسمی پێشچاو دەکەوت. من خۆم ئێوارە پێم وتبوو بەیانی دەچم بە دوایداو هەر لە وێو وە دەچین، وەلێ ئەو چەند خولەك پێـش پریــارەکە هـاتبـوو. داپیـرە وتی:

_تۆ هیچکات بەیانیان بەم خێراییە ئیشێکت نەبووە!، من پێم وت:

_لەوە بەدوا ئیتر کاری خێرام هەیەو دەبێت زوو وەئاگام بێنێت. نەنە هێنــدەی تـر چرچ و لـۆچی خستە نێوو چاوانیەوەو مۆر بۆوە. کاتێ چوومە دەرەوە محەمەدیا وتی:

_پروام نەدەکرد هەستابی، چ عەجەب!، وتم ئێستا وەکو کیسەڵێکی سێسەد ساڵەی لێ هاتووە.

_نا، یەکجار هێندەش تەمەڵ و تێکشکاونیم. تەماشا بازووەکانم چەند پتەون، هێشتام دەتوانم پێنجی وەکو تۆ بکوتم بەزەویدا.

_ئەهـەهـە هــا!!!

بەیانی زوو بـوو و هەوایەکی ســاردی دەهـــات، خۆر تازە دەیــەویست بێتە ئەمدیـوەوەو تەماشامان بکات. لە یەك دوو شوێن دەنگی کەڵەبـابـەکـان بەرز دەبۆوە، وەهاکە بێدەنگی دەشڵەقا. جریو وە جریووی بە کۆمەڵی چۆلەکەکان هەموو سـەر لق و پۆپی درەختێکی داگیرکرد بوو. نیوکاتژمێر دواتر بەکۆڵانی داودی بەد

گەیشتین. نا کۆڵان نا، جەهەنەمێکی دو  ورو چۆڵ و وێران و ترسناك. هەرکە گەیشتینە ئەوێ ، لەسەر لقی درەخت کوندە پەپوی چاو خڕو زیتم دیت. خێرا ڕوم وەرگێڕا. لەو لاتر لەبەر دەرکە وەستاین، محەمەدی زەردەشتی جارێك لەدەرکەی داو ژمارەی نهێنی وت. دەنگی لێکترازانی دەرکە هات! و وە ژوور کەوتین. بە هەمان دەستوری پێشوو ئێمەیان گەیانـدە لای داودی بەد. ئەو زۆر پەست و تورە بوو. ئەگەر لە یەکەم حەلدا نێوو چاوانیم دیبا، وێدەچوو هەستم بەو شتە کردبا کە تەنیا من لیێ بێ ئاگابووم. پاش مشت و مڕێکی زۆر لەگەڵ داودی بـەددا ، ئـەو دەرمانانەیان پێداین کە پێیان دە ووت " دەرمانی ئازاد کردنی مرۆڤ ". بە خێرایی ئەوێمان جێهێشت و چەند سەعات دواتـر لە شارێکی دیکەی گەورەدا خۆمان بین یەوە. سیمای ئەو شـارە، سیمای ئەو کۆڵانە تێك چڕژاوانەو دیمەنی هەموو دیوارو خانوەکانی سەراپا لە درۆیەکی گەورە دەچوو. وەهاکە دەتکوت هەموو ئەوشارە ، هەموو قونیچك و بنمیچێکی درۆ دەکات. داڕوخام، هەر لەیەکەم هەنگاومدا بۆ ئەم شارە دڵم داخورپا. خەڵکێکی مرو بەهەوەس. لە چارەیاندا، لە ڕوخسـارو هەڵس و کەوتیاندا وە بیر پاشـەڵ و نێوو گەڵی خۆت دەکەوتیتەوە. وەبیر ئارەزو وە دڕو نهێنی یەکان دەکەوتیتەوە. وەبـیر ئەو ئارەز ووانە دەکەوتیتەوە کـەدەیـان خسـتیـتە لنگە فڕتێ و قـونگە جولە.

من دوای محەمەدی زەردەشتی کەوتبو وم، دووجار داوام لێی کرد کە چەمەدانەکەی لەگەڵ هەڵبگرم، وەلێ نەیهێشت و نەیهێشت. چاوم لە دەسکی چەمەدان ڕیبوو و ئارەزو وم بوو هەڵـیگـرم و چاو لە دەو وروبەر بکەم. چاو لەو خەڵکە بکەم و بەکەیف و حاڵێکەوە هەنگاو هەڵبێنمەوە. هێندەم زانی ئەو بای داوەو خۆی بە شوێنێکی نهێنی و لە هەمانکاتدا قەرەباڵغ و تاریکدا کرد. چو ون هەڵۆیەك دوای نێچری کەوتبێت ، دوای کەوتبووم. نەمدەهێشـــت چوار هەنگاو پێشم کەوێت. نەمدەزانی ئەم تاریکاخانەیە قومارخانەیە یـا هەوەسخانەیە، هەموو شوێنێك تاریك و شێدار بوو. نەڕە نەڕی ئەو پیاوانەی کەقسەی پیسیان بە یەکتری دەوت دەبیستـرا. قاقای ترسـناك و نائومێدیان لـە هەوادا دەنگی دەدا یەوە. بۆنێکی توندی شەڕاب دەهات، بۆنێکی خاو تێکەڵ بەمژی خەست و تـەماوی جگەرە دەبوو و بە هەموو لایەك و بنمیچێکدا بڵاو دەبۆوە. بۆنی خاوی مرۆڤەکان دەهات.

بۆنی شەهووەتی ئەوپیاوانە دەهات کەلە قوژبنەکاندا خۆیان حەشاردابوو. من چاوم بە هەموو لایەکدا گێڕا بێ ئەوەی بزانم کێم دەوێت. لە ناکاو چاوم بە دوو سێ کەس کەوت کە پیس ئێمەیان خستبو وە ژێر چاودێریەوە. هەر لەیەکەم نیگادا زانیم ئەوانە بەدترین و پیس ترینی ئەم تاریك خانەیەن. هەر لە یەکەم نیگادا زانیم ئەوانە بێ خێون و بێ بەرین لەژیان. زانیم کە ئەوانە کاری دزی و جەردە یی و چەتەیی دەکەن و حەرام تریـن بەرهەمی مرۆڤی ئەم تاریکخانەیەن. تەمام گرت موحەمەدی زەردەشتی لە چاودێری کردنی وان ئاگادار بکەمەوە، وەلێ نەموێرا ، یانی دەترسام پێم بڵێت تۆ هەر لە خۆوە قسە دەکەیت و هیچ کەس ئێمە لەم تاریك یەدا نابینێت. من ترسنۆك بو وم، پڕ بەدڵ چێژم لەو وشەیە وەردەگرت. ئارەز ووی ئەوەم دەکرد حەمەدی لە نێوو ئەو هەموو پیاوە پیس و دزو بەدو جەردانەدا ، ئەو وشەیـەم پـێ بڵێت. پێم بـڵـێـت ترسنۆکی سەگباب ، وەلێ هیچی نەو وت. یانی من ئاگادارم نەکردەوەو هـیچـم نە ووت. موحەمەدی زەردەشتی داوای دووچای کردبوو، کابرا دوو چاکەی هێناو وتی:

_بچنە ئەو قوژبنەوە بابڵێم خزمەتان بکەن. حەمەدیای زەردەشتی چاوی لەمن کرد:

_نـا.......نایەوێ کارمان هەیەو پێویستە بڕۆیـن.

کابرا لێـوی خۆی کرۆشـت و چوو، من تێگەیشتم ئەم تاریکخانەیە نەتەنها چاخانەو قومارخانەیە، بەڵکە دەرباری هەموو ئەو پیاوانەیە کە ژیان نیگەرانی کردوون. فو وم بە چایەکەدا دەکردو لەژێر چاوەوە سەیری چاودێری کەرەکانم دەکرد. لەگەڵ هەر فویەکدا نیازی وانم زیاتر بـۆ ڕو ون دەبـۆوە. کاتـێك چایەکەمان خواردەوە مح ەمـەدی حەقدەسەکەی داو وتی:

_با بڕۆین خەریکە وەختی دێت!.

وەڕێ کەوتین، من لەبارەی ئەو کەسانەوە هیچم نەو وت کە گومانم لێ کردبو ون. خێرا تێپەڕ دەبووین، خانوەکان لە هەردوو لاوە بەجێ دەمان. شەقام و کۆڵانەکان دەهاتن و ئێمە دەچووین. ئێمە بۆ ئەو شوێنە دەچووین کەلە پشت جەهەنەمەوە خۆی حەشاردا بوو. بۆ ئەو شوێنە دەچووین کەلە ژیان دو وری

دەخستینەوە. ئەوێ دو ور بوو لە هەموو شوێنێك ، لە هەموو سەر زەمینێکی ژیان. ئەوێ ترسناکترین کیشوەری مەترسی بوو و دو ور بوو لە هەموو کیشوەرەکانی دیکەی ژیان. بۆ ئەو شوێنە دەچو وین کە وەك تەمێك لەسەر گڕکانی بەدبەختی و چارە ڕەشییەوە دەبینرا. ئەوێ نائومێدترین سەر زەمینە شـو ومەکانی سروشتی من بوون. من بۆ نێوو ئەو ژینگەی نائومێدیە دەچ ووم کە گەردەکانی ژیانی منیان لێك هەڵدەوەشاندەوە. هەستم بەقورساییەك لەسەر دڵم دەکرد، نا ...گرانایەکی زۆر لەسەر دڵم بوو و دڵم داخورپاو و گیرابوو، نەمدەتوانی هەست بە چوکترین خۆ شێ بکەم. وەهاکە بەقەرا هەموو ژیانم نائومێدیم لەخۆدا هەست پێ دەکرد.

ماندوو ببووم، کۆڵانەکان تەواو نەدەبوون. لاقەکانم سست و ئەژنۆکانم شەکەت ببو ون. بێ ویست و ئیرادە خۆمم دابووە دەست ڕێگاکە. سەرم لە ئـارەزووی جـۆراو جـۆری ئەو خەڵکە سوڕ دەما. جل و بەرگ و ڕەنگیان و عەبای شۆڕیان، بە شاڵگەردەنی خوارو خێچەوە سەرە تاتکێیان دەکرد. من جیاوازیەکی زۆرم لە نێوان ئەم شارەو ئەو شارەی کە لێوەی هاتبو وین دەدەدی. لە هەموو ڕو ویەکەوەو لە ڕوی شەهو وەت و ئارەزووەوە لێکدی جیاواز بو ون، وەلێ لە هەستی گەوچ و بیری بۆشیان هاو ڕەو وت و فکربوون. هەمان یاساو ئاکاریان دەکارێنا کە منیش و حەمەدیش ڕقمان لێی دەبۆوە. کتوپڕ لەیەکێك لەو کۆڵانانە دەمانویست پێچ بکەینەوە، هەر لەخۆوە ئاوڕێکم دایەوە و بینیم یەکێك لە چاودێری کەرەکـان لە دوامان کە وتووە. بە ترسێکەوە وتم:

_یەکێك بەدوامانەوەیە، وریابەو خۆت تێك مەدە!

_کێیە؟

_نازانم، بەڵام لە تاریکخانەکەدا زۆر چاودێری دەکردین، وتی:

_هەر ئەو چاودێری دەکردین؟

_نا...سێ کەس بوون، فمێکی دەردا:

_تۆش ئاگاداریان بوویت؟

_ئا!

_بۆ قسەت نەکرد؟

_تۆ بۆ قسەت نەکرد؟ نێوو چاوانی تێکناو وتی:

_نازانم!

_منیش نازانم...

هیچی تری نەووت. چەند هەنگاو لەولاتر پرسی:

_بە تەنیایە؟

_جارێ نازانم.

لەو سەری کۆڵان بامان داوەو من لەبنی دیوارەوە چاوم لێی کرد. بینیم بە لنگە فڕتێ هەنگاوی زل دێنێتەوەو ڕووەو ئێمە دێت. وتم:

_هەر خۆیەتی....

بەهەمان ڕەوتی جاران بەڕێ کەوتینەوە، من بەردەوام ئەوم خستبووە ژێر چاودێریەکی وردەوە. لەپڕا بینیم بوون بە دوو کەس و بو ون بەسێ کەس. لەو لاتر کەسێکی دیکە تێکەڵیان بوو. دوایی بوون بە دوو دەستەو هەر یەکەیان ئاڕاستەیە لێ گرت. بە درێژایی شەقامێك کە دوور لە نێوەندی شار دەکەوتەوە، پێشبڕکێی و ململانێی ئێمەو ئەوان بەردەوام بوو. ئەگەر کۆمەڵێك خەڵك نەبو وایە کە لە نێوانماندا هات و چۆیان دەکرد، هەرزوو دەیانکوتایە سەرمان و دەیانگرتین. م وحەمەدی زەردەشتی چەمەدانەکەی توند گرتبوو و پیشی خواردبۆوە، هەر هەنگاوێکی بەقەرا دوو هەنگاوی من دەبو ون. من چ وون باڵندەیەکی پەڕو باڵ شکاو کە دەیهەوێت بفڕێت و لەسەر زەوی هەنگاوی پەرت پەرت دەهێنێتەوە، تا بەڵکەم بفڕێت، وەلێ پەڕو باڵی ئەو توانایەیان تێدانیە. ئاوا هەنگاوی بەرزو نزمم بۆ پێشەوە دەهێناوە. ڕەوتی هەر چوار پەلم وێك نەدەکەوتن، وەهـاکە لـەیەك ساتدا هەرچواریان پێچەوانەی یەکتری دەبوون. موحەمەدیا وتی:

_ئەو سەگبابانە ماندویان کردم، دەبێت ئێستا وەهایان لێ بکەم بۆ پێنــچ پشتی خۆیانی بگێڕنەوە.
ئاخیرەکەی بە گیریان هێناین، لە کۆڵان و خەڵکی دو ور کەوتبووینەوە، لە مەیدانێکی چۆڵ و دو ورە دەست دا بەگیرهاتین. مەیدانێك بوو زۆر لەبار بوو بۆ ئەو بەزمەی کە دەمانویست سازی بکەین. هێشتا ئێمە خۆمان ئامادە نەکردبوو، ئەوان لە دەورماندا خڕببو ونەوەو تەمایان گرتبوو بۆ هەر جوڵەیەکی ئێمە. هەموو چاویان لە چەمەدانەکە پڕی بوو. لە دڵی خۆمدا وتم :
_"بەشکەم ئەمە خەون بێت و ڕابێم.....دەی، دوایی وتم:
_خۆ ئەو زلە لە خەویشدا ناتوانم ڕوو بەڕوی ببمەوە....
پشتم بە پشتی محەمەدی زەردەشتیەوە نوساندو هەر هێندەم زانی شەڕ دەستی پێکرد. کەسی یەکەمین ڕو و بەڕووی من هات و ویستی بۆکزێك لە ڕو ومەتم بهاوێ، وەلێ من وەرسورامەوەو لە دواوە پێلاقەیەکم لە پشتی سرەواند. یەکێکی دیکەیان ئەو شەقەی هەڵیهێنا بۆوە، خۆمم لێی لاداو لەو کاتەدا نێوو چاوانی هێندە دو ور نەبوو لە مستمەوە، لەبەرئەوە زرمەم لێ ستاندو گلۆر بۆوە بەردەستی م وحەمەدی زەردەشتی. ئەو کە سەرنجی کەوتب ووە سەر ئە م کەسە، لە ئەنجامدا لە لایەن کەسی سێ یەمەوە پێلاقەیەك بەر سنگی کەوت و چەمەدانەکە لە دەستی بەر بۆوە. کەسی چوارەم پڕی پێدا کرد، وەلێ من زرمەم لە چەناگەی ستاندو خوێن فیچقەی کرد. چەمەدان کەوتە سەر زەوی و ویستم هەڵی گرمەوە، هەر هێندەم زانی لەدواوە زرمەیان لێ ستاندم و کوترام بەزەویدا. کەسی دو وەم کە ڕو ومەتی لە ئەنجامی بۆکزەکەی مندا سور هەڵگەڕابوو ، هەستایەوەو گوری خواردەوە بۆ م وحەمەدیا. یەك شەپی پیسی هەڵهێنایەوە، بەڵام بەختی نەیپێکا، لە هەوادا خو لایەوە، حەمەدی زەردەشتی ئەو هەلەی قۆستەوەو هەتا هێزی تیابوو کوتای بەنێو گەڵیدا. کابرا هەر هێندەی بۆ ماوە هاوارێکی بەرز بکات و د وور بگرێت. ئەوانی دیکەش کە ئەو دیمەنەیان بینی، هێندەی تر تو ورە بوون و خۆیان یەکلایی کردەوە بۆ شەڕێکی یەکجاری. من هەستامەوەو لەپەنا چەمەدانەکە وێستــام.
ئێستا ئێمە سەرکەوت و بو وین و لە شەڕەکەدا پلەیەك لە پێشەوە بو وین. ئەوان ســێ کەس نا، سێ دڕندەی زامارو بریندارکراو بو ون. سێ دڕندەی برسی بو ون و ئێمەش دوو نێچیری توقێنراو و وریا. یەکێکی دیکەشیان لەولاترەوە هاواری نێـو وگەڵی دەکرد، تفی دەکردو جنێوی دەدا. دواتر دوانیان ڕووەو م وحەمەدی زەردەشتی چوون و یەکێکیشیان بۆ من هات. من جوڵەم نەکرد، تا ئەو وەختەی شەقێکی هەڵهێنایەوەو خۆم لێ لادا، بەڵام لە ئەنجامی خێرایی باوەڕ پـێ نەکراویەوە شەپێکی تری هەڵهێنایەوەو شڵپەیەك لە قونم هەستا. ئیمـــان لە کـەلەما نەما. ویستی بۆکزێکی دیکەم تێ سرەوێنێ، بەڵام داهاتمەوەو دەستیم گرت. بە بەرخۆدانێك وەرم سوراندو کابرا پشتی لەمن کرد. لەو حەلەدا یەکێکی تریان لە دواوە بەگـور هات و شەقێکـی وەهـای هەڵێناوە، کە هەردوو پێی لەزەوی پڕا. من خۆم داهێنـاوەو ئـەو کابرایەم بەپشتا فڕێدا کە دەستیم گرت بوو. یەکڕاست شەقی ئەوەیان کـەلـە هەواکەدا دەگەڕا ، بەر ملـی کەوت و خەفەبوو. بە قەڵەمبازێك هەڵم کوتایە سەر ئەوەی کە شاڵاوەکەی بۆم هێنابوو و چوار تا پێنج بۆکزم لە قەپۆزی سرەواند. م وحەمەدی زەردەشتـی هەڵهاتەوەو پێلاقەیەکی توندی لە پشتی دا. ئەمێستا ئەوەی کە دەستی بەگونیەوە گرتبوو، هەستابوویەوەو پڕی بە م وحەمەدی زەردەشتی دا کردو هەتا توانی کوتایی بەزەویدا. بەنوکە پێ بەسنگ و سك و هەرچیەك کە چێـــژی لـێ وەردەگرت ، هــات. وەهــای لێ کرد خەریك بوو لە هۆش بچێت، من لە تاوا هەڵـم کوتایە پشت ملی. بەڵام ئیتر وەکو قەلە بـاچکەیەك کەلە کو لانەکەی خۆیدا لەگەڵ مارێك تێ دەکەوێت، پێی گیرام. نە دەمتوانی خۆ هەڵدەمە خوارەوە، نە تواناى ئەوەم هەبوو بچوکترین ئازاری پێ بگەیەنـم. لەو بەرزا یەدا بۆ چرتەیەك نیگام کەوتە سەر ماسولکە پتەو و دەمارە دەرپەڕیوەکانی. دەمارەکانی بازووی زۆر بەڕو ونی دەردەکەوتن و ڕەق هەڵاتبو ون. هەر لەو چرکەیە دا هیندەم زانی بەرزی کردمەوەو کوتامی بە محەمەدی زەردەشتیدا. لەو چــرتەو چەند خولەکی دواتردا دونیا بە تاریکی و تەماویەکەیەوە هاتە پێش چاوم. سەرم گێـژی دەخواردو وام دەهاتە پێش چاو لەشـــم فشەڵ و شل بۆتەوە. سڕو سست ببو وم و ئارەزووی خەوم دەهات. نا ئارەزووم بوو هەروا لێی ڕاکشێم و ئەو تاریکی و گێژاویە خاوم بکاتەوە. ئارەزو وم بوو

هەموو بیرو زەینم بخەمە سەر ئەو ئێشەی کە وەکو تەزو ویەك بە لەشمدا پەخش دەبوو. هەستم بە لیچقنی و ساردی ئازارگەلێك دەکرد کەلە جەندەکم کۆ ببوونەوەو بە دەندووك زارە ترەکیان دەکردم.

بیرم دەکردەوە، بیرم لەو گەشتە دەکردەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر بە کەشتی کردبوم، بیرم لەو هەوایە ساردە دەکردەوە کە لەسەر لوتی بەلەم هەڵیدەلەرزاندم. شەپۆلێکی بە هێزی ئاوەکە دەهات و ئێمەو کەشتییەکەی بەرز دەکردەوە، وەها کە دەتووت ئەو دەریایە هاناسە دەدات و ئێمەش لەسەر ورگی دانیشتووین. تەوژمی بەگوری ئاوەکە لەدو ورەوە دەهات و بەژێر کەشتیەکەدا دەردەچوو، لە ئەنجامدا چەند پرژێکی ساردو سوێرم دەچێشت و ڕوخسارم دەخوسا. بیرم لەو بارانە زۆرە دەکردەوە کە خوساندبومی و پەست ببووم. ئەو بارانەم دەهاتەوە بیرکە میتیای بەبیردا دێنام. بیرم لە میترا دەکردەوە، وێنەی ئەوم لەسەر سەحنەی شانۆ هاتە پێش چاو. بینیم نمایشی شانۆیەکی غەمگین و گریاناوی دەکات. ئەو ڕۆژەم هاتەوە بیر کەلە باخچەی هۆڵی ئامادەکردنی شانۆکە میترام بە خۆوە نوساندبوو. بۆنی قژەکانیم کردبوو و تەمای ماچێکی لێوەکانیم گرتبوو. تەمام گرت بوو هێندە ماچی بکەم تاوەکو تورە ببێت. بیرم کەوتەوە کە ئەو ڕۆژێك لێم تورە ببوو، دەیك ووت "موحەمەدیا تەنیا مەکە "، بیرم لە م وحەمەدی زەردەشتی و مەهتابی چکۆلەی دەکردەوە. لە ناکاو هاوارێکی لاوازی موحەمەدیم بیست. هێزم لەخۆ کرد، چاوم کردەوەو گێژی و وێژیم لە منێ شکی خۆم دەرکرد. بینیم هەر چوار هەستابونەوەو لە ویان دەدا. یەکێك لەوان چەمەدانەکەی هەڵگرتبوو و قاقا پێدەکەنی، ئەوانی دیکەش بۆیان دەستاندەوەو دەیانکوتا بە ویدا. دووبارە هێزم کردەوەو لەسەر پێیان خۆم ڕاگرت. بەختم هێنابووی ، هەموو پشتیان لە من کردبوو. چاوم بەو لادا گێڕا دارێك وە پێش چاوم کەوت و هەڵم گرت، هێندە پتەو و پڕ دەست بوو حەزت دەکرد هەمیشە پێت بێت و شەڕی پێ بکەیت. هەر لە یەکەم بەکارهێناندا خوێنی سەری ئەوەیانم فیچقاند کە چەمەدانەکەی بەدەستەوە گرت بوو. گون تەقیوەکەیان هاواری کرد:

_"ئەی بەنە فرەت بیت بۆسپوو، ئەوە نەمردبوویت! وتم یەکجاری بکە... " نەمهێشت تەواوی کات و تێم سرەواند. هەتا توانیم و تینم تیابوو دارم بەکارهێنا. دەمکوتا بەسەرو پشت و ملیاندا. شان و پیلیانم دەکردە نیشانە. لەگەڵ هەر زرمەیەکدا هاوارێکیان لێ بەرزدەبۆوە. ماندو ببووم، چوومە پەنا محەمەدی و دەستیم گرت و ڕام وەشاند، گوێم خستە سەر دڵی، بینیم هەناسە دەدات. دیسانەوە ڕاموەشاند، بە قامکەکانم دەمكووتا بە ڕوومەتیدا. گازم دەکردو دەمووت "ئەوە منم موحەمەدی زەردەشتی ئەوە منم تەماشا! ". چاوەکانیم دەکردەوەو هاوارم دەکرد بە گوێیدا. دەمووت"بزانە چیم لێ کردو ون، ئەوەیان هەر بەیەکجاری لێی کەو وتوە. ئەوەیان کە تۆ گونت تەقاند ئێستا لەش خوێن لەدەم و لوتی دێت و وەکو سەگ دەبۆڕێنێت ". دەمووت "موحەمەدی زەردەشتی ئەوەیان کەمنی کوتا بەتۆدا وێدەچێت دەستێکی شکابێت، هەستە بادەرچین ". دەمووت "هەستە با دەرچین و تەواو...."

بە ئەستەم چاوەکانی کردەوە، لەژێر لێوەوە ورتەیەکی لێو وە هات، وەلێ من هیچ شتێك حاڵی نەبووم. سەریم لەسەر کۆشی خۆم داناو ئەوانم پێ نیشان دا. بزەیەکی لەژێر لێووەوە بۆکردم. لەپڕ دەستم لە نێوو قژیدا بەر شتێکی گەرم و خەست کەوت، وەختێ بینیم پەشۆکام، بینیم پەڵە خوێنی دەڵەمەی تێکچرژاو لەسەری بەر بۆتەوە. خێرا کراسەکەی خۆمم دڕاندو بە پارچەیەك خوێنەکەیم لابردو بە پارچەیەکی تر سەریم بەست. بە تەواوەتی هۆشی هاتەوە سەرخۆو دەستی لەسەری خۆی دەداو دەیووت:

_زۆر ئازارم دەدات، لە پڕێکدا وتی:

_تەماشای ئەوە بکە!، ڕاکە بەدوایداو مەهێڵە بیبات.

بینیم یەکێك لەوان چەمەدانەکەی هەڵگرت و بۆی دەرچوو. هەر کە هەستامەوە تێڵام هەڵگرت و بەدوای کەوتم. چەند کۆڵان و شەقام بە پرتاو دوای کەوتبووم و بە دار هەڕەشەم لێ دەکرد. خەڵکیم دەبینی کە جنێویان بە باو و باپیری هەردووکمان دەدا. من گوێم بەهیچ کەس و شتێك نەدەداو هەرشتێك بەرپێم بکەوتایە دەمشێلا. هەر کەسێك بهاتایەتە سەر ڕێگەکەم دارێکم لێ بەرزدەکردەوە لە ترسا ئەو نێوەی جێ دەهێشت. وەکو ئەسپێك خۆمم دەهاتە پێش چاو و کەلە و گیپاڵم وەکو هی ئەسپی لێ هاتبوو. وەکو ئەسپیش بیرم دەکردەوە. چەند کۆڵان لەو لاتر هێندە ماندو هیلاك ببووم خەریك بوو لێم ون بێت و خۆی حەشاردات ، بەڵام

بەختم هێنای، هەردووکمان خۆمان بە کۆڵانێکی بن بەستدا کرد. من هێواشم کردەوەو وەکو دڕندەیەك مڕم خواردبۆوەو ڕوو بەڕووی دەچووم. کابرا لە ترساندا خـۆی بە دیوارەکاندا هەڵدەواسی و دەیویست خۆی بە درزو کـونێکدا بکات. بە قەڵەمبازێك هەڵم کوتایە سەری و بەهەردوو دەست دارم لەملی توندکرد. لە سەرەتادا بەرگری دەکردو فڵقە فڵقێك لە ئەنجامی هەناسەدانی و هەوڵدانی دروست دەبوو. مستی خڕ دەکردەوەو پانی دەکردەوە. بەڵام دواتر ڕەنگی گۆڕاو چاوکانی دەرپەڕین. ڕوخساری بە ڕادەیەك زەرد هەڵگەڕا کەچیتر دڵنیابووم دواین ساتەکانی ژیانی بەڕێ دەکات. دەستم شل کردەوەو چەمەدانم هەڵگرت و لەوێ بە دەرکەوتم.....

دڵم بەپرتاو لێی دەدا، هەناسەم سوار دەبوو. لێوەکانم وشك دەبو ونەوەو بە زمان تەڕم دەکردنەوە. گەرمایی لەشم لە ڕادەبەدەر زیادی کرد بوو، تینـو وم بوو، خۆم گەیاندە ئاو و ئاوم خواردەوەو ئیسراحەتم کرد. لەبن دیواری ماڵێك لێی ڕاکشـام، چەمەدانم توند لە باوەش گرت بوو.

دوایی بەهەڵەداوان گەڕامەوە بۆ مەیدانی جەنگەکە، ببنیم هیچ نیشانەیەك لە م وحەمەدی زەردەشتی و ئەوانی دیکە نیی. بەڕاکردن چو ومە ئەو شوێنانەی کە گومانم دەکرد لەوێدا خۆیان حەشار دابێـت. پاشان گەڕامەوە مەیدانەکە. چەند سەعات لێـی دانیشتــم، وتـم ئەگەر ئەو بە دوامدا هاتبێت دەگەڕێتەوە ئێرە. لێرەدا یەکتری دەبینینەوە.

چەند سەعات دواتر هەر لەوێ کەوتبووم، هەوا گۆڕابوو. خۆر لە ئاسۆدا پەخشـی لاوازی خۆی دەداوە. پەست بووم، تەنیابووم. هیچ نیشانەیەك لە محەمەدی زەردەشتی نەبوو و هەراسان لەوێ وە دەرکەوتـم.

## بەشـی هەشـتەم

ئەو ڕۆژە بەیانیەکەی تەواوی ئەو شارە بە هەوەس و سەیرە گەڕام. هەر قوژبنێکی کە گومانی ئەوەی تێدا بو وایە ئادەمی بەدو بەد مەرامی تێدایە ، بۆی دەچو وم. بە دوای م وحەمەدی زەردەشتیدا دەگەڕام و چەندیرجار چەمەدانم لە شوێنێکی نهێنی دا شاردەوەو خۆم گەیاندە تاریکخانە. وەلێ هیچ کەسێکم لەوێ نەدەدی کە هاوشێوەی ڕوخسارەکانی دوێنێ بو وایە. ببووم بە خوداو لەو تایکخانەیەدا بە دوای شەیتانەکانی شەڕی دوێنێدا دەگەڕام. دەمەویست ئەو شەیتانانە بە سزای جەهەنەمی خۆم بگەیەنم ، بەڵام هیچ یەکێکیانم لە تاریکخانەو شاری بە هەوەسدا نەبینیەوە.

بە هەڵەداوان ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان و مەیدانانە دەگەڕام ، کە بۆنی شەە ووەتی دڕندانەم تێدا هەست پێدەکرد. ئەو شەقامانەم تەی دەکرد کە بەشوێنە بەگومانەکان و نهێن یەکان تەواو دەبوون. نەمدەزانی محەمەدی زەردشتی بەکام درزی جادویی ئەم شارەدا ڕۆچو وە. نەمدەزانی لەکام قوژبندا بەگیر ماوەو دەیەوێت من بە هانایەوە بڕۆم.

نەمدەزانی لەم شارە جەهەنەماویەدا، لەکام چاڵی نەگریس و شو ومیدا توش بووەو دەربازی نابێت. من بەم چەمەدانەو بەم هەموو پەستیەوە هەموو بستێکی ئەو شارەم هەڵاوێر دەکرد، کە ڕقم لێی دەبۆوەو لێی وەڕەس ببووم. وەکو هەڵۆیەك هەردوو باڵی خۆم شۆڕ کردبۆوەو بەنێوو خەڵکیدا ڕەت دەبووم. نە شارەزا بووم و نە کەسێکم دەناسی و نەدەمزانی ئەم چەمەدانە بۆکوێ بەرم، بەڵام ئەوەم دەزانی کە دەبێت بگەیەنرێتە دەست جەوهەرودین. چەندجار دەمەویست نێوو نیشانی جەوهەرودین بپرسم و ئەم چەمەدانە نەفرەتاویەی پێ بسپێرم. بەڵام هەر زوو لەو بڕیارە گەمژەیە پەشیمان دەبوومەوەو چی دیکە نەمدەویست ناوی جەوهەرودین بێتە سەر زارم.

بێ زارو ماندو و و توڕەو شەکەت بو وم، برسیم بوو و نەمدەتوانی و نەمدەویست بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە. لەشم داهێزرا بوو و فشەڵ و شل ببۆوە. شەوی ڕابردوو لەسەر شەقام و لەسەر چەمەدان خەوم لێ کەوت بوو، سەرمام ببوو و هەموو بەدەنم چو ون دەرزی ڕێژ کرابێ ئازاری دەهات. گومانم لەوەدا نەبوو کەلە داخاندا عەقڵم لە جێگەی خۆیدا مابێت، شەقم هەڵدەهێناوەو بەنوکە پێ داخی دڵی خۆمم دەردەکرد. لەو شتانەم هەڵدەدا کــە کەیفم پێی دەهات. دەمکوتا بە چەمەدانداو فڕێم دەداو دوایی هەڵم دەگرتەوەو لە گەڵ خۆمدا کێشم دەکرد. بەو حاڵە کـــاتم گەیاندە نیوەڕۆ بەو لاوەو هێشتا نەمتوانـی بــوو بچوکترین نیشانە لە مـوحەمەدیا بدۆزمەوە.

گەڕام، هێندە گەڕام وەخت بوو هەموو ئەو خەڵکەی لەو شارەدا دەژیان منیان دەناسی. هەر ڕوخسارێك زیاتر لەدوو جارم دیبوو. کاتێك وەبەر دوکانەکاندا تێپەڕ دەبو وم پێیان دە ووتم "ئەم هەتیو وە هەبێ و نەبێ جادوگەرە، دەیەوێت فێڵێکمان لێ بکات. دەیەوێت بە جادو کردن لێرە وە دەرمان نێـت ". یەکێکی دیکە لەو لا ترەوە هەڵی دەدایەو دەیوت:

_جادوگەرا!؟، ئەگەر ئەمجارە لێرەوە تێپەڕ بوو، پێم بڵێن تاوەکو بەم کێردە ورگـی بدڕم، خۆم دەزانم چی پێ دەکەم.

من خۆ کەیفم بەو هەڵیت و پەڵیتەیان دەهات. کەیفم بەو بیرە پو وچ و بێخودەیان دەهـات ، کەلە بەرامبەر مندا هەیان بوو. لە ئاکام ئێــوارە درەنگانێ خۆم گەیاندە تاریکیخانەو بینیم هیچ کەسێك هۆشـی لەسەر خۆی نیە. هەموو مەست و حۆل ببو ون. یەکێك لەوان لە بەردەرکەی تاریکخانەدا خۆی پیس کردبوو و دووسێ گەزمەی گێژ پێی پێدەکەنین. دوایی چاویان بە من کەوت و تریقانەوە، هەراسان لەوێ وە دەرکەوتم و جگەرەم پێ کرد. بە هەر دوو لێوم فشارم دەخستە سەر قونگە جگەرەو لارم دەکردەوە. دەمم بە شێوەی دوو بەش نەفەسی هەڵدەمشت و نەفەسی دەداوە. وەهاکە دەتکوت دوو هەوایی لە دەممدا هەن. چەند سەعات دواتر خۆم گەیاندە مەیدانی جەنگەکـە، دونیـا تـاریـك داهاتبوو. ئەستێــرەکان لە ژێر خێرایـی هەوری تێپەڕ دیار دەکەوتن و ون دەبـوونەوە.

هەموو جێگەو شوێنێك كپ و بێدەنگ بوو، تەنیا ئەو كاتانە نەبێت كەدەنگی وەڕینی سەگەكانی دەو ورو بەری شارەكە دەبیسترا. لە دڵی ئەو تاریك یەدا تارمایی ئەزەلی مـن خۆی پێمەوە نوساندبوو و بێخود لە بۆشاییەكانی نێوەوەمدا دەگەڕا. لەو تاریك یەی دەو ورو بەری مندا وجودی خۆمم بێ هودە هەست پێكرد. بۆ یەكەمجار هەستم بە ڕێرەوە سەرابیەكانی ئاكامی ژیان و تارمایی بێ كەڵك و پو وچی بوون كرد. هەستم كردو زانیم كە بە قەرا گەردێك قورسایی بوون ناتوانێت لە دڵی مندا هەبێت. ناتوانێت لە دڵی مندا خۆی پێك بهێنێت، من خۆمم لە چەقی نەبو ونی ئەودا هەست پێ دەكردو بێ پەرواو بێ ئامانج دەخو لامەوە. بێ كار لەو دەروازانەم دەدا كە بەڕو ومدا داخرابـوون و دە لاقەكانیـان دەیانڕوانی بەسـەر ئەو فەزا گەورەیەی نەبووندا. من وجوودی بێ هودەی خۆمم لەدڵی ئەو تاریكیەدا دەرهێناو پێیدا ڕوانیم. وەك ئەوەكە پارچە گۆشتێك لە نێوو شوشـەدا دەربهێنیت بـوونی خۆمم لە نێوی دا دەرهێناو پێیدا ڕوانیم، ئەوەی كە نەدەبوو بمزانیبـا ، زانیـم و هەستـم پێـی كـرد!

بەو تاریكایەی شەو عیشقی ئەوەم هەبوو بگەڕێمەوەو لەو هەراو هوریـایە دەربازببم. نیگەران بووم، هەرچی هەوڵم دابوو م وحەمەدی زەردەشتی بدۆزمەوەو نەمتوانی بوو ، هیوا پراو ببو وم. بێ ئومێد بیرم دەكردەوەو چنگڵم دەدا. نە لەسەرپێ خۆم دەگرت و نە لەسـەر قون، نە دەمتوانی بخەوم. تاوەكو لێڵ و ڕون بوونەوەی شەو من بێدار بووم و زەینم لە بیرگەلی جۆراو جۆردا پەرت ببوو. لە ئاكام خەوم لێ كەوتبوو، كاتێ كە وەئاگا هاتم، بینیم ڕۆژ خەریكە لە نیـ ووە تێپەڕ دەبێـت. بێ سـێ و دوو چەمەدانــم هەڵگرت و ئەو شارە نەفرین و هەوەسخانەیەم جێ هێشت. چەند سەعات دواتر كاتێك خۆم بەماڵەوەدا كرد، نەنە زیزو تورە ببوو، بۆڵەبۆڵی دەكردو دەیووت:

_لەكام گۆڕستانەوە گەڕایتەوە؟ چەند شەوە لە كوێیت؟

هەر زوو چەمەدانم لە سووچی ژوور حەشارداو دەركەی ژوورم قەپات كرد، بەڵام بیرێك بە مێشكمدا گەڕاو دەركەم كردەو وەو دوگمەی چەمەدانم لێكترازاند. ئەوەی بینیم جێگەی باوەڕكردن نەبوو، یانی نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بكەم، كەمن خەریكی كارێكی ئەوەهـام و چەند شـەوە ئەم چەمەدانە لەگەڵ خۆمدا كێش دەكەم. ماوەیەك بە دیار ئەم مادە وردو سپ یەوە نـــا.....بەدیار ئەم تۆزە خەست و شێدارەوە واقــم ورما. دوایی پارچەیەكـم لە ژێر شوێنی خەوتنی خۆم شاردەوەو ئەوسا وەدەركەوتم. هەر هێندەم زانی چاوم لەبن دیواری حەوشـەدا گەڕاو كاغەزێكی پێچراوەم وە پێشچاو كەوت. هەركە هەڵم گرتەوە تەزویەك بە هەموو لەشمدا گەڕا. یانی دەترسام نەوەكو ئەو شتە بێــت كە چاوەڕوانـم دەكرد. پێكابووم، خێرا كاغەزی لولدراوم خوێندەوە. لەكاتی خوێندنەوەدا زۆر بەڕوونی پەڕەی كاغەزەكەم دەبینـی دەلەرزایەوە، یانـی دەستی مــن وەها كارێكـی دەكـرد كە ئەو بجوڵێتەوە.

كاتێك لە خوێندنەوە بو ومەوە. پەڕەم لول كـردو فڕێــم دا. دوایی چەنـد جنێوم بەدوایداكرد. بە خێرایی بۆ ماڵی موحەمەدی زەردەشتی كەوتمە ڕێ. وەلێ هەر زوو پەشیمان بو ومەوە، چونكی دەترسام خێزانی نیگەران بێـت و هەواڵی ئەوم لێ بپرسێت. ئەوسا من چیم كوتبا. هیچ بیانو ویەكم بەدەستەوە نەبوو. هەرچی بۆ درۆیەكـی ماقوڵ گەڕام و هەوڵمدا شتێكم پەیگیر نەكرد. لەو وەختەدا بوو كە شانۆكەی میـترام وەبـیر كەوتەوە. بەگیر هاتم، نەمدەزانی چی بكەم. بە دوای نوسراوەكانی كاغەزەكە بكەوم، یاخود بڕۆم و میــترا ببینم و هەموو ئەمانەی پێ بڵێم. ئەو عیشقە لێی دابو وم كە بڕۆم میـتراو شانۆكـەی ببینـم و دوایش لەم بارودۆخە ئاگاداری بكەمەوە. هەر ئەوەندە بڕیارم دا بەشەقاوی زل و بە هەناسـە بڕكێوە خۆم گەیاندە هۆڵی شانۆكە. بینیم خەڵكێكی زۆر ڕوو لەوێ دەكەن. بەردەركەی هۆڵی شانۆكە كەسێكی دیكەی نەدەگرت. هەر جۆرێــك بوو و بە نۆرە بڕێ و پاڵ و فرت و فێڵەوە خۆم گەیاندە نێو وەوەی هۆڵەكە و لەڕیزی پێشەوە لێی دانیشتم. هەر هێندەم زانی كاراكتەرەكانی شانۆكە لەسـەر سەحنە بەدەر كەوتن. لە نێویاندا مانگی تابانی خۆمم بینی یەوە. من هەركە ئەوم بینی سەرلەنوێ لە نێوو بڵێسەی عیشق و مەحەبەتدا داگیرسامەوە. دڵم بەتین و بەخۆف ئەوی دەویست. سەر لەنوێ گەرمایی ئەوینی وی تاوی دەدام و تەواوی وجو ودم چو ون شەمێك دەتوایەوە. وەختە بوو لەنێوو فشـاری خوێنی دەمارەكانمدا لە ئەنجامی ئەوعیشقەدا دەتەقیمەوە.

هەموو لەشم وەك ئەوەكە یـاوی گرتبێت لەئاكام فشاری مەحەبەتمدا سـست و لاواز ببوو. یاوم بوو، یاوی عیشقی ئەو فریشتەیەم بووم کەلە سـەرسـەحنە وەدەرکەوت و ئومێدو هیواو ژیانی منی نوێ کردەوە.

ژیانی منی زیندو و و چا لاك کردەوە. عاشقی ئاوازی پێی ئەو فریشتەیەم بووم کە بەنەرمی لەسـەر سـەکۆی سـەحنەی شـانۆ دەکەوت. هەر لەیەکەم سات و یەکەم نیگادا، لە نێوو مەلەکوتی چاوەکانیدا ون بووم. ئەسیر بووم بە ئەبرۆی خودایی و موژگانی چاوانی نەرمی. من لە داوی چاوەکانیی ویدا ژیانی خۆمم وە چنگ کەوت و دەمەویست هەر لە وێدا زیندانی بم. ئەلەوێدا بە شێوەیەکی عەبەسیانە ئەو عیشقەم تێدا بوو، کە پرۆمە سـەر سـەحنەو تـوند بینوسێنم بە خۆمەوە. هەناسـەکانی لەسـەر سینەم هەست پێ بکەم و دەست لە نەرمایی ڕۆحی وی بدەم. گەرمایی لەشی تێکەڵم بێت. دەست بەو قژانەیدا بهێنم کە دەتکوت هەر تاڵێکیان چەندجار پەل و پۆی منی بەستۆتەوە. حەزم دەکرد وەك شەیتان بم یان چو ون خودا، بۆ ئەوەی بچمە نێووەوەی و لە چاڵێکی ون بووی ناخی ئەودا خۆم حەشاردەم. حەزی ئەوەم هەبوو گازی کەم و خۆمی پێشان بدەم، پێی بڵێم "میـتـرا...ئەمە منم!" کت و پڕ لە ئەنجامی حەزی سـەرکوتکراودا جوڵەیەکی نـابـاوم کـردو ئەو خەڵکـەی لە دەوورو پشتمـدا بـوون چاویان لێ کردم. شـەرم دایگرتم و عارەقەم دەردا، دوایی وتم:

_"بە جەهەنەم، ئەم خەڵکە بەمـن چی!؟"

شـانۆ دەسـتی پێ کرد، هەر یەکەو دەو وری خۆی گێڕا. وەلێ من هەر چاوم لەسـەر میـترا بۆ سـاتێك هەڵنەدەخست. هەموو زەینم لەسـەر چڕ کردبۆوە. چوون نەمدەویست ئەو تێکەڵ بە دەقی شـانۆیی بکەم و وەکو هەموو ئەوانی تر چاوی لێ بکەم. بە ڕەوت و لەشێکی ئاسمانی کە ئەو هەیبوو ، دەجوڵاوە. قسـەی دەکردو بە چێژو حاڵەتێکی تایبەتەوە نمایشـی چیرۆکەکەی دەکرد. وەهاکە پتر لە ژیانێکی ڕاستەقینە دەچوو تاوەکو چیروکێکی ئەدەبی نوسـراو. من ئەگەر میـترام نەناسیبایەو ئاشـنـای نەبایەم ، لەوە دڵنیـا دەبو وم کە ئـــەوەی سـەحنە ژیانێکــی ڕاستەقینەیە. ترسێك کە هەمبوو ئەوە بوو لەنێو چاوانی میـتـیادا مرو مۆنیم بەدی دەکرد. کاتێك بەپێی حاڵەتی تایبەتی چیرۆکە دەبوو پێکەنیبا، من لەپشت پێکەنینەکەیدا هەستم بەتورەیی و نیگەرانی وی دەکرد. هەسـتم دە لێرد لە ناو خودی ئەو پێکەنینە دروسـتکراوەش دا نیگەرانە. هێنــدەی نەبــرد بەشـی یەکەمی شانۆکە کۆتایی پێهــات. ئەگەرچی من هیچ شتیکی وەهای لێ حاڵی نەبو وم، وەلێ لەگەڵ هەمواندا چەپڵەم کوتا. هەموو شـانۆکارەکان لەسـەر سـەحنە بەڕیز ڕاوەسـتان و ڕێزیان بۆچەپڵەی بینەران نواند. لەو حەلەدا سورەیا لەسـەر تەختی شـانۆ بەرانبەر بەمن بوو، هەرکە چاوی کەوتە سـەرمن ئیشارەیەکم بۆکرد. پاشـان پەردە دادراو شـانۆکارەکان لەپشـت پەردە دیارنەمـان.

کاتێك بۆ بەشـی دووەمی شـانۆ پەردە ئاوەڵا بوو ، خۆم لەسـەر کورسـی توند قایـم کردو ئامادەی دو وبارە بینینی شـانۆی ژیانی خۆم بو وم، لە چاوەکانی میـتـــ یادا. هەر لە یەکەم سـاتدا ئەو لەسـەر سـەحنە وە دەرکەوت و چاوی لە من بڕی، منیش چاوم لەو کرد، من هەرکە چاوم لەو بڕی بوو ، بەڵام ئێستا ئیتر ئەویش منی دەبینی. ئەم نیگا بازییە پتر لە چەند چرتەیەکی خایاند، دوایی لە ژێر لێوەوە بزەیەکی کردو بینیم مرو مۆنی پێشـوی چاوەکانی ڕەوییەوە. دوو چاوە دڕو پانەکانی جۆرێکی دیکە دەردەکەوتن و لێوی نیو وە ئاوەڵەی منیان زیاتر تینوی شـەڕابی ئەوینی وی دەکرد. من دڵۆپێك....نا، زەڕەیەك لە ڕۆحی ئاوی ئەو لێوانەم تێدا بوو و لە ئەزەلیەتی بو ونی خۆم ڕەهای کردبوم و، بۆ جاویدانی وجو ودی وی ڕادەکێشرام. من سـاتێك جەزب بە دڵۆپی ڕۆحی وی ببو وم و لە مەلەکوتی ئافرێنەری ئەوینیدا، چو ون خوێنی لەشـی ئاسمانی ئەو ئافرێنرا بووم...

لەو حەلەدا بەشـی تراژیدی و گریاناوی شـانۆ دەسـتی پێ کرد، هەڵبەت من دە فرمێسکی چاوەکانی میترادا زانیم. بینیم ئەو گریا، لەسـەر تەختی شـانۆ بە دەنگێك کە تەنیا ئەو هەیبوو، هەستەکانی نێوو شـانۆی دەردەبڕی. بێ دەنگی لە نێوو هۆڵەکەدا باڵی بەسـەر بینەراندا کێشـا، تەنیا دەنگی ئەو دڕی بە بێ دەنگیەکە دەداو دووری دەکەوتەوە. وەهاکە دەتووت هەموو ئەو خەڵکەی لە دەرەوەی ئەم هۆڵە دا هەناسـە دەدەن گوێیان بۆ ئەو دەنگە...نا، بۆ ئەو ئاوازە ئاسمانیە ڕادێراوە. من چیتر نەمدەتوانی خۆم لەسـەر کورسـی ڕاگرم و ئەو گریانە ئازاری دەدام، لەسـەر کورسی چنگڵم دەداو ئەو گریانە وەك خۆرە بەر ببو وە ڕۆحم، من ئیتر جنێوم بەو کەسـە دەدا کە میتیای منی گریاند. لەوە بەدوا من جگە لە ئارەز ووی میترا، ڕقم لە شـانۆو شـوێنکەوتوانی

دەبۆوە....هەرکە شانۆ تەواو بوو ، خەڵکی بە شڵەژاوی و دەنگە دەنگەوە وە دەرکەوتن، هێشتا تیمی شانۆ ئیستێکیان نەکردبوو، من خۆم گەیاندە لای میتراو ڕامکێشایە پەنا. لە چاوەکانی وردبو ومەوە، بینیم هێشتا تەڕن و ڕەنگی خوێنیان لێ نیشتو وەو چوون دەریاچەیەکی مەنگ و هێمن، مەست و مانا داربوون. هەر تەنها یەك نیگای بەس بوو بۆ توانەوەی ڕۆحی من، تاوەکو دڵۆپ دڵۆپ بچۆڕێتە نێوو دەستەکانی . بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەم هێواش دەستەکانیم گرت، دوایی خۆی نوساند پێمەوەو یەك هەناسەی قوڵم لە بۆنی بوونی، لە بۆنی ڕۆحی، لە هەموو ئەو بۆنانەی کە بە ڕۆحم دەگەیشتن هەڵمژی، وەها کە دەت ووت ئەوم لەگەڵ هەناسەی خۆمدا هەڵمشت. پاشان چاوی لە چاوەکانم بڕی:

_بیرم دەکردی! وتم:

_ئاخ! یانی لەدڵی خۆمدا ئاخێکم کرد. تەواوی وجو ودم لە بەرابەر مەحەبەتی ئەو قسەیەیدا ئازاری پێ گەیشت. دەبوو چیم پێ وتبا. من کەتەواوی یاداشتەکانم ببو ون بەخودی ئەو و وەکو بیرەوەریەکی نەپراوە لەمێشکمدا ڕەگــی داكوتا بـوو. وەکو ناقوسێك وجو ودی ئەو لە بوونمدا دەنگی دەدا ەوە. من کە ئەوم پێ دەرمانی ئارامی ڕۆح بـوو ، بـۆ ئەو ئازارانەی سەر برینی سەرنویشتم. بۆ ئەو تەنهاییەی کە وەك بەربەست نەیدەویست من بە ئەو بگەم. دەبوو چیم پێ وتبا، هیچ وشەیەکم لە بەرابەر فەلسەفەی عیشقی ئەودا بە باش نەدەزانی. هەروا بێ دەنگ بووم، پرسی:

_"لەکوێ بـویـت؟" و وتی:

_"بۆ بەتەنیـا هاتی؟"

من هەر بێدەنگ بوم و جگەرەم پێ کرد. هەوام بەر نەفرەتی نەفەسی خەستی خـۆم دا. لە ئاسمانی هۆڵدا تەمم چڕکرد. هەوەسم بوو دوکەڵی پڕ لە سیەکانمەوە بهێنمەدەر، هەوەسم بوو تەمی ئەو مەراقەی کەلە سەردڵم نیشتبوو لە هەوادا مژکەم. بە ئــارەز ووی خۆم، یانی بیری خۆم و فکری خۆم ، خەیاڵی خۆم تێـکەڵ بە دوکەڵی پێچ خواردودا دەکردو بە لول دراوی دەگەڕامەوە. دوای چەند نەفەسی پرست پر هەموو بابەتەکەم بۆ میــترا گێرایەوە. باسی چەمەدانەکەم بۆ کردو پێـم وت کەئێستا لای خۆم حەشارم داوە. باسی نوسراوە هەڕەشە ئامێزەکەم بۆ کردو پێم وت کە چەند سەعاتی دیکە بـوارم ماوە، دەبێت وە هانای موحەمەدی زەردەشتی بگەم. وەلێ شتێك کە نیگەرانی کردم، شتێك کە ترساندمی ، ئەوە بوو کە میـتیا خۆی هەڵقورتاندە نێوو بابەتەکەوە. هەرچی تکام لێــی کردو پاڕامەوە، دەیکوت:

_تکای پێ ناوێ، دوایی تێدەگەی! دەیووت:

_شـتێك هەیە تۆ نایزانی، تۆ بێ ئاگایی!

بەیانی ڕۆژی دوایی چەمەدانم هەڵگرت و خۆم گەیاندە میــترا، ئەو وتی دەبێت ئێستاكە بچینە ماڵی موحەمەدی زەردەشتی. من خۆ لەوەها پریارێك دەترســام، وتم "جـارێ نـا...بـا خێزانەکەی بەمە نەزانێــت، با نەزانێـت من بەبێ ئەو گەڕاومەتەوە". وەلێ ئەو دەیووت:

_"نیگەران مەبە، خــۆم دروستـی دەکەم !"

لەوێرا خۆمــان گەیاندە ماڵی حەمەد یاو میـتـرا عەبایەکی دە خۆی پێچاو وەڕێ کـەوتین، من کێردێکم لەگەڵ خۆ هێنابوو، کەبۆ شەڕکردن سازکرابوو. ئەمێستا ئیتر نەتەنها نیگەرانی م حەمەدی زەردەشتـی بووم، بەڵکە دەترسام میتـــراشم لەکیس بچێـت. دەترسام ئەوم توشی بەڵایەکی شو وم بێت و خۆشـــم لە تەنهایدا بفەوتێم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسودە دەبو وم کە لەتەنیشـــت خۆمدا دەمبینی و دەمزانی پشتی بەمن بەستبووە. ئامادە بـووم خۆم لە دەست بدەم لە بەرابەر هەر ئازارێك ئەگەر چوکیش بێت بە ئەو بگات.

کاتێك بە شاری نەفرەت و توکلێکراو گەیشتین ، پتر هەستم بە مەترسی دەکرد. پێــش و دوای میـتـــرا دەکەوتم و نەمدەهێشــت هەست بە بچوکترین مەترسی بکات. ق سەم دەکرد بۆ ئەوەی ئەو پێبکەنێت، قسەم لەسەر ڕەوتی ئەو بنێدەمە کرد، کـە چو ون پوشکە بەقنگە بە پێشماندا ڕەت بوو. لەسەر سیفەتی خراپی ئەو خەڵکە دوام و وتـم:

_دەڵێـی جەهەنەم هەڵیهێـناونەتەوە.....

لێرەدا میــترا بە هەوەس پێدەکەنی، من چێژم لە پێکەنینەکەی وەردەگرت و بە زۆر بڵێی و حاڵەتی تایبەتی کە هەمبوو دەدوام. قسـەم دەکردو هەڵیت و پەڵیتم دەردەپری. لاسایی ڕەوتی دوو پیـــاوم کردەوە، لاسایـی غورڵاو شامپانزیم کردەوە. خـۆم وەکـو کەسێکی مەسـت پێ کردو بە گێژی و وپێژیەوە هەنگاوم هەڵهێناوە. میـــــرا لەگەڵ هەر جوڵەیەکی مندا پێدەکەنی و هەنگاوی نەرمی هەڵدێـناوە. من کەیفم بە دڵخۆشـی ئەو دەهات و ئاسودە دەبـووم. دوایە لە ژێر عەباوە دەستیم گرت و پێم وت:

_بۆ دەیەڵم تەنیـابی.....میتـــرا! و لـە هەوادا ماچێکم کــرد.

لەسەعاتم ڕ ووانی، هێشتا مابو وی بۆ ئەو وەختەی دیاری کلێن کردبـوو، هەر بەپێیان و بەپەنا شـەقامدا خۆمـان گەیاندە دەو ورو بەری تاریکخـانە، چەمـادانـم بە مـیـتــی سپاردو لەوبەر تاریکخـانە پێـم وت "چاوەڕێـم بکـــات!"

کاتێك چوومە نێوو تاریکخانەوە دەستم بە کێردەکەوە گرتبوو و لە ژێرچاوەوە تەماشای پرێـك لەو کەسانەم کرد کە لەوێ بــوون، وەلـێ نەمویرا قوڵتر پڕۆمە نێوەوە و خێرا گـەڕامـەوە، مـیـتــرا وتی:

_ئەم چەمەدانە بۆ هێندە قورسە؟، کاتێك بەرەو مەیدانی دیاری کراو وەڕێ کەوتین، بە مـیـتـــرام وت زیاتر چاو لە دەوورو بەر بکات تاوەکو لەمن و چامەدان. وتم:

_من و ئەم چەمەدانە هێندە ناهێنین تۆ پێماندا پروانی.....

ئاسمان ساف و ڕو ون بوو، لە ئاسماندا خۆرو شینایی نەبێ هیچ شتێکی دیکە نەدەبینرا، بەڵام خۆر بە هەڵپەسێردراوی لە دامێنـی ئاسماندا دەردەکەوت. بە تەرحێ کە تینی توندو کاریگەر نەبوو. لەو ڕاستە شەقامەی کە بەمەیدانی سـەرەکی شار دەگات، کەمێك وەستاین و لەوێرا ڕاستەوخۆ بۆ مەیدانی دیاری کراو چووین. خەڵك بەپرتاو بەلامـــاندا تێپەڕ دەبوون. خەڵکێکی مرو هەوەسباز، لەوانەی کە وەبیر پێش و پاشـەڵی خۆت دەتخەنەوە.

لە شوێنێك کە هێندە دو ور نەبوو لە مەیدانەکەوە شتێکی سـەیر ڕویدا، کەسێك سـەرنجی ڕاکێشـام. وەستام و لێی ورد بوومەوە. تێکچو وم، شڵەژام. هەموو گیانم خاو بۆوە. پێـش چاوم ڕەشکەو پێشکـەی دەکـرد. دەستم بە هەردوو چـاومەوە گـرت و هەڵم گلۆفی. دەمەویست پروا نەکەم. دیسانەوە سەیرم کردەوە، بینیم کەسێك......نا، میتـــرا، ئاخر من بە چاوی خۆم ئەوم بینی لە کوچەی ماڵێکەوە بانگی منـی دەکردو پەنجەی بۆڕادەکێشـام، ئیشارەی بـــۆ دەکردم. چەند قسـەی لە هەوادا کرد. ئەبڵق بو وم، چەمەدانـم دانا. هەر هێندەم زانی میتیا پرسی:

_ئەوە بۆ وەستای؟ تەماشای چی دەکەیـــت؟

من دەستم بۆ ئەولایە ڕاکێشا، وەلێ هیچ کەسـی تێدا نەمابوو، کوچە چۆڵ و تەنیا بوو. نـا.. .من بەهەڵەدا نەچوو بووم ! میترا وتی:

_مەگەر نابینی هیچ شتێك لەوێدا نیە.......گاڵتەم پێ دەکەی.....!؟، وتم:

_ئەرێ، هیچ شتێـك لەوێدا نیە، چەمەدانــم هەڵگرت، بیـرم دەکردەوە، چەندجار بە نهێنی مـیـتـــراوە ئاورم لەکوچەی چۆڵ و تەنیا دایەوە، بەڵام ئیتر هیچ میتـــرایەکی تێـدا نەبوو. نەمدەزانی پروا بکەم یان نا، وەلێ ئەوەی بینیم حەقیقەت بـوو، نـــا من بەهەڵـــەدا نەچوو بو وم. چو ون بەم چاوانەی خۆم بینیم و ئیشارەی بۆ کردم. من ئەو کـوچەیــەم دەناسی. هەر لەخۆوەو لەو دەمەدا پێم ئیلهام کرا. وا وێدەچوو چەندین‌ساڵ لەوێ ژیابم. من ئەو کەسـەم ، ئەو مـیـتـــرایەم دەناسی و پێی ئاشـنـا بو وم. وا وێدەچوو ئەوە میتــــیای ڕاستەقینە بێت. چاك دەمناسی. وەلێ نەمدەزانی چۆن و لەکوێ ئەو شوێنەم دەناسـی. من لەوە دڵنیابووم. دوایی لەدڵی خۆمدا وتم:

_قسـەی پوچ.....ئەوە بۆ هێندە گێـــژم؟ میـتــرا پرسـی:

_چیت بینی!؟

_لە کوێ!؟

_لەو شوێنەی کە ڕاوەستــای....

خەریك بوو تێبکەوم، بەڵام هەر زوو شتێك بە بیرمدا هات و وتم:

_دەزانی مـیــتـــرا هەر لەخۆوە گومانم لەو خانوانە هەبوو کە پێم نیشاندایت، وتم وێدەچێت ئەو کەسانەی موحەمەدی زەردەشتیان شاردبێتەوە لەوێدا بن. وتی:

_جا با لەوێش بن ، مەگەر کاتیان بۆ تۆ دیاری نەکردوە،کەئەم چەمەدانەیان بدەیتەوەو ئەوانیش ئەو ئازاد بکەن. حەژمەتانە سەرم بادەدا:

_دەی با هەروایە.....ئەو خانوانە بەئێمە چی!

هەر لەو قسانەدا بو وین بە مەیدانی دیاری کراو گەیشتین، مەیدان چۆڵ بوو و هیچ کەسێکی تێدا نەدەبینرا. وەستاین، هێشتام چەمەدانم دا نەنابوو کەدوو کەس لە لایەکەوە بەدیار کەوتن. خۆم ئامادە کردو بەتیلی چاو مـیــتـــرام تێ گەیاند، لەو لاتر کەسێکی تر هات و مروحەمەدی زەردەشتی بەدەست بەستراوی وەپێش خۆی خستبوو. نێوانمان تا دەهات نزیکتر دەبۆوە، هەر لەو وەختەدا یەکێك لە دوو کەسەکە وتی:

_نەکـا ئەم خانمەت بۆ شـەڕە شـەق هێنا بێـــت، دوایە گوڕاندی:

_چەمەدانەکە بکەوە بابیبینم، کاتێــك دڵنیابوو تەماشایەکی ئەوی دیکەی کردو دووبارە وتی:

_هەڵیدە بزانــم، و نێـوو چاوانـی مۆرکرد. هەر هێندەم زانی محەمەدی زەردەشـتی تەکانێکی داو هاوارێك لەو کەسە بەرز بۆوە کە ئەوی لەگەڵ خۆی هێنابوو. تومەزە ئەو کێــردەی لە پشتی مروحەمەدییای گیـرکردبوو، لە ئەنجامی تەکان و هەڵهـاتنـەوەکـەی زەردەشـت کێیا لە ورگی چەقی بوو، من هەرکە ئەوەم بینی کێردم دەرهێناو یەکێك لەوان کە مۆری خواردبۆوەو دەیەویست چەمەدان بەرێـــت بەیەك قەڵەمبــاز کێردم لە قورگیدا ڕۆکرد، وەهاکە چاوەکانی هەڵگەڕانەوەو خوێن فیچقەی کرد. ئەوی دیکەیان ویسـتـی هەڵبێـت ، وەلـێ کێردم بە دوایــدا هەڵــداو لەپشـتـی چەقـی، محەمەدی زەردەشتی وتی:

_چاکت کرد، دەی خێراکەن با دەرچین، میتـرا دەستەکانی مروحەمەدیای لێك کــردەوەو لەوێ دەرچووین. بە هەنگاوی زل، بەڕاکردن و بە هەناسە بڕکێوە خۆمان گەیاندە پەنا شـەقام. م حەمەدی زەردەشـتی تەماشایەکی مـیــتـــرای کردو وتی:

_تـۆ بۆچی هاتی!؟

_دەی دیارە بۆ هاتووم! حەمەدیا چاوەکانی تێکناو لێوەکانی قرماند:

_خۆ ناکرێ تۆ بێیتە ئەوێ؟ میتیا پرشە پرشـی نیگاکانی خۆی تێبڕی و هەڵی دایە:

_من بۆ ئەوە هاتم کە هەر جۆرێك هەیە، و حەمەدی نەیهێشت تەواوی کات، وتی:

_نەچووبایت بۆلای مهتاب و دایکی لەوە باشتر نەبوو، ئێستا ئەوانیش نیگەرانن!

_پێــم وتــن بڕۆن بۆلای دایکــم. دوایی هەردوکیــان چاویان لە مــن کردو سەریان داخست. مــن وتــم:

_یانی چی، باسـی چی دەکەن؟. مـوحەمەدیا وتی:

_دوایی...دوایی...، پاشـان دەسـتـی بۆ مــاشـێنێك گرت و بەمنی وت:

_دەبێت هەر ئێـســـتاکە کارەکەمان تەواو بکەیــــن.

سـواری ماشـێن بو وین و فڕەی هات، محەمەدی زەردەشـتی بە کابرای وت بمانگەیەنێتە پەنا کۆشـکی نوێی شار. دوای چەند خولەك م وحەمەدیا بە ماشـێن لێخورەکەی وت کە ڕایگرێت، کابـرا ڕایگرت و ئێمــە دابەستـــین، هێشـتام پێمان لە زەوی نەکوتابوو، کە ئەو بە من و میترای وت:

_چاکتر وایە ئێوە هەر لێرەدا بمێننەوە، چەمەدانەکەی هەڵگرت و بەمنی وت:

_تۆش باشترە کە لەلای مـیــتـــرا بیت، مـیــتـــرا هەڵی دایەو وتی:

_تۆ نابێت بە تەنیا بڕۆیت، ئەوە ترسناکە، بهێڵە با ئێمەش بێین، من وتم:

_ئەرێ.....نابێت بە تەنیا بڕۆیت، خۆ من نەمردووم، ئەی من چیم؟ مـوحەمەدی زەردەشـتی وتی:

_میتـرا چی؟ خۆ بەتەنیا لەم شـەقامەدا جێی ناهێڵین، مـیــتـــرا چاوی لە چـاوی مـن بـڕی و وتی:

_دەی منیش دێم، حەمەدیا پێی کوتا بە زەویداو گوڕاندی:

_خۆ بۆ زەماوەندی دایکم ناچین، وتم بە تەنیا دەڕۆم و تەواو. ئێمە ئیتر ورتەمـان لێوە نەهات. ئەو دیار بوو پەست ببوو، بە مـیــتـــرای وت:

_باشە.....ئێمە دەڕۆین، بەڵام ئەگەر نیوو سەعاتی تر نەگەڕاینەوە لێرە دەرچۆ...، میترا بە نیگەرانییەوە پرسی:
_بچمە کوێ؟
_چوزانم، هەڵبەت ئێمە هێندەمـــان پێ ناچێت.
من دەبا چیم کردبا ، وەکو تەختەیەکی سەر ئاوم لێ هاتبوو. بارێکی جێگیرم دەسـت نەدەکەوت. نەمدەزانی لەگەڵ موحەمەدی زەردەشتیدا بڕۆم یا ئەوەکە ئەم فریشتەیەم لێرەدا جێبهێڵم. نەدەبـــا لەگەڵ هەردوکیان بـــم. حەزم دەکرد جەندەکم لەگەڵ زەردەشتیدا بڕوات و هۆشم بە لای مـیـتـراوە بمێنێتەوە. نا.. حەزم دەکرد میـتـرا بەجێ نەهێڵم. لەوێدا تەنیای نەکەم، وەلێ ئارەزو وی ئەوەم هەبوو م وحەمەدی زەردەشتی وێـڵ نەکەم. ئارەز ووم بوو وەکو هەڵۆیەك دوای نێچیری کەوتبێت ، دوای بکەوم. نا نەمدەویست بەتەنیـا بـڕوات. گیـرم خواردبوو، مرحەمەدی زەردەشـتــی دەیزانـی ئەوە بۆمــن ناخۆشترین ساتی ژیانم دەبێت، لێم نزیك بۆوەو وتـی:
_نـاچارین ئەوە بکەین. دەی تا درەنگ نەبوە....
دڵم تەنگ بوو، هەستم خاو بوو، هێندەی دونیا هەستم بە قورسایـــی ئازاری بو ونی خۆم دەکرد، دڵم گیراو و بێ بزوت بوو. دەستە بچوکەکانی مـیـتـیـم گرت. چاوەکانی بە پرتـــاو تەماشـــایـان دەکردم. چـو ون داری بـــی دەلەرزی. قامکەکانـم بە هێواشـی لە ڕوومەتی هەڵسووە، وتـــم:
_دڵــم لەلات دەبێـت دڵنیـابە....! محەمـەدی زەردەشـتـــی چەند هەنگاو دوور کەوتبۆوە، میـتـیا وتی:
_بـڕۆ بە دوایداو، گـریـا!
لەو تەنهاییەدا دەستیم بەردا، لەو جەهەنەمی ئازارەدا هێشتم تەنیا بێت. هێشتم لەو بیابانەی مەترسیدا هەست بە ترس و خـــۆف بکات. من هێشـتم ئەو بەقەرا دڵ تەنیگم، بە قەرا عیشقی کوشندەو ترسناکی خۆم بـۆ وی، لەو تەنهاییەدا ڕەهابێت. ئەو گریاو من دەستیم بەردا، وەهاکە دەتکوت هەموو دەمارەکانی دڵی خۆمم لێك بچڕاند.
چووم، موحەمەدی زەردەشتی وتی:
_نەدەبوو بهێڵـــی هێندە نیگەران بێـت.
_ نیگەران!؟ سەیرێکی کردم و ملی بادا:
_ئاخر دەزانی، سەخترین ساتە وەختەکانی عیشق ئەو کاتانەن کەدوو کەس ناچار دەکرێن لێکدی جودا بکرێنەوە. بە چاوی مانادارو حەسرەتەوە لێکدی ورد دەبنەوە، وەهــاکـە نەیانەوێت دەسـت بەرداری خۆشـەویستی ژیانی ڕابوردویان بن. نەیانەوێت ئەو چارەنوسە قەبوڵ بکەن، کەدەیهەوێت عیشقیان لێ بسەنێتەوە، دەزانی چاو بـڕین لە دواین ساتەکانی خۆشـەویستی ، مرۆڤ توشی بێ هیوایی دەکات. هەمیشە بـێ هیوایی لە دواین ساتەکانی مەحەبەتەوە دەست پێ دەکات. چون کی دواین ساتەکانی خۆشـەویستی لە مرۆڤدا بەمانای کۆتای هاتنی زەمەنی ژیان دێت لە بو وندا. بوون سەراپا عیشـــقێکی ئاڵۆزو گرێدراوە بە بەهای مرۆڤەکانیەوە. ناخۆشە ئەو کاتانەی کە عیشق خەریکە لە بو ونت دێتە دەرەوەو دەیەوێت بە مردنت بسپێرێت. تۆ ئەو کاتەی ناچاریت ئەو کەسە جێ بهێڵـیت کەخۆشـــت دەوێــت، واهەست دەکەیت کە خەریکە ژیان جێ دەهێڵیت. هەست بە داپرانی پەیوەندی خۆت لەگەڵ ژیان و بونەوەرانی دەکەیت. تـۆ کە ناتەوێت ژیان جێ بهێڵیت چەند بەئازارە کاتێك کەبیر لەمردن دەکەیتەوە. بیهێنە پێش چاوت لە دو ورگەیەکدا ژیان بەریتە سەر، جگە لەتۆش هیچ کەسێکی دیکە لـەو دو ورگەیەدا نـاژی، یان بابڵێین خەڵکانی تری تێدایە، وەلێ ئەو کەسـەی تێدا نییە کە تـۆ دەتەوێت. ئەو کات ئەوە چ ژیانێکە، خۆ ژیان تەنیا لە ژینگەو دەو ورو بەر پێك نایەت. ژیان ئەگەر مەحەبەت درێژەی پـێ نەدات ، ناتوانێت پەیوەندی خـۆی لەگەڵ مرۆڤەکـــانیدا بەردەوام بێت. مەحەبەتیش تەنـیا هۆکارێکە بۆدرێژەدان بەژیان و بەردەوامی. لەبەرئەوە تەماشا مەحەبەت چ جەنگێکە بوون لەم ژیانەدا پێمان دەگێرێت. بزانە عیشق چ ڕۆڵێك لە وجو ودی ئێمەدا دەگێرێت. ئەوە مانای عیشقە کە تۆ نەتدەویست لەگەڵ من بێیت و من هەستم بەوە کرد، هەستم بەوە کرد کە دەتویست مـیـتـرا لەگەڵ نیگای نیگەرانی چاوەکانتدا بهێنیت، دەتویست بەهێزی خەفەبو وی عیشقت ئەو بە

دوای خۆتدا ڕابکێشیت و نەهێڵیت لەوێدا تەنیا بمێنێتەوە. من ئەوەم زانی کە بەهاتنت نیگەران بو ویت، زۆر زۆریش دەی وا نەبوو، بۆ حەپەسای!؟

_بەڵام ئــاخــر...

_دەزانـم حەقی خۆتە......منیــش بــایـەم هەر وەهام بیـر دەکردەوە، ئـا ئــەم چەمەدانە هەڵگرە هیلاك بووم...

چەمەدانم هەڵگرت و سەرم داخست، چاوم لە پێیەکانی خۆم کرد، چاوم لە پێیەکانی وی کرد. چاوم پڕیە خاڵە ڕەشـەکانی سـەرجادەو بیرم لێ کردنەوە. بیرم لە ڕەوتی خێرایی خۆم و ئەو کردەوە. بیرم خسـتە سـەرئێشـی لاق و پێیەکانم، بەڵام هۆش و ئــاگـایم لە جـێگەو شـوێنێکی تر بوون. وەها کەدەتووت بینین و بیر کردنەوە، لە ئێشـەکانم جۆرێـك خەیاڵن. چونکو هۆشـم کە ئازارەکانـی پێ دەگەیشـت، کە بینینەکانی هەسـت پێ دەکرد، لـە جێگەو لــەشـێـکـی تـردا، لـە ئـازاردا چنگڵی دەداوە.

لەپڕ موحەمەدی زەردەشـتــی وتی:

_دەبێـت ئەم چەمەدانە بسـپێریـن بە جەوهەرودیــن!!

_ئەوە دەزانم، بەڵام بۆچـی؟ لە کۆڵانێکی ئەولای ڕوانی و کەمێك دواتر وتی:

_دەی منیش تەنیا لەبەرئەوەیە ئەم هەموو هەراو هوریایەم سازکردوە، لە بەرابـەر ئەم چەمەدانەدا کەسێك ئازاد دەکەیـن!

_کەس!؟ کێیە بـزانـم، یـانی ئەم کەسـە بە داودی بەد چـی؟ بۆچی ئەمەیان بـەتــۆ سـپاردوە!؟

_ئەوان کاری گرنگیان بەم کەسـە هەیە، بەڵام چیتر ئێمە ناهێڵین ئەم کارە بـــکات. کەفم کرد:

_باشـە ... وتم بۆچی ئەم ئیشـەیان بەتۆ سپاردووە؟ بینیم برۆکانی دێنەوە یەك و وتی:

_چونکە ئەو کەسـە باوکی مـیــتــرایە دەزانی، بــاوکی خێزانی منیشـە، چەند ڕۆژ لەمەوبـەر کاتێك کەتۆ لەم کارە نیگەران بوویت، ئەوان هەڕەشـەیان لە کوشـتنی مـیـتــرا دەکرد، مـن ئەمەم بەنهێنی بە مـ یـتـرا وت. داوای ئەم چەمەدانەیــان دەکرد لەبەرابەر گیـانی مـیــتــرادا. ئەوسا تۆش لەمن تورە دەبو ویت. هاوارت دەکرد بە سـەرمداو دەتکوت بڕۆ بۆ جەهەنەم. وەلێ من لەدڵی خۆمدا دەم ووت "نا.... دەچم مـیــتــرا لەم مەترسـی یە ڕزگار دەکەم، نەبا تۆشـم لەکیس بچێت ". من ئیتر ڕەق هەڵاتبو وم، سارد ببو ومەوە. نەمدەزانی چیـم بیسـت. وامزانـی ئەوەی کە بیسـتــم خەیاڵی ئەم کەلە شـەق کراوەی خۆم بــوو. حەپەسابو وم، نا...شـەرمم دەکرد، سوور هەڵاتبو وم. لەدڵی خۆمدا کوتم "ئەوە بـۆمن نەمزانیبو وە میـترا خوشکی خێزانی م وحەمەدی زەردەشـتیە". دوایی بیرم کەوتەوە ڕۆژێك مەهتابی چکۆلە وتبووی:

_ئەوە پورم بـۆ کوێ چوو؟. وەختێ ئەم وشـەیە لەزاری هاتە دەر ، دایکی سـو ور هەڵــگەڕاو پێی وت "شـش". وێدەچێـت نەیوستبێت من تەریق بمەوە، وەلێ من هەر هەسـتم بەوە نەکرد. منی گێــژ.

وام هەسـت دەکرد چەمەدانەکە قورســایی دە هێندە زیادی کردوە، بەقەرا کێوێـك پەسـتانی دەخسـتمە سـەر. پاش ساردبوونەوەی لەشـم دوایی پیس گەرمایی دایگرتـم. نێوچاوانم تەڕبوو، عارەقەم دەردا. بەدەسـت عارەقەی نێو و چاوانم لادەدا. هێندەم تــف قوتدا تاوەکو زمانم بە مەڵاشـو ومەوە لکاو خەریك بوو دووجار هەناسـە لە سینەمدا خەفـەبێت، م وحەمەدی زەردەشـتی هەرزوو هەسـتی بە تەریق بوونەوەکەی من کرد. وتی:

_چیە؟ کوا هێــندە گەرمە، دوایی پێکەنینێکی ماناداری کـردو پـــاشان تریقایەوە، وتم:

_ئاوا محەمەدی زەردەشـتی! ئێسـتا دەزانم بۆچی پێیان دەوتی جەلادی پـاك. من خۆ لەو ناوەت دەترسام!

_ئەی ئێسـتا چی دەترسێی!؟ ئەهەهە ها...

_گاڵتەکردن وەختی نیە، تاکات درەنگ نەبووە با فریای"علی یارخان" بکەوین. وتی:

_دەتەویسـت ئەم چەمەدانە بدۆڕێنیت بەرانبەر بەگیانی من، ئەی ئەوکات بەچی فریای دەکەوتیت. بیرت لەوە کردبۆوە. وتم:

_ئەوەم نەدەزانی.....بەڵام هەر تەریق بوومەوە. چیتر خۆم بۆ نەدەگیراو وتم:

_موحەمەدی زەردەشـتی خەریکە درەنگ دەکەوین!

_ئێستا دەزانم بۆ ئەمەیان ئازای. ئەو چەمەدانەم وێدە بزانم.
_محەمەدیا..
_ئم!
_بۆچی پێت نەوتم کە میترا خوشکی خێزانی تۆیە. بۆ نەت ووت کە علی یار خان گیراوە، بەڕاست چەند ڕۆژە گیراوە؟
_حەزم دەکرد هەم مەسەلەی میتراو خێزانی من نهێنی بێت و هەم مەسەلەی ڕفاندنی "علیارخان" تاکاتی خۆی. خۆ هێندەش نییە ڕفاندویانە ها، هەمووی چوار ڕۆژە، وتم ئەگەر بپرسیت دەڵێم چووە بۆ سەفەر.
من ئەمێستا ئیتر سووك ببووم، هێندە خێرا پەلم دەهاویشت دەتکوت هەر ئێستا لێك هەڵدەوەشێمەوە. پەل و پۆم نیوو مەتر بۆ پێشەوە فڕێ دەداو جەندەکم بە دوایدا هەڵدەدا. چەند خولەك بەو لاتر بەسەرای تاریك و ترسناکی جەوهەرودین گەیشتین، پەشۆکاب ووم، لێوەکانم وشك بب وونەوە، وەلێ هەرکە وە ژوورکەوتین هەموو شتێکم لا ئاسایی بۆوە. چەند کەس پارێزگاریان لەدەرباری ئەو دەکرد. دەتووت چاودێری ئەو جەهەنەمە دەکەن کە ئەوی تێدادەژی. هەروەکو پیاوهایەکی نێوو جەهەنەمیش مرو دزێو و و ترسناك بوون. جەوهەرودین بەدەنگێکی نەڕ بە موحەمەدیای وت:
_بۆ ئاوا درەنگ هێنات، نەوەکا کڕیارت نەبوو بێت؟
مەحەمەدی زەردەشتی هەموو بابەتەکەی بۆگێڕایەوە، دوایی کاتێك لەچەمەدان دڵنیا بوو، دەستوری دا"علی یار خان" بهێنن. دەتووت دڕندەیەك لە نێوو ئەو جەوهەرودینەدا دەژی، وەهـا دڕندەو بە خۆف بوو، بڕۆکانی پیس دا تەپیبوون. پیرێکی تێك سمڕاو و بە هەوەس بوو، لە لاچانگیەوە خەتێك دەدیترا ، دەتووت وەختی خۆی چەقۆیان لێ داوە. هێشتام پتەوی بازو وەکانی بەرەنگاری پیریەتی ئەویان دەکرد. من هەر لە یەکەم نیگادا زانیم ئەو جەوهەرودینە بێ دینە، بەد مەرام و شەیتانە. کاتێك کە علیخانیان هێنا، پێی وت:
_جارێکی تر بیر لە فێڵ کردن لەمن نەکەیتەوە ها! بڕۆن و لەبەر چاوم ون بن.
بە شەپۆرێکەوە لەوێ وە دەرکەوتین. دەمزانی پیاوەکانی جەوهەرودین چوکترین جوڵەی ئێمەیان لەبەرچاو گرتووە، لەبەرئەوە تاوەکو ئەو سەری کۆڵان نەموێرا ئاور بدەمەوە. عل یارخان چاوی لە م وحەمەدی زەردەشتی بڕی و دوای چەند هەنگاو وتی:
_ئەمەتان لای داودی بەد هێنا، مەبەستم هەر ئەو چەمەدانە نەفرەتیەیە کە هێنابووتان ؟. موح ەمەدی زەردەشتی سەری داخست:
_بەداخەوە! هیچ شوێنێکی دیکەمان نەبوو. خان نەفەسێکی قوڵی دا :
_کەواتە دەبێت من درێژەی پێ بدەم و لەگەڵ ئەو بەرازانەدا سەروکاربم. من نوتقم لێ بڕا. حەمەدی کوتی:
_نا نا نا! تۆ ئیتر نابێت لێیان نزیك بکەویتەوە. ئەو لە ژێرەوە پێکەنی و وتی:
_پێت وایە هەروا ئەو چەمەدانەیان خستۆتە بەر دەستی تۆ.....نا، ئەمە بۆ ئەوەیە کە چیتر من نەتوانم دەست بەرداریان بم! ئەمە بۆ ئەوەیەو تەواو. محەمەدیا مستەکانی خڕکردەوە:
_بەڵام من کارێکی وەها دەکەم کە هەرگیز نەتوانن بیر لەوەرگرتنی یارمەتی لە تۆ بکەنەوە، کارێك دەکەم کە، هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد بوو علیخان دووبارە هەڵی دایە:
_مەگەر دەکرێ کەسێك هێندە لەگیانی خۆی بێزار بێت. بۆ تێناگەی کورە!؟ تۆ دەزانی دەتەوێ لەگەڵ کێدا تێبکەوی. لەیەك چرکەدا ئەوەی بیانەوێت دەیکەن. تەنانەت ئەگەر بە کوشتنیش کۆتای هاتبێت.
زیاتر سوور بوونی محەمەدی زەردەشتی لەسەر قسەکانی خۆی ، وەهای لە خان کرد، کە بڕیار بدات توخنی داودی بەدو پیاوەکانی نەکەوێت. من بەئیشارە موحەمەدیم تێگەیاند کات دێری کرد. هەر ئەوەندەو نەپرایەوە حەمەدی دەستی لە ترومبێلێك ڕاگرت و سوار بووین.
چهند خولەك بەولاتر لەهەمان شوێن دابەستین کە میترامان تێدا جێهێشت بوو. حەوسەڵەم نەمابوو، لە پێش وانەوە لەماشێن وە دەرکەوتم. چاوم بەم لاداگێڕا، بەو لادا گێڕا، هیچ نیشانەیەك لەمیتیا نەبوو، موحەمەدی زەردەشتی شڵەژا. ئێمە هەر بەنیگا یەکتریمان حاڵی کرد. بەڵام علی یارخان نەیدەزانی کە

کچەکەی لێرەبووەو ئەمێستا دیار نەماوە. چاوم چوون چاوەکانی کوندە پەپووی سەر درەخت بە هەموو لایەکدا دەگێرا. دڵم سرتە سرتی دەکرد. لەیەك ساتدا چەند بیرگەلی شووم خۆیان بەمێشکمدا کرد. لەناکاو چاوم بەو بەری شەقام کەوت و بینیم میترا دانیشتووەو سەری خستۆتە سەر ئەژنۆکانی هاوارم کرد:

_ئەوەتا......ئەوەتا، تەماشای ئەوبەر شەقام. لەیەك ساتدا هەردووکیان بە دەنگی من ڕاچڵەکین. عل ي خان وتی:

_کێ ئەوەتا.....داودی بەد؟ هەی بەنەفرەت بیت پیاو.

هەر لەو چرتەیەدا میترا سەری بەرز کردەوەو لە ئێمەی ڕوانی. هێشتام دەنگی من لە هەوادا نەگەیشتبووە ئەوبەر، میتیا خۆی گەیاندە ئێمەو پری بە باوکیدا کرد. لەو حەلەدا من بێدەنگ و م وحەمەدی زەردەشتی بێدەنگ، بەڵام میترا دەگریاو باوکی دڵخۆشی دەداوە، باوکی دەیوت:

_گریانی ناوێ کچم......تۆ نەدەبوو بێیت!، بەڵام میترا بە ئاوازی گریانەوە دەیوت:

_نیگەرانت بووم باوکە نەمدەتوانی نەیەم. دوایی محەمەدی زەردەشتی وتی:

_مەگەر پێمان نەووتی هەرلێرە بە، دەزانی چەندە نیگەرانت بووین.....

میترا بە سڕینی فرمێسکەکانییەوە وەڵامی داوە:

_دەترسام! چەند کەس لە دەو ورو بەرم دەسوڕانەوەو چاویان لێ دەکردم. لەنیازی چاوەکانیان دەترسام. منیش هەستام و ئێرەم جێ هێشت، چەند کۆڵانم کردو دوایی گەڕامەوە. نەموێرا بێمەوە ئێرە. دەترسام دووبارە لێم پەیدا ببنەوە. لە بەرئەوە چو ومە ئەوبەر شەقام و وتم لەوێ چاوەڕێیان دەبم. لە دواین ڕستەدا نیگاکانی کەوتنە سەرمن، من لەداخی ئەوەی کەئەو ترسابوو ، دڵم کەفی کرد. مستم خڕ دەکردەوەو ناو لەپی خۆمم دەکرۆشت. لە بەردەم عل ي خان و م وحەمەدی زەردەشتیدا شەرمم لە نیگاکانی میترام دەکردەوە، وەلێ ئارەز ووی مەستایەتی نێوو نیگای ئەو چاوانە بووم کە هەر چرتەیەکیان چەندین مانایان هەبوو، پاشان وەڕێکەوتین. هەوا تاریك ببوو ، شەو بە تاریکی و بە فێنکیەکەی کەیفی بەدڵدا دەهێنا. چپە چپ و ورتە ورتی ژیان لە دڵی شەودا دەبیسترا، لە چەند ناوچەیەکی جیاوازدا فرە فری با بەر گوێمان دەکەوت. تارمایی خەڵکی لە نێوو کوچەو شەقامەکاندا دەبینرا. لەژێر سێبەری شەودا ژیان بەردەوام بوو. سروشت درێژەی بەوکست و ئارەز ووی بو ونی مرۆڤەکان دەدا. دەت ووت ژیان بو ونێکی هەمیشەییە ، وە کو دونیایەکی ڕۆحی و ئاسمانی، جیاواز لەدونیای خاکی مرۆڤەکان......

# بەشی نۆیەم

داودی بەد وتبوی:

_با علیارخان ئەو بێ شەرەفە، نەیەوێت کارمان لەگەڵدا بکات، یانی ئێستا ئەو منی داود ، بەرەڵا دەکات. یانی چارەی منی ناوێت، با ئەو وتبێتی داود بەد کارەو زۆڵ و گەوادەو من ناچم کاری لەگەڵدا بکەم. ئاخر ڕاست دەکات، گیانی ئەو بۆ چ شتێك بایەخی هەیەو بەکەڵکی چی دێت، کەمــن ڕۆشتم و هەموو شتێکم بۆ کرد. ئەگەر من بە قەرا هەموو ئێـل و موڵك و ماڵی ئەو پولم نەخستبایە ناو ئاو، ئێستا ئەو نەیدەتوانی ئاوا لاف و گەزاف لێ بدات. ئەگەر مـن نەبام ئێستا لە ئەو لای جەوهەرودین، لای ئەو بەد فەڕە جرج خواردب ووی، ئەمێستا وەکو مشکێکی تۆپیوو، ڕەق هەڵاتبوو. من هەر ئاوام، هەر ئاوا بێچەنس و بێ بەختم. دەنا چیم لەم پیاوە ژنانیانە داوە ها، ئەگەر من نەیان پەڕێنم، هاریان نەکەم و چـاویـان سـو ور نەکەمەوە، تەنانەت ناتوانن لەگەڵ ژنەکانیشیان بخەون، ئێستا لە گۆڵ لە خۆم دەکەن. لاف لێ دەدەن و سەر کۆنەم دەکەن، لای خەڵکی دەڵێن چ کارەیە! گەوادەو هیچـی لـەدەست نایەت.

ئەگەر من فێری ژیانم نەکردبان دەبوو لەسەر شەقامەکان دەست پان بکەنەوەو سواڵ بکەن، کەچی ئەمێستا دەیانەوێت ڕوو بەڕوم بو وەستن. ئاخ! با ئێستا ئەو وتبێتی مـن چیتر پێویستم بەوان نیەو نامەوێت جارێکی تر توخنی ئەو و پیاوەکانی بکەوم. ڕاســت دەکات، ئاخر ڕاست دەکات. چون کی من وەکو ژن بۆی خەڵەتام. خۆ ئەم قسانەی هەروا گاڵتە نین. ئەمە گاڵتەکردنە بەشەڕەفی مـن. گاڵتە کردنە بەدین و دیانەتـی من. من ئەگەر خاوەنی شەرەفی خۆم بم ، ناهێڵم هەروا لەسەری بچێت. خۆم دەزانـم چ بەڵایەکـی بـە سەردا دێنم. ئاخ! ئەگەر ئەمێستا لێرە بوایە وەهام لێ دەکرد پارچەی گەورەی بەدەنی گو ونی چەپی بوایە، ونجڕ ونجڕم دەکرد. لەسەری ناچێ، با ئاوهای وتبـێ!.

متیــتیا لەم قسانە ی زۆر ترسابوو. زۆری وتبوو بە م وحەمەدی زەردەشتی ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ بهێنێ. تکـای لـێ کردبوو هەر جۆرێك هەیە نەهێڵێـت داودی بەد جارێـکی دیکە، لە باوکی نزیك ببێتەوە. وتبوی:

_ئەم بەد بەختیە بێ چارەمان دەکات، وتـبـووی:

_من نازانم بۆچی باوکم ئەم کارە هەڵیت و پەڵیتانەی کردو وە، بە محەمەدیای وتبـوو. ئەو، یانی"مـن" لەم کارانەی باوکم ئاگادارە. موحەمەدی زەردەشتی وتی:

_بەمیــترام وت هەموو ئەمانە هەڕەشەو فشەن کە ئەم داودە داوێن پیسە دەیانکات. ئەو خۆ ناتوانێت لەبەر چاوی ئێمەدا کارێك بکات.

من ئەم بابەتە نیگەرانی کردبووم، ماندو و ببووم لەو هەراو و هوریایانەی کە هەموو جار قسەیان لەسەر دەکرد. نەمدەویست هیچ شتێك دەربارەی دزی و جەردە یی و هێنان و بردنی دەرمانی ئازادکردنی مرۆڤە وە ببیستم. دەرمانی ئازادکردنی مرۆڤ، نا...ژاری مرۆو کوژ هەستێکی نوێی لای من پێکدێنا. لای خۆم بیرم دەکردەوە کە دەبێـــت ئەم ژارە چۆن دەرمانێك بێت ، کەوا پیرێك کەڵکی لێ وەردەگرن. دەمەویست کەڵکی لێ وەرگرم، نا، دەمەویست بەتاقی بکەمەوە، وەلێ نەمدەوێرا خۆمی لێ بدەم. هەندێکیم بە قەرا مستێك بۆ خۆ گـل داببوویەوە، هەرجارەی کە دەمیچی ژوور دەرم دێناو پێیدا دەمڕوانی، ئارەزوویەکی ئیشتیایی شەیتانیم تێدا پێك دەهات. بەڵام خێرا دە میچم دەناووەو خۆم لە هەوەسی لادەدا.

لە چەند ڕۆژی دوایدا لەگەڵ میــتیـادا ژوانم سازکرد، هێشتام لە ڕوخساریدا پەیم بە ترس و خۆفێك دەبرد، کە هەیبوو. پەیم بەو ئازارانەی دەبرد کەلە مێشکیدا، لە خەیاڵ و بیریدا دەت لانەوە. ئەو لەئاکام ڕوداوگەلێك، لە ئاکام بەڵایەك کە بەسەریاندا هاتبوو داخی دەکێشـا، وەلێ مــن لە ئاکام زەجرو ئازاری ویدا بە حەسرەت و بێ ئـارام جگەرەم دەکێشـــاو هەستـم بە گوشرانی توندی دڵم دەکرد. وەها کە دەت ووت لەنێوو دۆزەخی مەراقی ویدا دەگوشـرێم. وتم:

_میترا دەهەڵێی ئەم توڕییەت هەراســانم بکات. من بەم نیگەرانیەت خەریکە پەرت دەبم، نیگەرانی چیت، ها!؟، توخوا ئەوەی کەبووە، بیری لێ مەکەوە. وتی:

_"ئـم" ، و سـەری خوار کردەوە...

وتم:

_پێی نــاوێ لە رابوردوو حەســرەت بخــۆی، ئێستا لە پێ بکەنەو هەموو شتێك لە بیرکە، ڕابوردوو لە بیرکە، کەبۆ ئەمڕستا هیچ بایەخێکی نیە. وتی:

_ئێستا هەسـتێکی باشـم نیە ، بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەوەی کەبوو لەبیری خۆمی بەرمەوە، هەوڵ ئەدەم هیچ بیرەوەریەك لەمەڕ ئەو فریوستان و هەل پەرستیانە، هەموو ئەو ڕوداوانەی کەبە چاوی خۆم بینیمن و ڕۆح و بیرم ئازار دەدەن لە زەینمدا نەهێڵم، هەوڵ ئەدەم ڕابرد ووم لەو دیوو تارمایی و تاریکی ئەو بەڵایانە بهێنمە دەر، دوایی وتی:

_هیچ هەسـتێکی باشـم نیە، بێ تاقەتم. وێناچێ بتوانم بڕۆم بۆ هۆڵی شـانۆ، ئەمڕۆ تاقی کاری شـانۆیم هەیەو سورەیا چاوەڕێم دەکات، ناڕۆم، ناتوانم. وتـم:

_وێناچێ ئەمە چارەسـەری کێشـەکە بکات ، مەگەر نەتو وت هەوڵ ئەدەم لەبیری خۆمی بەرمەوە. دەی هەر ئێســتا دەست پێ بکە. چاوەکانی چرتەیەکیان کردو لە ژێـرەوە نیگایەکی کە گرتـم. وتم:

_دەی، هەر ئێسـتا، پێکەنینێکی مهرەبانانەی بۆ کردم و منیـش بۆم سـتاندەوە. وتـی:

_دەی باشـە یارمەتیم دەدەی؟

_ئا....ئەی چۆن. نازەنینانە سـەری خوار کردەوە:

_نا......بەڵێن بدە.

لـەقـوڵایی چــاوەکانی ورد بو ومەوە، هەموو ئەو شـتانەی کە دەمویسـتن و ئــارەز ووم بــو ون لەنێوو چاوەکــانیدا پێــش چاوم کەوتن. هەمـوو وێسـتەکانی بوونی خۆمم لە نێـوو چاوەکانیدا بینیەوە. ئەو ژیانەی کە بۆی سـازکرابووم، بینیم لە نێـوو چاوەکـانی ویدا هەناسـە دەدات، هەسـتامەوەو هاوارم کرد:

_"هێـی دونیا، هێی ئاسـمان! من بەڵینی ئەدەم بەمـیــتــرام، بەو فریشـتەیەی کە ئێ ووەی بەمن ئاشـنا کرد. بەو پەرییەی هێزی ژیانی بەمن بەخشـی، نەتەنها تا هەتایە لەم ژیانەدا لەگەڵی دەمێنمەوە، بەڵکەم بۆ هەمیشـە من کڕنوش بۆ میهرو مەحەبەتی وی دەبەم، با سـەرنویشـتم لەمە پەسـت بێـت، با ڕێـگەی ئەمەم پێ نەدات، بەڵام مـن دژی دەجەنگێم و هەموو یاسـاکانی دەشـکێنم"، پێکەنی و وتی:

_بۆ هێندە تووڕە هەسـتی خۆت نیشـان دەدەیت؟

_وا چاکە با هەموو دونیا بزانێت.

_لەگەڵم دێیت بۆ هۆڵی شـانۆ!؟

_ئەرێ بلێی نەیەم.....

چەند خولەك دواتر لە هەوای شـێدارو باراناویدا بەرەو هۆڵی شـانۆ وەڕێ کەوتین.

بەیانی ڕۆژی دوایی موحەمەدی زەردەشـتی هات و وتی:

_ئەوە بۆ دەرناکەوی؟، نەوەکـا وەکو جاڵجاڵۆکە لە میچی ژوور بەگیـرمابیـت، نەنە هەڵی دایە:

_"خەریکە شـێتــم دەکات، نازانم تاکەی دەیەوێت هەروا زکورت وەمێنێتەوە، دەڵێی لە بەرەبابی خێوەکانە، هەر دەڵێت تەنیایم پێ خۆشـە. توخوا ئاوا کورێك بەکەڵکی چی دێت"، دوایە ڕوخسـاری چرچی و چاوە داتەپیووەکانی پڕیە موحەمەدی زەردەشـتـی و بـەقـەسـتی وتی:

_"هاوڕێی ئەو بووە بەباوك...شـەرم ناکات!؟. هەر دوای ئەو قسـەیە محەمەدی زەردەشـتی تریقایەوە. بە نەوعێ کە شــان و کەلەی دەلـەرزاوە. کـاتێ نەنە لــە ژ وور وە دەرکەوت، مـ وحەمەدیا چاوە زەقە پێکەنیناویەکانی تـێبـڕیـم:

_شـەرم ناکەیت پیاو، خۆ تۆ پیاوێکیت، و پێکەنین ئەوکی گرت، بە جۆرێك دەتریقایەوە کەدەسـتی بە کەلەکەیەوە گرت و هاواری لەسکی دەکرد.

_دەتەوێت سـەرم بخەیتە سـەر!؟

_نا، بۆ بابەتێکی گرینگ هاتم، پێکام!
_چ بابەت، حەوسەڵەم نیە، دەتوانی وەختێکی تر باسی کەی.
_هەموو کاتێکی تۆ هەر بۆش بووە، ئەزقەزا دەمەوێت مژۆڵت کەم. نامەوێت هەروا بە هیچەوە خۆت خەریك بکەیت و دوایی بڵێیت ماندوبومە، بیانوو گرتنیش خۆ ئیشی پیاوان نیە، دەیویست جارێکی دیکە پێ بکەنێت، وەلێ بەریم پێگرت، دەموووت لە بنەوەڕا ئەوکیم گرت:
_چ سەرئێشەیەکی ترت بۆ پەیدا کردوم، یا بەدبەختیەکی دیکە، هەڵی دایە:
_نابرا، بابەتگەلێکی گرینگە، ئەمەیان ئیتر جۆرێکی دیکەیە، ئەگەر پێت بڵێم یا ئەوەتا لە خۆشیدا لە پێستی خۆت دێیتەدەر، یا ئەوەکە هێندە شەرم دەکەیت دەڵێی لە پێستی خۆت جێگەت نابێتەوە، وتم:
_هاها...چ بابەتێکە ئەوە.....
کاتێك بابەتەکەی پێ وتم، شەرم دایگرتم. چینێك عارەقەم دەردا، لەڕاستیدا دەتووت مەرجی دووەمی بە قەستی بۆ سازکردبووم. پڕای پڕیم پێکا. وەلێ پێم خۆش بوو، پێم خۆش بوو کە ئەوەی وت. کاتێك کە محەمەدی زەردەشتی ئەو قسانەی کرد، هەر ئەوە نەبوو لەخۆشیدا، یا لە مەستیدا گێژبم. دەتووت لە عارەقەی خۆمدا شەڵاڵی مەستی دەبم. وەهاکە تنۆکیم چووون شەڕاب لە دەمیلەکانی جەندەکمدا نۆش دەکرد. کەیفیم پێی دەهات. پرسی:
_دەڵێی چی؟، هەموو شتێکت بۆ تەواو دەکرێت، چیتر نەنەش هێندە بۆڵە بۆڵ ناکات.
شەرمم دەکرد، وتم:
_نازانم، و وتی:
_دەزانم..... یانی ئا، من ئیتر هیچم نەووت.
ئێوارەی ڕۆژی دوایی شانۆ سازکراو میتیا بۆ ئەو شانۆیە بانگهێشتی کردین. محەمەدی زەردەشتی خۆیی و خێزانەکەی لەوێ چاوەڕێی منیان دەکرد. کاتێك کە بەپێیان گەیشتم، شانۆکە وەخت بوو دەستی پێ دەکرد. هۆڵی شانۆ جمەی دەهات، دەستەی بەڕێوەبەرانی شانۆ لەسەر سەحنە پێش چاو دەکەوتن.
ماوەیەکی کەم بە ئامادەکردنی وردەکایەکانەوە تێپەڕی و ئامێرەکانی ڕووناکردنەوە وەکو ئیشارەی دەست پێ کردن برقیان داوە. دوایی هەموو شوێنێك تاریك بوو، لەپڕ بێ دەنگی هەموو خەڵکەکەی گرتەوە. هەرکە ڕووناکیەکی لاواز لەسەر سەحنە دەرکەوت، شانۆ دەستی پێکرد. بەشی سەرەتای شانۆکە بە شێوازێکی خێراو تیژ دەچووە پێش، بەڵام بەشی نێوەندی شانۆ دای لە ڕەوتێکی هێمن و پڕ لە ئاڵۆزی. کێشەو ململانێ و ماناکانیان لەوێدا هەست پێ دەکرا. ژیان ڕۆڵێکی گەورەی لەو شانۆیەدا دەبینی، دوایی شانۆ بە هەمان ڕەوتی پێشوو بە خێرایی ڕووەو کۆتای دەچوو، وەهاکە هەر ساتێکی وا وێدەچوو چاوەڕوانی ڕوداوگەلێکی لێ بکرێ. هەموو کەس بێ دەنگ ببوو، دەتكووت هەر کەسەو ڕۆڵی خۆی لەسەر شانۆ دەبینێت. من خودی خۆم وام هەست دەکرد کە ڕوداوەکان بەسەر مندا دەگوزەرێن. تێکەڵ بە ژیانی شانۆ ببووم، دڵم خێرا خێرا دەیکوتا. دەمزانی بەشی سەرەتای شانۆ، واتاکەی سەرەتای ژیانی هەرکەسێك بوو، بەڵام بەشی نێوەندی لەو ساتانە دەدوا کەمرۆڤ ڕۆڵێکی گەورە لە ژیاندا دەبینێت و وەکو کەسێك کەهەیەو ئامانجی هەیەو هەوڵ دەدات.
بەشی کۆتاییەکەی ترسناك بوو، بەرەو شوێنێکی قوڵ و ترسناك و تاریك پەلکێشی دەکردیت. کۆتایی شانۆ سەرەتای مەرگ بوو. مردن کۆتایی بە شانۆکە دێنا. هۆڵەکە سەراپا چوون گۆڕێکی گەورەی لێ هاتبوو. وەهاکە چیتر گەڕانەوە بۆ ژیان کارێکی مەحاڵ و ئەستەم بوو. لەهەر لایەکت ڕوانیبا ڕەنگ و دەنگ و دونیای مردنت دەبینی. پاشان بە پچڕاندنێکی ناباو شانۆ لە نێوان ژیان و مردندا کوتایی هات. وەلێ بەردەوامیەکەی لە ڕوخساری هەریەکە لەبینەران نیشتبوو، هەموو تەماشاکەران لەسەرەتای شانۆدا ژیانیان هێناو لە نێوەندا تێپەڕیان کردو لە بەرابەر مردندا ڕایان گرت. دوایە هەموو زەینیان لەسەر یەك شت جێهێشت، ئەویش تەنیا مەرگ و مردن بوو.

تەمێکی خەست و پەست لەسەر  هەوای هۆڵەکە نیشت. دەتووت تۆزی مردن لەو تاریکیەدا گەڕاوە، دوایی کاتێك هۆڵ ڕوناك بۆتەوە ، ئەویش وە دەرکەوتو وە. بولێڵەی مردن پەستانی خستبووە سەر دەرو ون و بیری هەر کەسێك. لە بەرئەوە خەڵکی پەست و هەراسان لەوێ بە دەرکەوتن.

دوای ئەوەی بەدیار میــتـــراوە کەمێك لە هۆڵەکەدا ماینەوە، پێکەوە هەموو گەڕاینەوە. لەسەر شانۆکەو زۆرشت دوایــن. پێـــش ئەوەی من لێیان جوودا بمەوە. موحەمەدی زەردەشتی وتی:

_تەواو......هەموو شتێك تەواو بووەو بەیانی ئامادەبە، با زوو بپرێتەوە!

_ئامادە دەبم!؟

تەماشایەکی میتـــیام کردو لەشتگەلێك کەلە چاوەکانیدا هەبوون، تـێ نەگەیشتم. دوایی ماڵئاوایم لێ کردن .

شەوم لە بنەوەی مەستی دا لەنگەری گرت بوو، بە ئەستەم کات ژیانی دەجوڵاند. هەر چرتەیەك تێیدا من سەدەیەك ئەزمونی نیگەرانی و  مەراق، خەفەتم تێدا خـەفە دەبوو. وەهاکە چو  ون خێوێکی خەفەتاوی لەبنەوەی شەودا گیـرم خواردبوو. چـرتە چـرتی خەواڵوی کاتـژمێر منی لە وەتاغ هەراســان و بێزار دەکرد. مـن لە نێوان زەنـگی هەر چرتەیەکدا هەراســان و تورە ڕادەچەنیم، بینیم سێبەری شەو هەموو هێزی شو   ومی خۆی و تارمایی لینجی، بەقەرا هەستـی بە ئــازاراوی من دەئاخینە دەماراویـەکانی دڵی ژیـان.

هەستم قوڵ و بەرینی لێ هاتبوو، فەنتاسیم بەسەر تۆزی تاریکایی شەودا دەکشــــاو لە هەوای ژیاندا ڕەها دەبوو. بیرم بیری دەکردەوەو زەمەنی سروشتی خەیاڵەکانمی لێك دەداوە. خۆمم لێ ببو    وە جندۆکەو جەندەکی خۆمم ئازار  دەدا. دوایە بیرم لە ئێش و ئازاری بێ کەڵکی نەستی خۆم دەکردەوە. بیرم لەو دەمارانەی هەستم دەکردەوە کەمن تێیاندا خوێناوی بب   ووم. خوێناوی بەو ئەوینەی زامی سەرسەختی سەردڵم.

لەسەر جێگا دەتلامەوەو دەتلامەوە، زەینم لەسەر نو  وکی خەو گیردەکرد. تا بەڵکە خەوم لێ بکەوێ، وەلێ هەر هێندەم دەزانی لەبەرخۆوە ورتەم لێوە   دێ و دەربارەی شتێك کە هیچـم لێ نەدەزانی نیگەران دەبووم. کاتێك گوێم بۆ   دەنگی خۆم هەڵدەخست هەموو زەینم لەسەر     ئاگایی و بێداری کۆ   دەبـووەوە. دیسانەوە دەتلامەوە. هەستـێك وەهای لـێ دەکردم نیگەران بم، بۆخۆشم نەمدەزانی ئەم پەستیەم لە چیەوە دێت. دڵم دەیکووتا، چەندجار کۆخیم و ئاخیرەکەی هەڵهاتمە بەر پەنجەرەی وەتاغ. ڕووانیمە پەڵەی چڕو خەستی شەو. بینیم نهێنیەك، بەڵایەکی شوم ، وەك خەرمانە لە تاریکی دڵی شەودا خۆی نیشانی مـن دەدات. لێی ورد بوومەوە. چاوەکانم کەوا دەهاتنە بیرم دەرپەڕیوون، هەڵدەگلۆفی، دڵنـیا نەبووم، لەو نهێنیەی کەلە نێوان سۆمای کزی چاوەکانی من و زەڕەکانی شەودا هەبوو، وتـم  "وێدەچێت چاوەکانی من ماندوبن "، بەیانی بە زرمە زرم و ناڵەو هاواری نەنە وە خەبەر هاتم، چەندجاران بە دەرکەی کوتا، دەیووت:

_"ئەی خودا چ بەڵایەك لەمە زیاتر!"

خێرا لەسەر جێگا دەرپەڕیم و بەنەنەم وت:

_چ بووە، ئەم هاوارو بەڵایەت لەچی یە؟ نەنە دەیووت:

_پتر لەوە...... پتر  لەوە! ئەمە چ بەڵایەك بوو، ئەی خودایا...!، هەر ئەوەندەم بیست و چاوم بە خێزانی محەمەدیا کەوت، کە لەپەنا دیوار ڕەنگی هەڵبزرکا بوو، لەبەر خۆیەوەو لەبێ هۆشیدا دەیوت:

_دەتان نێرم بۆ جەهەنەم.........خودایەك هەیە، دوایی دەیووت:

_من چیتر ژیانم ناوێت.....ژیان بە کەڵکی چی دێت؟

سوور هەڵگەڕام، سەرم قورس بـوو. گەرمایەکی کوشندەم تێدا دەگەڕا، لێو   وەکانم دەلەرزین. دەترسام، من دەترسام. خۆفم لە دەنگی گریانی خێزانی موحەمەدی زەردەشتی دەکرد، نەنە وتی:

_ڕاکە! وێرانیان کردوە ماڵە خان، ماڵە وانیان  وێران کردوە.

هەڵاتم و خۆم گەیاندێ، ئەژنۆکانم تێکشکان، خوێنی دەڵەمەی لیچقن و سارد، خوێنی تەزیووی دەرپەڕیوو بیری منیان سڕووکرد. چاوەکانم دەرپەڕین. نەگریام، حەپەسابو  وم. نە تفم قـوت دەدا، نە هەناســەم دەدا. ئەوان هەرسێکیان مردبوون. خوێن لە لەشـیان دەردەپەڕی. هەرسێکیان بەکێرد دڵیان دەرهاتبوو. دڵی

مەحەبەت و میهری مـیــتــیا لە هەوادا لێی دەدا، یانی مــن دەمەویست لـێ بدات. میتــرا بە چاوەکانی و بەخـوێنـی سـەر لەشی، تەماشای ئاسمانی دەکرد. سەیری ئاسمانم کرد ، هیچم نەبینی هەربــۆش بوو. هەزار جۆوم بە ئاسمان و یاساکانی دا. تورە بووم، هەرشتێك بەردەستم دەکەوت بەرەو ئاسمان حەوام دەدا.

پاشان هەستم کە بەستبو وی، خاو بۆوەو سـەرتاپامی داگرت، گریام، من بەتەنهایی گریام. نەمدەتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم. ئەوان مردبوون، میتــراو مـوحەمەدی زەردەشتی و علیارخان. لە پاڵ وان لێی ڕاکشام. خۆم لەنێوو خوێنی وان هەڵدەسوو. خوێنی سـەر دڵی مـیــتــرام تێــکەڵ بە ڕۆحی خۆم دەکرد. من جەزب بەگیانی ساردی وی ببـو وم. دەتکوت گیانی ئەو لە لەشی من دێتە دەر. ئارەزو وم بوو ئەوە دواین ساتی ژیانی من بێت. من خۆ ژیانم مرددبوو، بەمن چی کات و سات. نەمدەویست بەبێ ئەوان، بەبێ میتــرا زەمەنی دۆزەخی ژیان تێ پەڕ بکەم.

چەند خولەك دواتر لەوێ وە دەریان نام و ئەوانیان سپاردە گۆڕ. لەوە بەدوا من مرد ووترین بنیادەمێك بووم کە لەنێوو ژینگەو ژیانی زیندو وانـدا سەهـمی بوونـی خــۆمم دەگوزەراند. مــن دوا بەدوای مردنی وان، مردبووم و بیرم، فکرم ، فەوتا بوو. بەڵکە جۆرە ئیشتیایەکی فەوتانم لەخۆدا هەست پێ دەکرد. من کە میــتــم لەدەستدا، بوومە خۆرەی داخ و مەراقێــك کەچوون کرم گەلێك لەسـەر لاشـەیەکی پواو دەژین، ئاوا داخ و مەراق لەسـەر چارەنوسـی من ژیانیان دەکرد.

ژیانم گۆڕا، سـەراپام ببو ویە دەردو ئازارگەلێك کەخۆم چێژم لێیان وەردەگرت، لەبەرابەر نەبوونی میــتـــرادا چێژم بە بیری مردن و ئازارو حەسرەت وەردەگرت. بۆچی من دەمتوانی چیتر ئەو چاوانەی نەبینم کە سۆماکانی هێزی گیانی من بوون. من لەئەنجام مردنی وان ، مەحکوم بەمەرگ و مەراق کرام. میـتیـم هێشتی من لەم جەهەنەمەدا تەنیابم، هێشتی تەنیایی بێتە نێوو ڕۆح و هۆشـمەوەو دڕدڕی بکات. من لەدوای ئەوان، لەدوای مـیــتـــیا و چاوەکانی، وەك ئەو گریانانەم لێ هاتبوو، کەدڵێـــکی پڕ لە توندترین ساتە وەختی هەستی دا دەری دەدات. بووومە خودی مەرگ و تەمام بـــۆ زیندەیی خۆم گـرت بـوو.

نا...، ئیتر من نەمدەتوانی ئەوم نەبێت، چوون بــیابانی بوونی من ئاوی هەبوونی ئەوی دەویست. چونکی ژیانم بێ ئەوینی وی ، وەکو ژارێك وابوو کە زاری ب‌وونم هەستی پێ دەکرد. من دەمزانی کێ ئەم بەڵایەی بەسـەردا هێنام، چەندینجار کێردم هەڵــگرت و تە مام گرت هەقی داخ و مەراقی خۆم لە داودی بەد وەرگرمەوە. وەلێ کە دەچوومە ئەوێ بــێ کەڵك دەگەڕامەوە، چون ئەوان هەڵاتبو ون. دواجار دەمەویست هەر جۆرێك هەیە کارێك بکەم بۆ ئەوەکە ئەو برینانەی سـەردڵم تەواو بکەم. بەڵام کاتێك بەوێ گەیشتم ، لەسـەر لقی درەخت دوو چاوە زیت و ماناداڕەکانی کوندە پەپو وم بینی. بە چاوی بەدو جادو ئاسا لێم مۆڕ دەبۆوە، من هەڵاتم و چیتر نەموێرا خۆم بگەیەنمە ئەوێ.

چەند ڕۆژ دواتر لەماڵ بە دەرنەدەکەوتم. نەمدەویست تێکەڵ بە هەوەسـی ژیـان بم و ئەوان هەروا فەرامۆش بکەم. دەمەویست هەر لەگەڵ ئەو ئازارانەی بیرەوەری خـۆم دا بژیم کە بۆ من ژیانێکی دیکە، دونیایەکی دیکەبوون. دەمەویست هەر ئەسیری ئەو دەردو ئازارانە بم و تەوام کەن. دەمەویست کات و وەختی خۆم بۆ ئاخ و داخ و بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی زوو تەرخان بکەم، کە پێکەوە زیندو بو وین و لەنێوو هەستی مەستیدا مەست بو وین. نـا... نەمدەویست وە دەرکەوم. ژیان و ئەزموونێکی دیکەی بێ کەڵك ئەزموون بکەم .

ئاخیرەکەی ڕۆژێك بیرم لە میچی ژو ور گیرساوە، هەستام و وەکو شێتان پڕم بە تریاکیدا کرد. تریاکم وەکو چەکی دژی ژیان بە کارهێنا. دەمەویست خامۆش و لەبیرکراوی خـۆم بم. هەندێکیم بەقەرا چەند گرەم دە مستمدا گڕداو چو ون ئەو بۆنەی تینوی بـووم، چ وون بۆنی بوونی میــتـــرا هەڵمرمشــت. لەپی دەستم داخ بوو، بەڵام هێشتام ئازارم پێ نەگەیشتبوو ، بۆن بەنێوو ناخمدا ڕەهابوو و بو ومە کەسێکی تر، نا بوومە خودا. فەنتاسیم بڵاو بۆوە. بیرم مەستانە بەسـەر ئاسمان و بووندا زاڵ بوو و بوومە کەسێکی سەوتر لەخۆم. سەروتر بووم لە خودایەك کە ئەفسانەکان لێکی دەدەنەوە. لەو خودایانەی کە سازکراوی بیـری بن ئادەمیەکانە. بە هەوەس بیرم لە چەندین زەمەنی جودای ژیانی خۆم دەکردەوە. وەهاکە تەنیا هۆشـم لەئاگایی دەرەوەی سروشت کاری دەکرد. تەنیا هۆشـم لەکاتە جیاوازەکانی ژیانی خۆم دەگەڕا، ژیانە دو ورو نامۆو و لێك

پچڕاوەکان. هۆشم وەکو هەورێك بەسەر ئاسمانی ئەو سەر زەمینەدا دەگەڕا، کە میــتــرای منی تێدا بوو و لەزەمەنی زوودا پێکەوە بووین. زەمەنی زووم لەپای تریاکدا بەڕوونی دەهاتەوە بیر.

بۆ ئەوەکە خۆم بفەوتێنم، نا....بۆ ئەوەکە خۆم بسازێنم لە ژیانی دوای ئەو. خۆم مەحکوم بە تریاك کرد. من ئەگەر تریاکی نەبا بیری ژیان، بیری میــتــیا دەیفەوتاندم. تریاکیم دەکێشا، نا...دەرمانی ئازادکردنی مرۆڤم دەکارێنا، دەرمانی ئازادکردنی ڕۆح لەڕەگ و ڕیشەی ژیان. دەرمانی ئازادکردنی بیر لە بەردەوامی و هەمیشەیی ڕۆح. مژم لە تریاك دەداو لە پەنجەرەی وەتاغەوە پەردەی زەمەنم لادەداو بە فەنتاسیم بەسەر یــاســاکان و بەشەریەتدا دەفڕیم. بەسەر ئەو ئەفسانــانەدا دەفڕیم کە بیری تریاکاویم ســـازی دەکردن و کەیفم بە خامۆش بو ونی خۆم و بێ کەڵکی و پوچی ژیان دەهات. چەند یرجـــار تریــاکیم دەکێشاو هەڵدەهــاتم، یـانی لەخۆم جودا دەبوومەوەو ژیانێکی دیکەم بـۆ خــۆم ســاز دەکـرد.

چەند ڕۆژ دواتر هەر لە خۆوە بێ ئەوەی تریاك بکێشم لە ماڵ وە دەردەکەوتم و چەنــد کۆڵانم کرد، وەلێ لەنێوو خۆمدا هەوڵم دەداو نەمدەویست زەینم لەسەر هیچ شتێکی پەیوەست بە ژیان بگیرسێتەوە. لە خۆمدا هەوڵم دەدا بیرە ڕێکەکانم بپارێزم و تێکەڵ بە بیری ژیــان نەبن. دوایی بە ڕەوتـی خێــراو بە ئــارەزو ویەکی شێـــتانەو حەزیـایـەکی مەســتانەوە دەگەڕامەوەو بۆنی میچم هەڵدەمشت.....

درووست لە بیرمە ئێوارەیەکان لەمیچی وەتاغ تریاکیم دەرهێناو کێشام، پاشان هەر لە خۆوە لەماڵ وەدەرکەوتم. هەستێکی پان و بەرینم هەبوو. هەوای ئێوارە بەجۆش و خرۆشەوە درێژەی بە هەستەکانی من دەدا. چەند کۆڵانم بڕی و دو ور کەتمەوە. بە لەونێ دەتـ ووت دوای ئەفسانەی خەیاڵ و مەستایەتی بیرەکانـم کەوتووم. چــێژم لە ڕەوتی شــل و گەرمی خۆم وەردەگرت. کەیفم بە گوشرانی هێزی تریاکی دەهات. دەتکوت لەسەر ئــاو پێــیان هـەڵدەگــرم. نەرم دەمکو وتا بە زەویداو هەستم بە هیچ هەســت و بو ونێکی خاکی لە خۆمدا نەدەکرد، یانی ڕەوت و فکرێکی ئاسمانیم تێدا پێك هاتبوو.

وەخت بوو خۆر لە ئاسۆدا نوقم بێت، ئاسمان و هەوا گۆڕا بوون. لێڵاویی و تەڵخی و تـۆزی مردن لە ڕەنگی ئاسمان و ئێوارە نیشتبوو، لەناکاو لە پێش خۆمدا شتێکی سەیرم بینی. بە دو وری چەند هەنگاوێــك خودی ئەوم وەپێش چاو کەوت، یانی میتــرا. جێگای باوەڕکردن نەبوو و کەسیش باوەڕ ناکا، من هەموو هۆش و زەینی خۆم کۆکردەوە تاوەکــو دڵنیابم. هەستی تریاکاویم لە خۆدا دەرکرد. بینیم بە هەمان ڕەوت و لەشێك کە میتــرا هەیبوو ، هەنگاوی هەڵدێناوە. نا....ئەمە ئیتر خـودی میتــرا بوو. خودی فریشـــتە ونب ووەکەی من. دڵنیابووم. من ئەمەم چەندینجار بەم چاوانەی خۆم بینی. واوێدەچـوو ئەمە خودی میتــرا بێت. من دڵنیا بووم لەوەی کە ئەمە میـتـــرایە.

گیانم گڕی گرت، هەستێکی ترسناك و تیژ دەیلەرزاندم، دەترسام و خۆفم لە گومــان و ڕاڕایی خۆم دەکرد. بێ ویست و ئارەز وو تەزوویەکم تێدا دەگەڕا. قامکەکانم دەلەرزین. لێو وەکانم وشك هەڵاتبوون. دڵم بە پرتاو و زیاتر لە جاران دەیکووتا بەسینگمدا. قورگم نوسا.

جورئەتم نەدەکرد گازی بکەم. دەترسام گازی بکەم و ئەو نـووقم بێت. دەترسام بە گڕی دەنگی من بتوێتەوەو فەنابێت. ئەو لە پێشمەوە هەنگاوی دەناو من دوای کەوتبو وم. زەینم خستبو وە سەر هەنگاوەکانی خۆم و ئەو، بە تەواوەتی هۆشم بە خۆوە بوو و کاریگەری تریاکم لە خۆدا نەهێشتبوو. دونیا تاریکی کردو بە هەمان ڕەوت و بەهەمان ترپە ترپی پێ لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بو وین. چەندجار کۆخەیەکی پیس بەرۆکـی گرتم، وەلێ زۆرم لە خۆ کردو نەکۆخیم.

لە کۆڵانێکدا بای داو وەو منیش خێرابام داوە، بێ دەنگ یەکی بەسام خۆی مات دابوو و جگە لەدەنگی پێیانی من و ئەو هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسرا. لەدڵی خۆمدا وتم "تازە...وێدەچێ هەستی بە من کردبێت".

چەند خولەك دواتر کاتێك بەردەوام بو وین لە هەنگاونان، لە پڕێکدا ئەو پێی لە شتێك گیربوو و خۆی داچەماندەوەو منیش هەر هێندەم پێ کرا، خۆم فڕێ بدەمە پەنا دیوارێـك. هەر ئەوەندە خۆم دایە پەنا دیوار ، دونیا لەپێش چاوم گۆڕا، ئیلهامێکی دو ورو درێژم پێ کرا. ئەزمو ونی زەمەنێــکم پێ ئیلـــهام کـرا. من ئەو شوێنەم دەناسـی و پێی ئاشـنابو وم، وەهاکە دەتکوت چەند ین ساڵ لەوێ ژیاوم. تەماشای سەرەوەی خۆم م

کرد، بینیــم سێبەری بەسامی درەخت خۆی بەسەرمدا شۆڕ کردۆتەوە. ئیتر دڵنیابووم لەوەی کە پێم ئیلهامی کرا، بەقەستی دەپەنا دیوارو لەبن درەخت خۆم حەشاردا، تا ئەو دیسانەوە وەڕێ کەوتەوە.

بە هەمان ڕەوت و دەستو وری پێشوو دوای کەوتمەوە. بەڵام ئەو چەند هەنگاو دواتر لەبەر دەرکەی ماڵێك وەستاو دەیەویست وە ژوورکەوێت. هەوا تاریك ببوو، کۆڵان چــۆڵ بوو و بــێ دەنگی لەپشت هەموو شتێکەوە خۆی مەڵاس دابوو. بە دەنگێك کەلە خۆمدا هەستم پێ نەکرد بوو، وتم:

_مـیـتــرا...!، ئاوڕی داوەو وتی:

_هاتی......ئەوە تۆی؟، ڕەنگ لە ڕوم پەڕی، پرسیم:

_تۆ مرتــرای.......بەڕاست تۆ ئەوی؟ پێکەنی و وتی:

_گومانم لێ دەکەیت!؟ ئەی دەتەوێت کێبم، دوایی وتی:

_زانیم بەدوام کەوتوویت، بە دەنگیدا دیاربوو زۆر شەرمی دەکرد.

من ترساو و حەپەساو، هەناوم شەیپوری لێدەدا، ئایا دەکرا ئەو زیندوو بوبێتەوە.....نا، ئیتر نەمدەزانی چی ڕوودەدات. وەلێ ئەوەی کە هەبوو پروام پێی هێـنابوو، چون کی هەقیقەت بوو. نەدەکرا نکوڵی لێ بکرێت. چونکو من لە قاڵبی ژیانێك دراببووم کە هەر لەوێدا ئیلهامیم پێ کراو هەر لەوێشدا زەمەنێك بوو ئەوم خۆش دەویست. من خۆم تەمام بۆ ئەم دیدارە گرتبوو لــەبەر ئەم دەرکەیەدا. بەڵام چیتر لەکات و زەمەنـەکەی دڵنیا نەبـووم. هەر ئەوەندەم پـێکرا، لێی نزیك کەوتمەوەو پەنجەکانی دەستیم گرت و وتم:

_نیگەرانت بووم، خەریك بوو دەمردم! بەڵام ئەو هیچ حاڵی نەبوو. سەرێکی باداو پرسـی:

_لە چی نیگەران بوویت، خۆ شتێك نەبووە!؟

هەرزوو پەشـۆکا بووم. بەڵام خێرا بابەتەکەم گۆڕی و وتم:

_منت خۆش دەوێ....نا؟، سەری داخست و لەژێر لێوەوە وتی:

_ئا....هەر زۆر!

هەستێکی سەروتر لە هەستی خۆم وەهای لێکردم ، پری پێدا بکەم و بینووسێنم بە خۆمەوە. هەستم بە ڕۆحی میهرەبانی کرد. ئەو میهرەبان و فریشتە بوو، چاوم لـە چاوە دڕو پـانەکانی بڕی و کۆنتڕۆڵم لە دەســت دا. دوو لێوە تەڕەکانیم مـاچ کرد. چەنــاکەی چوك و ڕوومەتیم ماچ کردو ئیسراحەتم کرد. لە پڕێکدا هەر هێندەم زانی دەرکە کرایەوەو ژنێك کە واوێدەچوو دایکی بێت وتی:

_ئەوە تۆی مـیـترا........درەنگ کەوتی؟ دوایی منی بینی ، تورە بوو و دەستی میتـرای گرت و بردیە ژوورەوە. پاشـان گەڕایەوەو دووچاوە هەراسانەکانی خۆی تێبری. من هەراســان لـەوێ وە دەرکـەوتم. خۆم گەیـاندە پەنـا دیوارو ژێر سێبەری تاریك و بەسامی درەخت.

هەوا سارد ببوو و هیچ دەنگێك نەدەبیسترا. تاریکاییەکی خەست و چڕ هەموو شوێنــێکی داپۆشیبوو. عارەقەم دەردا، بۆنی شەڕاب و شەوێکی نهێنــی ئـامێزم لێ دەهات. بۆنی زەمەنێکی نادیاری سروشتم لێووە دەهات......بۆنێکی سەیر!

# بەشی دەیەم

هەرکە بەیانی بۆوە ، هەڵاتم و خۆم گەیاندە بن سێ بەری درەختی کاژ، لەپەنا دیوار هەڵتروشکام. بیرم دەکردەوە، بیرم لەو قسانەی میترا دەکردەوە کەلە بەردەرکە وتبووی:

_وای......خوا بکا نەبوویێت بە بەرد!

دوێنێ ئێوارێ بە ئاگابوو وم کە ئەوان لەماڵ وە دەرکەوتن و بەپێش مندا تێ پەڕبو ون. من چاو و لێوەکانی میتیم چاك بینی. چاك بینیمن و زانیم کە ڕۆحی من لە کەناری ئەو لێوانەو لە نێوو بازنەی چەماوەی ئەو چاوانەیدا گیرساوەتەوە. زانیم کە درزەکانی ڕۆحی بو ونی من، دەیانەوێت چەند دڵۆپ، نا......چەند گەرد لە ئاوی ئەو لێوانە هەڵمژن. من بینی بووم کە ئەوان لەماڵ وە دەرکەوتن و درەنگانێکی شەو گەڕانەوە. من لە هەموو شتێك پتر لەوە دڵنیا بووم.

لەپەنا دیوار ئەوەی کە نەدەبوو ڕوبدات ، ڕوی دا . یانی قابیلی ئەوە نەبوو ڕوبدات. من لەئاکام ئەو ڕوداوە بیرم تەرت و تەنا بوو و فەوتام. هەروا کە دانیشتبو وم بینیم دەرکەی ماڵە میترا کراو وەو ژنێك کەوا وێدەچوو دایکی بێت، بە تورەیی و بەدوو چاوە هەراسانەکانیەوە ڕووبەڕوی من هات. من لەجێ و شوێنی خۆم ویشك هەڵاتم. ژنە هات و وتی:

_دەتەوێت ئاپرومان بەریت، بۆچی دەیەڵم ئەو کچەیەم لێ بسەنی، دوایی بەدەنگی بەرزو بە قیژە قیژ دەیوت:

_ئەمشۆ لەبەر دەرکەی ماڵە من چیت دەکرد ها!؟ بۆ لەکچەکەم ناگەڕێی. کارێکی چاکت پێدەکەم، لەم کۆڵان و دەوورو بەرە ڕیسوات دەکەم. دەتەوێت هەروا ئاپروم بەریت. هەی بە سندان بیت، هەی گەوج.

لەتاو هاوارو قیژە قیژی وی ، خەڵکی کۆڵان لە دەو ورم کۆبوونەوە. لەبەر دەرکە میتیام بینی جۆرێك تەماشای دەکردم، چاوەکانی پیس مانادار بو ون. من ئەبلەق بب ووم، هەراسان بە خەڵکیدا دەمڕوانی. نەمدەزانی بۆ هەروا سەرکۆنە دەکرێم، بۆ هەر لە خۆرا خەڵکی بەچاوی س ووك تەماشام دەکەن. ئایا هەر بەڕاست من دەمەویست ئاپروی ماڵە وان بەرم !!؟

نا...، ئەمە ئیتر جۆرێکی تربوو، من لە عالەمی خۆم و خەیاڵ و خەون و بیرەکانم ، شەو لە بەردەرکە لێوەکانی میتیم ماچ کردبوو. من دوایی فەنتاسیای خەیاڵەکانی خۆم کەوتبو وم، کەچی ئەمێستا ئەم خەڵکە هەر بەڕاستی ئەم هەراو هورایەیان لێکدەدایەوە. لەپڕ وەبیر خەیاڵەکانم کەوتمەوەو بینیم دەعالەمی خەیاڵدا، ئەو جێگاو شوێنەی پێم ئیلهامی کرا ، هەر ئەم بن دیوارو پەنا درەختەبوو. ئایا من هەر بەڕاستی هەستابومەوەو ئەو کارەم کردبوو؟، یانی شەو دوای ئەو کەوتبووم. نا....من ئەوم لە شەقام و کۆڵانەکانی عالەمی نێوەوەی خۆمدا بینی بوو و دوای کەوتبووم.

ئایا هەموو ئەم خەڵکانە بو ونەوەری خەیاڵی من بو ون؟ من هەر لە خەیاڵمدا ئەمانەم سازو ئەفراند بوون. ئایا من چو ون خودا توانای ئەفراند نی خەڵکیم هەبوو. نا، لەپڕ هەستێکی ترسناك دایگرتم، وتم "وێدچێت من هەر نەبم، هەموو ژیانی من بیرو خەیاڵی وان بێت. وێدەچێت ژیانی ڕاستەقینەی من خەیاڵ بێت. خەیاڵی پوچ ".

کێ ئەمە دەزانێت؟ ئایا من هەر بەڕاستی دەژیام؟، ئایا من هەر بەڕاستی دەژیام و بیرو خەیاڵم دەکردەوەو دوای ژیانی خەیاڵەکانی خۆم دەکەوتم!؟ ئەی بۆچی ئەو ژنە یانی دایکی میترا وەهای لێ کردم. یانی ئەوان سەهمی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیان دەنێوو عالەمی خەیاڵەکانی مندا هەبوو. ئایا هەموو خەیاڵەکانی ڕابوردوی من، ئەو هەموو هات و هەرایەو تریاك کێشان و شەڕو جنێووە ژیانێك بوون. ئایا من هەر بەڕاستی ئەو ژیانانەم کردبوو؟.

نا...ئیتر هیچ کەس بڕوا ناکات. کێ بڕوا بەژیانی دوورو درێژی ڕاستەقینەی عالەمی خەون و خەیاڵی من دەکات. کێ بڕوا بە ئەزموونی ڕاستەقینەی زەمەنێکی ژیانی نادیاری من دەکات. نا هیچ کەس بڕوا ناکات.

هەستێکی عەبەسی ترسناکی وەهام تێدا پێکهات، کە هەموو ژیان و بیرەوەری و ڕابو وردویەکی منی تێکدا. من لەئاکام ئەزموونی ژیانگەلێك لە شوێن و زەمەنێکی تردا، لە دونیاو ئاسمان و هەوایەکی تردا ، تەرت بووم. بۆ خۆشم نەمدەزانی کامە ژیان وجو ودی ڕاستەقینەی من پێك دەهێنێت، کام وجو ودی من لەم دوو ژیانەی تێم پەڕاندن ، ڕاستەقینەن. ئایا من خاوەنی دوو هەبوونی ڕاستەقینە بووم. ژیانێکی دیکە پەیوەندی بە بوونی منەوە هەبوو!؟

من ژیانێکم لە عالەمی نێووەوەی خۆمدا تێ پەڕاند، چاك هەستم پێ دەکرد. کات و زەمەن و شوێنی کاریگەری لەسەر من هەبوو. ئەوێ ژیانێکی پەتی ڕاستی بوو و هەموو سروشتێکی ڕاستەقینەتر بوو، لە سروشتی ژیانی ڕاستی کە لەپەنا دیوارو بن سێ بەری درەختی کاژ دەمگوزەراند. ئەوێ عالەمی حەقیقەت بوو و تەنیا من هەستم پێی کرد. وێدەچێت ژیانی ڕاستەقینە کە دەپەنا دیوار دەمگوزەراند، چرتەیەکی عالەمی خەیاڵ بێت، کە من ئەزمونم کرد. ئەسڵەن کێ دەڵێت ژیانی ڕاستەقینەی بن دیوار کەمن پێم ڕاستی بوو، هەقیقەت بێت. نا...وێدەچێت ئەو ژیان و ئەزمونەی کە کردم ، هی زەمەن و کاتێکی تر بێت. کاتێکی زوو، زەمەن و سەردەمێکی ترو ئەمێستا کاریگەری هەبوو بێت لەسەرم. وێدەچێت ژیانی ڕابوردوی من هەر ئاوا بو وبێت و من بەهۆی خەیاڵ و فەنتاسیم پێیان ڕاگەیشتم. دەنا چ پەیوەندیەکیان بە ژیانی ئەمێستاوە هەبوو کە تێکیان شکاندم.

من پتر حەسرەتم بۆ دونیاو ژیانی نێوەوەی خۆم دەبرد. نیگەرانی ئەو ڕوداوانە بووم کە بەسەرمدا هاتبوون. من کەیفم بە ژیانی خەیاڵی خۆم دەهات، چێژم بە بو ون و زەمەن و شوێنی ئەوێ وەردەگرت. لەبیرو فکری ژیانی ئەوێی خۆم چێژم وەردەگرت و خووم بە زەمەنی نادیاری ئەوێی خۆمەوە گرت بوو. پتر ئەوێ خاك و ئاو و ژیانی کاریگەری لەسەر من هەبوو، تاوەكو ژیانێکی دیکەی بەم جۆرە کە هەر نەمدەویست هەبێت. خۆم چێژم بەو مەحەبەتە وەردەگرت کە لەبەرابەر میتراى ڕاستەقینەدا هەمبوو. دەمەویست مەحەبەتی وی بکەمە ژیان و سەرزەمینی خۆم.

من ئەوم خۆش دەویست، پتر لەوەی کە بیرم لە وجودی ڕاستەقینەی خۆم کردباوە. وەختم بە مەحەبەت و میهری ئەوەوە لەبن دیوار سەرف دەکرد. ئەمە کاریگەری لەسەر من هەبوو و منی بە چەند ژیاندا تێ پەڕاند. چەند زەمەن و شوێنی نوێم تەی کردو لە ئاکام وەخت و وجو ودم لێ شێوا. من ئەگەر مەحەبەتم بۆ ئەو نەبا، کارەکە وەهای لێ نەدەهات و چەند زەمەن بۆ پێش ئێستا، یاخود بۆ ژیانێکی دیکە نەدەگەڕامەوە. ئەوە میهری ئەو بوو وەهای لێکردم.....ئەوە میتیا بوو!

نا...ئیتر هیچ کەس بڕوا ناکات، بەڵکەم هەر نامەوێت کەس بڕوا بکات. بڕوا کردنی خەڵکی بۆ من بە کەڵکی چی دێت. من چ پەیوەندی و حەزیایەکم بەوانەوە هەیە تاوەکو بمەوێت بڕوا بکەن. بڤ دەیانەوێت بڕوا بکەن یاخود نا. ئەوان بە قەرا شتێك کە کەڵکی نەبێت بۆ من گرنگایەتیان نیە. من پتر کەیفم بەوە دێ کە ئەوان باوەڕ بە دوو سروشتی جیاوازی من نەکەن. خۆم ئەمە چاك دەزانم و دڵنیام.

حەپەساو شل ببو ومەوە، هەراسان ببو وم. وەلێ ئەوەی کە هەبوو بڕوام پێ هێنابوو و دەمزانی کەمن کەسێکم جیاوازم و سەروترم لە سروشتی ئەوان. من جۆرێك لە گیانێكی ڕەها، یاخود بوونێکی ڕەهام هەبوو، دەبوو لێیانەوە دوور بم.

لەپەنا دیوار هەستامەوەو لەژیانی بن سێبەری درەختی کاژ هەڵاتم و، دوای ژیانەکانی خەیاڵی خۆم کەوتم. دوای فەنتاسیاکانی سروشتی جیاوازی بو ونی خۆم کەوتم. دوای ئەو ژیانانە کەوتم کە چێژم لێیان وەردەگرت. نا، ئیتر دوای میتراکانی دیکەی ژیانی خۆم کەوتم......!!

# له جییاتی کۆتایی

ماندو بوومه، ئێشێك جاره جا ره له کەلەی سەرم دەدات، کەمێك پێش ئێستا هەستامەوەو پەرداخێك ئاوم خواردەوە، هێشتام هەر خەریکی نوسینم و دەمەوێت تا چەند خولەکێکی تر بنووسم. ئەو پەڕانەی که نوسیوومن لەسەر مێز کەڵەکه بوون و به بینینیان مرۆو توره دەبێت. لەنێوو پەنجەکانمدا قەڵەمێك هەیە، دەڵێی بیری من دەنێویایەو بەپرتاو و به ویستی من دەنوسێت. پەنجەکانم هەڵمستابوون و هەرئێستا تەقاندمن. دیسانەوه ئارەزووی خواردنەوەی ئاو دەکەم، بەڵام جارێ دەمەوێت بنووسم، کات لە چواری ئێواره لای داوه، پاریس له ژاوه ژاوی خەڵکی هەراسانه، منیش هەروا. خەڵکێکی بێ شومار، خەڵکی به ئارەزووو سەربەخۆ لەخوار ئەم ئاپارتمانەی که منی تێدا دەژی ، دەبینرێن و تێ دەپەڕن. دو وجار له نابەینی نوسیندا هەستامەوەو له پەنجەرەوه چاوم لەوان کرد. له ئارەزووو ویستی ئەوان، له پەیوەندی و ژیانی ئەوان هەر مەپرسە. من زۆر پێم سەیره مامەڵه کردن لەگەڵ ئەم خەڵکانه. مامەڵه کردن لەگەڵ زمان و فکرو بیرو باوەڕێکی دیکه.

هەراسانم، دڵم دەگوشرێ. هەست به قورساییەك بەقەرا هەموو پاریس لەسەر هەستی خۆم دەکەم. ماندووم، زۆر زۆر ماندووم......من تەنیام!

دوێنێ بەیانی بۆ ئەوەکه ماندویەتی و هەراسانی لەخۆ دەرکەم. وه دەرکەوتم و سەر شەقامی بەرین و ئاپۆڕای خەڵکیم گرته بەر. هەر له خۆوه دەمەویست وەکو ئەو خەڵکه ڕەفتار بکەم. دەمەویست وەکو ئەوان پێ هەڵگرم و ئارەزووم وەکی وان بێت و دڵم وابەستەی شتێك بکەم. هەر به پێیان شەقامی بەرینی "سان میشلم" بڕی و خۆم گەیانده "لاسوغ بۆن" و "ماغی دوو"، لەوێشەوه خۆم گەیانده باخچەیەکی بچوك، له خەڵکی ورد بو ومەوه، له جل و بەرگ و ئاکاریان، تەماشایی ئەوانەم دەکرد کەله ژێر ڕوخساری سپی و پێستی جیاوازیاندا هەسته سەیرو مرەکەی خۆیان نیشان دەدا، جۆره هەستێکی ساردو ویشك. بەکڵاوی قوچەکی و لیباسێك که تایبەته بەوان و بەهەستێکی سەرووتر له هەستی مرۆڤ ، خۆیان نیشان دەدا. له ڕوخساری هەریەکەیاندا ئەزموونی ژیانێکی نوێ دەردەکەوت که باب و کاڵی ئەوان بۆیان سازکردووه.

هەراسان تەماشای ئەو جوتانەم دەکرد، کەله پێش چاوی خەڵکی یەکترییان ڕێك دەگوشی، لێوەکانیان تێکەڵ دەکردو دوایی دەستیان لەشوێنه هەستیارەکانی یەکتری وەردەدا. سەیری بەدەنی سفت و ڕووەتی هەر کچێکم دەکرد، کەله پێش منەوه ڕەتی کردبا. نەرمایەکانی لەشی ئەوانم هەر بەبیری خۆم هەڵدەسەنگاند. هەر بەبیری خۆم دەستم له سمت و ڕان و بەلەکی وان وەردەدا. هەر دوو مەمکی ئەوانم دەفلیقاندو گازم لێ دەگرتن. وەلێ دەمبینی هیچ چێژێکم پێ ناگەێت. وەهاکه دەت ووت من بۆ ئەمانه ساز نەکراوم، من هەر به قەستی دەمەویست چێژێك لەخۆمدا له بەرابەر لەش و نەرمایەکانی ئەوان ساز بکەم. بەڵام نەدەکرا ، پتر هەراسان و خاو دەبومەوەو پاشان هەوڵمدەدا ئەو هەستانه، ئەو بیرانه لەخۆ دەرکەم.

لەپڕ کچێکی تەڕو هەوەسباز که ڕوتی لەشی هەر زۆر ڕوون و ئاشکرا دەبینرا، لێم نزیك بۆوه. گۆشتی ڕان و بەلەك و باسکەکانی پتەو دەردەکەوتن و نەرمایی سمتی سفت و قۆقز دەردەکەوت. لەژێر قوماشی تەنکی گوڵدار ئەندامی ناسکی و هەستیاری وی، و سنگی دەرپەڕیو وی وەشێردرابوون. وەلێ جیاوازیان هێنده نەبوو، بەڵکه پتر مانادارترو بەکەیف تر دەردەکەوتن و شەپۆلیان بۆ چێژی بەرابەر دەداوه. من خۆ هەر سەرنجم دەدا. هات و به ڕیتمێك دەستی به قسان کرد. بەڵام من هیچ شتێکی لێ حاڵی نەبووم. پتر سەرنجی لێوو ڕومەتی ئەوم دەدا. زمانی ئەو جۆرێکی دیکه بوو، به فەڕەنسەوی دەدوا. کاتێك زانی من له زمانی ئەو حاڵی نابم، جۆرێك تەماشای کردم و پێکەنی. وێدەچێ به چاوی سووك سەیری کردبم. وتم"ئاخۆ چی وت ؟"، وێدەچێت دەیەویست من دەگەڵی بخەوم. وێدەچێت دەیەویست سێکسی لەگەڵ بکەم. وەلێ من هیچم نەوت و ئەو هەروا چوو.

لە دواوە چاوم لە لەشی نەرم و سمتی دەرپەڕیوی کرد. هەر خێرا دەستم لە نێووگەڵی خۆم وەرداو زۆرم لەخۆ کرد. فشارم خستە سەر ئەندام و دەمەویست ڕەپی بکەم. چەند خولەك خۆم مژۆڵ کرد. دیتم من کەیفم بەم کارانە نایەت. بەو حاڵە هەراسان و ماندوو دەبووم. دەتووت من بۆ ئەم کارانە ساز نەکراوم. ئەم کارو ڕەفتارانە هی کەسانی چڵێس و پیسکەن.

هی مرۆڤ و بەرە بابەکانی بوو، بەڵام من چی، من کە سەروتر بووم لە مرۆڤەکان. تێڕوانینەکانم، بیرەکانم لە سەرو سروشتەوە بوون. من هەر بە قەستی دەمەویست خۆ لە قاڵبی مرۆڤەکان بدەم.......وەلێ نەدەکرا!؟

دوایی لەباخچە وەدەرکەوتم و بە پێیان چەند شەقامی دیکەم لە "پانشیۆن" پری و هەتا وەکو نزیك ڕوباری درێژو بەرین خۆم قوتاردا. یانی تا ئەو ڕوبارەی کە پاریس دەکاتە دوو لەتەوە، جەندەکم لە ئازاردانی ڕۆح و دەروون دەرباز کرد. پاشان بە میترۆ چوومە "کوادی لاغاب" و چومە "غامبوتیا" و هەتاوەکو "غیودی لاپومپ" درێژەم بە گەشتی خۆدا.

دوایـنجـار شوێنێك کە بۆی چـووم، گۆرستانی "پرلاشنز" بوو. من خۆ نازانم بۆچی دەمەویست بێمە ئێرە، هێزێك وەهـای لێ‌کردم و هەر لە خۆوە ئارەزوو بەم گۆرستانە بکەم. کەمێك بە نێوو گۆڕەکاندا خولامەوە. دوایی گەڕامەوەو خۆم گەیاندە مەیدانی شلوقی "سان میشل "، لەوێ هەر بە هەوەس و بێ کار دەخولامەوە. هیچ ئامانجێکم نەبوو. بۆ کارێك ڕێم لەوێ نەکەوتبوو. دەپڕ ئاپارتمانێك لە شەقامی "شامپونەی سان میشل" سەرنجی ڕاکێشام و خۆمم گەیاندێ. هەر هێندەی وە ژوورکەوتم، ئەزموونی ژیانێکی دوورو درێژی سەیرم پێ ئیلهام کرا ! وەهاکە دەتکوت چەند ساڵ لەنێوو ئەم ئاپارتمانەدا ژیاوم. بە هەموو کونج و بنمیچێکی ئاشنا بووم، بەڵام هیچ کەس و خەڵکێکم تێدا نەدەناسی. من چاك ئاشنا بەم ئاپارتمان و شوێنانە بووم. یانی لەپڕ ئیلهامیم پێکرا. لەپڕ بیرەوەرییەگەلێکی ترسناك و سەیرم وەبیر کەوتەوە. وەهاکە دەتووت شێی زەمەنی بیرەوەریەکانی من لەکات و وەختی جیا جیادا ، لەم شوێنانەدا دەگەڕێ. هەر لە خۆوە ئارەزووم بەکار دەکرد لەم شوێنە سەیرو نادیارەدا. دوای ئەوەی کە کارێکم بۆ خۆ پەیداکرد، لە ترسا حەپەساو و پەشۆکاو گەڕامەوە..!

ئێستاکە بۆنێك لەژوورەکەدا دەگەڕێ، بۆنی بەرماوەی ژیانێك کە تێکەڵ بە بۆنێکی خاو دەبێت، وێدەچێت بۆنی زەمەنی ژیانی من بێت. هەستم خاو دەبێتەوە. بە گشتی تێك شکاوم. کاتێك دەمەوێت بجولێمەوە ، پێم موعجیزەیە. بەینە بەینەش هەناسەم توند دەبێت. بەڵام ئەمە کار لەوە ناکات جگەرە نەکێشم، یان ڕێگرم بێت. خۆم ئەمە چاك دەزانم. ئەوەتا جگەرەم دەرهێناو پێم کرد، پێحەسیام......

هەر بەڕاستی قەڵەمەکە لە دوکەڵی ئاڵقە ئاڵقەی جگەرەکە وەردەدەم. دەمهەوێت گاڵتە بەخۆم بکەم، لاتەکەم کەسێکم دەوێت سەری بخەمە سەر. کاتێك ئەمانە دەنووسم دەنگە دەنگێك دەبیسم کەلە ساڵۆن ناوەناوە بێدەنگی دەشڵەقێنێ. بێدەنگی لێرە چوون خودا لە هەموو شوێنێك هەیە. لە ژووری نوستن، لە توالێت، لە پشت پەردە، لە خەڵوەتی و لە پەنا دەرکەی داخراوەوە. من لەبێدەنگی دەترسم، لە هەمانکاتدا ئارەزوو بە بێدەنگی دەکەم. من خۆ هەر بێدەنگی پەرستم. بێ دەنگی ئەو مادەیەیە کە بەشێکی زۆری تەنیایی من پڕ دەکاتەوە.

پاش کەمێکی تر دەمهەوێت خۆم بشۆم، بەڵام نازانم دەتوانم ئەم کارە بکەم یان نا. چوونکی پێیەکانم بەزەویەوە نوساون و ئارەزووی حەوانەوەی زیاتر دەکەن. وێدەچێت هەر دەیانەوێت نەجولێنەوە. یاخود جۆرە هێزێکی وەها لە خۆیان دا ڕانابینن. پەرداخێك داندراوە زەینم بۆلای خۆی بکێش دەکات، ئەوەتا دەست درێژدەکەم، ئارەزووی خواردنەوەی ئەو ئاوە دەکەم کە تێیدایە، وەلێ تاقەت نابەم. یانی هێزێکی وەها لە خۆ ڕانابینم. من هەر تەنـیا هێزێـك بەقەرا نوسیـنم تێـدا مـاوە. پێدەچێت دوای نووسین ئەو هێزەش لەپـڕ نەمێـنێ.

ئێستا کات شەوە ، کەمێك پێش ئێستا هەستام و دەرکەم قەپات کرد و لەم دیوەوە بەستم. ترياكيم دەرهێناو کێشام، تاتوانیم و تینم تیابوو، تا ئارەزووم بوو هەڵمشت. ئەمێستا زەینم ساف و بێ خەوشە. چێژ

لەبێ دەنگی وەردەگرم. هەستەکانم پانن، بیرم درێژ بۆتەوە. من خۆ نازانم ئەم وشانە کە دەنوسم واتا دارن یاخود نا، یانی لە ڕوی ماناوە هەڵە نین.

بەڵام من هەر بەڕاستی ئاوام. کەسێك کە تریاك بکێشێ لەمانای ئەو وشانە حاڵی دەبێت. دەزانێ دونیا بچووك دەبێتەوەو ئەو دەفڕێت. هەر بەڕاستی من ئێستا لە بەسەر پاریسدا دەفڕێم. پاریس داگیرساوە، هەر لە کەشتیەك دەچێت لە نێوە ڕاستی دەریادا، کاتێك لەشەودا ڕوناك دەردەکەوێت. ئەوەتا دەفڕم و هەست بە هەواو تاریکی دەکەم. تادێت خێراتر دەبم و ناوچەکان تێ پەڕدەکەم.

ئەمێستا لە شوێنێکدام ڕۆژ بـۆتەوە، خەڵکی ئەم نێو وچەیە بەگشتی وریاو سرتن. چاوەکانـیان درێژن. بە گشـتی باڵا مام ناوەندن. منیـش هەروا، نازانم ناوم چ یە، بەڵام وێدەچێت ناوم "لی های" یان "سونگ" بێت ئا، بیرمە کەسێك بەو نێوانەوە گازی کردووم.

بەڵام دڵنیانیم ئێرەچ شـوێن و مەملەکەتێکە. پێدەچێت ئێرە کەناراوەکانی "سولاویـزی"بێت، یاخود "باندونخ" و جاو ا بێت. زۆریش لە کەناراوەکانی سۆمەترە دەچێت. لەوانەشە "هایکوی" چین بێت. کەشتیەکی زۆر لە نێوو ئاوی دەریادا دەبینرێت. هەندێکیان لــەکەنار دەریـــادا لەنگەریان گرتو وە. شلوق دەردەکەوێت. نا.....لە هیندوستانم، ڕەش داگەڕاوم. لە مەیدانی گەورەی شاری "بوبال" نا نەخێر "بنغالورم"، دوای فیلێك کەوتووم. وێدەچێت من خاوەنی ئەو فیلەبم، ئا من خاوەنیم. خەڵکێکی زۆر پێشم کەوتو ون. چەند فیلێکی تر دەبینرێت. ناوی من گارودە. چەند ژنێگ دەبینم زوڵفیان شۆڕکـردۆتەوە. خەنەو وسمەو کلیان بەکار هێناوە. ئاڵقەیەك لە لوتیاندا دەبینرێت و نێوکیان بە دەرەوەیە. لەو لاتر سەما دەستی پێکردوە. وێدەچێت زەماوەند بێت، شادیەکی گەورە!!

من کە ئەمانە دەنوسم لە ژێــر کاریگەری بیری تریاکاویـدام. بیرەکانم زۆر ڕو ونن. شتی سەیرم وەبیر دێننەوە. من ئەمانەم پێ ڕاستین. ئەوەتا دیسانەوە بەسەر پاریسدا دەفڕێم. لـە پەنجەرەوە وە ژوورکەوتم. نێوو چاوانم داغ بووە، دەمەوێت ڕاکشێم...ڕاحەتم!

..................................................

ئێستا ڕۆژ بۆتەوە، بەیانیە، نا...نیووەڕۆیە. تریاکاوی نیم. دەمەوێت بڕۆمە شامپ یونەو لەئاپارتمان کارێك بکەم. چوون هەر دوێنێ بەڵێنی کاریان پێ داوم. دەمەوێت کاری ئاشپەزی بکەم. چون کی هەر لەخۆوەو لەنێوو ئەو ئاپارتمانەدا، ئارەزوو بەو کارە دەکەم.

هەر ئێسیتا دەڕۆم. دەڕۆم و کار دەکەم، بەڵام شتێك کەلێی دڵنیانیم، شتێك کە نیگەرانم دەکات، ئەوەیە داخـوا ئەم ژیانەی ئەمێستام خەیاڵاتە، یاخود هەقیقەت. نازانم هەر بەڕاستی دەژیم یان خەیــاڵ دەکەمەوە. پێدەچێت ڕاسـت بێت. پێدەچێت بە ڕاستی لەنێوو پاریسدا بم. دڵنیانیم! ئەوەتا! دیسانەوە دەنگەکە گازم دەکات، بانگم دەکات و لێ ناگەڕێ...!؟

تەواو

.

.

.